# چاودێری کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

# ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی

# 5

ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی

بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED)

2025

## پێڕستی ناوەڕۆك


**پێشەکی: ................................................................................................. 1**

**یەکەم/ ئامانجەکانی ئەم ڕاپۆرتە ................................................................... 1**

**دووەم/ میتۆدەکانی ڕاپۆرت............................................................................. 2**

**سێیەم/ ڕەچاوکردنی لایەنە ئاکارییەکان.............................................................. 3**

**باسی یەکەم: کێشە و گرفتەکانی ڕاپۆرت............................................................... 4**

**تەوەرەی یەکەم/ گرفتەکانی تایبەت بە دەرمان لە هەرێمی کوردستان................................. 4**

**تەوەرەی دووەم/ پێدانی تاقیگەکانی کەرتی گشتی بە کەرتی تایبەت ( گرێبەستی ژمارە 8 .......... 15**

**تەوەرەی سێیەم/ گرفتەکانی دەزگای تەندروستی پێشمەرگە: ............................................ 19**

**تەوەرەی چوارەم/ ناوبانگی خراپی هەرێمی کوردستان لە بێ بەرهەمی پارمەتیە تەندروستیەکان .... 23**

**باسی دووەم/ بەردەوامی گرفتە تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستان............................... 24**

**تەوەرەی یەکەم/ سیستەمی تەندروستی کەرتی گشتی...................................................... 25**

**تەوەرەی دووەم/ سیمی پرایڤد - نیمچە تایبەت........................................................ 34**

**تەوەرەی سێیەم/ کلینکە پزیشکیە ئێوارانەکان.......................................................... 41**

**تەوەرەی چوارەم/ نەخۆشخانە تایبەتەکان ( ئەهلیەکان) ................................................ 44**

**تەوەرەی پێنجەم/ نۆرینەگەکان ......................................................................... 49**

**تەوەرەی شەشەم/ سەنتەرەکانی جوانکاری لە هەرێمی کوردستان: ...................................... 50**

**تەوەرەی حەوتەم/ مەترسی بڵاوبونەوەی نەخۆشی ئایدز لە هەرێمی کوردستان:- ..................... 62**

**باسی سێیەم / شیکاریی زانستی بۆ سیستەمی تەندروستیی هەرێمی کوردستان و بەراورد کردنی لەگەڵ بنەماکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و سیستەمی تەندروستی وڵاتانی پێشکەوتوو ............... 63**

**تەوەری یەکەم/ بەراوردکاریی دۆخی بازرگانی دەرمان لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکاندا .......... 63**

**تەوەرەی دوەم / شیکاری زانستی و بەراوردکاریی ( کەرتی گشتی) تەندروستیی هەرێم ............... 67**

**تەوەرەی سێیەم / شیکاری زانستی و بەراوردکاری (کەرتی تایبەتی) تەندروستی لە هەرێمی کوردس.. 76**

**تەوەرەی چوارەم/ شیکاریی زانستی و بەراوردکاریی بۆ مەترسیی بڵاوبوونەوەی ئایدز و ............. 82**

تەوەرەی پێنجەم/ لاوازبوونی پارێزگای سلێمانی لە روی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە.............. 88
باسی چوارەم/ دیداریی گفتوگۆیی:................................................. 94
دیداری یەکەم/ پرسی ئاراستە کردنی نەخۆش لە کەرتی گشتی تەندروستیەوە بۆ کەرتی تایبەت..... 94
دیداری دووەم/ پرسی گرفتەکانی دەرمان لەنەخۆشخانە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان........... 103
یەکەم:- ڕاسپاردەکان لە بواری دەرمان و کوالێتییەکەی...................................... 108
دووەم: ڕاسپاردەکان لە بواری ڕێکخستنەوەی کەرتی گشتی.................................... 109
سێیەم: ڕاسپاردەکان لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و دەستێوەردانی حیزبی............... 110
چوارەم: ڕاسپاردەکان لە بواری ڕێکخستنی کەرتی تایبەت و سیمی-پرایڤێت....................... 110
پێنجەم:- ڕاسپاردەکان لە بواری سەنتەرەکانی جوانکاری و مەترسییەکان.......................... 111
شەشەم:- ڕاسپاردەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە تایبەتەکان ...................................... 111
ستافی ئامادەکار.......................................................................... 112

# چاودێری کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

# ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی( ژمارە 5)

**پێشەکی:**

بۆ ساڵی پێنجەم لەسەر یەکە ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی پێنجەمین راپۆرتی خۆی لەسەر رەوشی تەندروستی هەرێمی کوردستان لە روی بەرێوەبردنەوە، بلاو دەکاتەوە، راپۆرتەکانی سالآنی رابردووی رێکخراوی ئاران بوون بە جێگای سەرنجی میدیا و دامودەزگاکانی حکومەت، ئەوەش لەبەر ئەوەی زانیاری و ئاماری وردی لەبارەی کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان لە خۆ گرتبوو، کە پێشتر میدیا پەی پێ نەبردوو، راپۆرتی ژمارە چوار، کە ساڵی رابردوو بلاوکرایەوە، زیاتر لە (100) راپۆرتی رۆژنامەوانی و دەیان پرۆگرامی میدیایی لەسەر کرا، ئەوەش گرنگی ناوەرۆکی راپۆرتەکە دەر دەخات لەبارەی کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستانەوە.

ئەم راپۆرتە کە پێنجەمین راپۆرتی بنکولکاری رێکخراوی ئارانە لەسەر سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان چەندین زانیاری نوێ و گرنگی دەربارەی کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان لە خۆ دەگرێت، هەروەها شیکارییەکی زانستی کردوە بۆ سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان و بە بنەماکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانیی WHO و ولاتانی پێشکەوتوو بەراوردی کردوە کە خاوەن سیستەمی تەندروستی باشن.

**یەکەم/ ئامانجەکانی ئەم ڕاپۆرتە**

ئەم ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییە چەند ئامانجێکی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە:-

**یەکەم**:- خستنەڕووی وێنەیەکی ڕاستەقینەو پێشکەشکردنی داتا و ئاماری ورد و بابەتییانە لەسەر دۆخی ئێستای کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، بە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتەوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە داتای فەرمیدا هەیە.

**دووەم**:- ئاشکراکردنی کێشەکان **و** دەرخستنی کێشە بنەڕەتییەکان وەك گەندەڵی، دەستێوەردانی حیزبی و قۆرخکاری لە بازاڕی دەرمان و گرێبەستە گشتییەکاندا، کە بوونەتە هۆی پاشەکشەی کەرتی گشتی.

**سێیەم**:- بەراوردکارییوشیکردنەوەی زانستی بۆ سیستەمی تەندروستی هەرێم و بەراوردکردنی لەگەڵ ستاندارده جیهانییەکانی (WHO) و سیستەمی وڵاتانی پێشکەوتوو، بۆ دیاریکردنی کەلێن و دواکەوتنەکان.

**چوارەم**:- پێوانەکردنی بارگرانی بارگرانی لەسەر هاووڵاتیانودەرخستنی ئەو بارگرانییە داراییە قورسەی کە بەهۆی پاشەکشەی کەرتی گشتی و گەشەی بازاڕی تەندروستییەوە کەوتووەتە سەر شانی هاووڵاتیان.

**پێنجەم**:- وروژاندنی مەترسییەکان و داڕشتنی نەخشەڕێگا لەبارەی مەترسییە شاراوەکانی سەر تەندروستی گشتی وەك دەرمانی بێ کوالێتی و نەخۆشییە گوازراوەکان و لە کۆتاییدا پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی کرداری وەك نەخشەڕێگایەك بۆ چاکسازی و باشترکردنی سیستەمەکە.

**دووەم/ میتۆدەکانی ڕاپۆرت**

ئەم ڕاپۆرتە پشتبەستووە بە میتۆدی تێکەڵاو ، کە تێیدا میتۆدی وەسفیی شیکاری کرۆکی کارەکەیە و لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتای چۆنایەتی و چەندایەتی وێنەیەکی گشتگیر و قووڵ لەسەر کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو.

**میتۆدە بەکارهاتووەکان**:-

- **میتۆد و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**
  - **چاوپێکەوتن**:- چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێك لایەنی جۆراوجۆردا ئەنجامدراوە، لەوانە:-
    - بەرپرسانی باڵا لە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان.
    - پزیشکانی پسپۆڕ، دەرمانسازان و کارمەندانی تەندروستی.
    - بازرگانانی دەرمان و خاوەن کۆمپانیاکان.
    - قوربانیان و کەسوکاری نەخۆشەکان.
    - چالاکوانانی مەدەنی و شارەزایانی بواری تەندروستی.
  - **دیداری گفتوگۆیی**:- دوو دیداری فراوانی گفتوگۆیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان (بەرپرسان، پەرلەمانتاران، پسپۆڕان، میدیاکاران و قوربانیان) ڕێکخراوە. ئەم دیدارانە بەکارهاتوون بۆ خستنەڕووی داتا سەرەتاییەکان و وەرگرتنی بۆچوونی جیاواز، پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان و داڕشتنی ڕاسپاردەی کرداریی.

- **تێبینیی مەیدانی :-** تیمی ئامادەکار سەردانی مەیدانیی دەیان نەخۆشخانە، بنکەی تەندروستی، دەرمانخانە و سەنتەری تایبەتیان کردووە بۆ تێبینی کردنی ڕاستەوخۆی دۆخەکە و شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

## 2- میتۆدی کارکردن:-

- ڕووپێویی مەیدانی :- ڕووپێوییەکی گشتگیر بۆ ئاماری دامەزراوە تەندروستییەکان (نەخۆشخانە، بنکە، مەڵبەند) ئەنجامدراوە بۆ بەدەستهێنانی ئامارێکی ورد و سەربەخۆ، کە دواتر لەگەڵ ئامارە فەرمییە جیاوازەکاندا بەراورد کراوە.
- شیکردنەوەی ئاماری و داتا:- کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای ژمارەیی لەسەر چەندین بابەتی گرنگ وەك: قەبارەی بازرگانی دەرمان و ڕێژەی دابینکردنی لە کەرتی گشتی و تایبەتو ژمارەی حاڵەتەکانی کڕینی دەرمان و تێچووی دارایی لەسەر هاووڵاتیان و ژمارەی نەشتەرگەرییەکان، بێدی نەخۆش و کارمەندان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت و ڕێژەی سەردانیکاران بۆ کلینیك، نۆرینگە و سەنتەرەکانی جوانکاری.

## 3- پێداچوونەوەی بەڵگەنامەیی

- **شیکردنەوەی بەڵگەنامە فەرمییەکان:-** پێداچوونەوە کراوە بە یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، دەستوور و گرێبەستە حکومییەکان (وەك گرێبەستی ژمارە 8) و بڕیارە وەزارییەکان، هەروەها سوود لە چەندین نووسراوی نهێنی وەرگیراوە بۆ تێگەیشتن لە پرۆسە شاراوەکان.
- **شیکردنەوەی بەراوردکاری:-** سیستەمی تەندروستیی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سیستەماتیك لەگەڵ ستاندارد و بنەماکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) و سیستەمی تەندروستی وڵاتانی پێشکەوتوو بەراورد کراوە بۆئەوەی بزانرێت سیستەمی تەندروستی هەرێم لە چی ئاستێکدایە.

## سێیەم/ ڕەچاوکردنی لایەنە ئاکارییەکان

لە تەواوی قۆناغەکانی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەدا، پارێزگاری لە نهێنیی سەرچاوەکان و ئەو کەسانە کراوە کە زانیاریی هەستیاریان لێ وەرگیراوە، بەتایبەت لە بابەتەکانی پەیوەست بە گەندەڵی و دەستێوەردانی حیزبی، هەروەها ڕەزامەندیی زارەکی لەو کەسانە وەرگیراوە کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە.

## باسی یەکەم: کێشە و گرفتەکانی ڕاپۆرت

### تەوەرەی یەکەم/ گرفتەکانی تایبەت بە دەرمان لە هەرێمی کوردستان

**یەکەم/ گرفتی کوالیتی دەرمان.**

تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە بەدواداچوونی وردی کردوە لەسەر پرسی کێشەی دەرمان لە هەرێمی کوردستان، کە دوای زیاتر لە شەش مانگ بنکۆڵکاری و سەردانی دەرمانخانەکان و قسە کردن لەگەڵ بازرگانان و کەسانی شارەزای بوارەکە گەیشت بە چەند راستیەکی مەترسیدار و لێرەدا دەخرێنە روو:-

- هەرێمی کوردستان و عێراق بوون بە شوێنی ساغکردنەوەی دەرمانی ساختەو کوالیتی نزم.
- وڵاتانی چین و هندستان سەرچاوەی سەرەکی هێنانی دەرمانی ساختە و ماددەی بنەرتی کوالیتی نزمی دروستکردنی دەرمانن.
- لە چین هەزاران کۆمپانیای ساختە هەن کە لە حکومەتی چین تۆمار نەکراون و دەرمان یان ماددە بنەڕەتیەکە دروست دەکەن و رەوانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەرست و ئەفریقای دەکەن.
- عێراقوهەرێمی کوردستان، یەمەن و ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەفریقا شوێنی ساغکردنەوەی ئەو دەرمانانەن.
- لە ئێران و لوبنان و شارەکانی عێراق بە تێوەگلانی میلیشیای حیزبوڵا و میلیشیا ناوبانگ خراپەکان دەرمان ساختە دەکرێت و رەوانەی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

بەشێکی زۆر لەو دەرمانانەی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا دەفرۆشرێن، شوێنی دروستکردنیان وڵاتەکانی بیلاروسیا و ئەرجەنتین و سوریا نوسراوە، سەرەڕای ئەوەی شاری حەلەب لە سوریا لە جەنگی ناوخۆیی سوریادا وێران بوو، کە هیچ دامەزراوەیەکی تیدا نەما و تا ئێستاش بارودۆخی ئاسایی نەبۆتەوە، بەڵام چەندین جۆر دەرمان بەناوی کارگەی دەرمانی حەلەبەوە لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا دەفرۆشرێن.

لە بنەڕەتدا هەموو ئەو دەرمانانە دروستکراوی وڵاتی چین و چەند شوێنێکی دیکەن و بە ناوی ساختەوە لە هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێن

بازرگانی دەرمان لە هەرێمی لە کوردستان بابەتێکی مرۆیی زانستی گرنگەوە گۆراوە بۆ سەرچاوەی پەیداکردنی پارە بۆ حیزب.

**1- ئاماری بەدەستهێنانی دەرمان لەلایەن هاووڵاتیان (کەرتی گشتی و تایبەت) .**

**لە هەرێمی کوردستاندا هاووڵاتیان لەسەر دوو بنەما دەرمان بەدەست دەهێنن یان دەیکڕن، بنەمای یەکەم ڕەچەتەی پزیشکە، بنەمای دووەم لەسەر خواستی خۆیان و بێ ڕاوێژکردنە بە پزیشك، بەشێك لە هاووڵاتیان بەشێوەیەکی خۆ ویست یان هەستکردن بەوەی خۆی شتێك شارەزایی هەیەو دەزانێت تووشی چی نەخۆشییەك بووە، سەردانی دەرمانخانەیەك دەکات و هاوشێوەی کاڵایەکی ئاسایی بڕێك دەرمان دەکرێت کە خۆی ناوەکەی دەزانێت.**

## 2- سەرچاوەکانی دەستکەوتنی دەرمان:-

**هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە دوو سەرچاوەی سەرەکییەوە دەتوانن دەرمانیان دەستبکەوێت و بیکڕن، سەرچاوەی یەکەم نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکانی کەرتی گشتیە، سەرچاوەی دووەم دەرمانخانەکانی کەرتی تایبەتە، بەشی هەرە زۆری هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە سەرچاوەی دووەمەوە دەرمانیان دەست دەکەوێت و دەیکڕن کە کەرتی تایبەتە، لێرەدا ئاماری وردی ڕێژەی دەستکەوتنی دەرمان لە کەرتەکانی گشتی و تایبەت دەخەینە ڕوو:-**

**بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی تیمی ئامادەکاری ئەم ڕاپۆرتە کردویانە، هەروەها بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ژمارە چواریش هەمان بەدواداچونیان کرد، ئەوە دەرکەوت، 96% هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی پێویستیان بە چارەسەرە لە کەرتی تایبەت دەرمان دەکڕن، تەنیا 4% هاووڵاتیان دەتوانن سودمەندی خزمەتگوزاری دابینکردنی دەرمان ببن لە کەرتی گشتی، ئەوەش دەرمانی هەرزان بەهاو بۆ چارەسەری زۆر سەرەتایی، ئەمە کۆی ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەیە کە بەمەستی چارەسەر ڕوو لە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دەکەن، هەروەها هەر بەپێی بەدواداچوونەکان، 97% ئەو هاووڵاتیانەی سەردانی نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی دەکەن، ناچارن پاش نوسینی ڕەچەتەی دەرمان لەلایەن پزیشکی کەرتی گشتیەوە لە دەرەوەو لە کەرتی تایبەت دەرمان بکڕن، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە تەنیا 3% ئەو هاووڵاتیانەی سەردانی نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی دەکەن دەتوانن لە ناو هەممان نەخۆشخانەی کەرتی گشتی دەرمانی پێویستیان دەست بکەوێت.**

## 3- ڕێگە و شێوازەکانی کڕینی دەرمان :-

**حاڵەتی دەرمان کڕین بە مانای ئەوە دێت کە هاووڵاتیەك لەسەر بنەمای ڕەچەتەیەکی پزیشکی یان بە ویستی خۆی سەردانی دەرمانخانەیەك بکات و بڕێك دەرمان بکرێت، تیمەکانی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هەروەها ڕاپۆرتی پێشوو بەدواداچوونی وردیان کرد بۆ ئەوەی ژمارەی حاڵەتەکانی کڕینی دەرمانیان بۆ دەر بکەوێت و لە ئەنجامدا دوای بەدواداچونێکی ورد گەیشتن بەوەی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان (3,500,000) سێ ملیۆن و پێنجسەد هەزار حاڵەتی کڕینی دەرمان لە کەرتی تایبەت هەیە، لەسەرەتای**

ساڵی 2020 وە تا کۆتایی ساڵی 2024 زیاتر لە (17,500,000) حەڤدە ملیۆن و پێنسەد هەزار حاڵەتی کڕینی دەرمان لە دەرمانخانەکانی کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان هەبوە. هەرێمی کوردستان بە تەنیا 25٪ دەرمانی کۆی عێراق هاوردە دەکات و قەبارەی بازرگانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان، ساڵانە (1,200,000,000) یەك ملیار و دووسەد ملیۆن دۆلارە.

**دووەم/ دەرمانی ساختە و کوالیتی نزم ( وڵاتی چین وەك سەرچاوەی سەرەکی)**

**وڵاتی چین یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی دەرمانی ساختە، دەرمانی کوالیتی نزم و هەروەها مادده بنەڕەتییە چالاکەکانی دەرمان (APIs - Active Pharmaceutical Ingredients)ی ژێر ستاندارد. بەپێی بەدواداچونەکانی تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە زۆرێك لەو دەرمانانەی لەژێر ناوی وڵاتانی تردا دێنە بازاڕەکانی هەرێمەوە، لە بنەڕەتدا لە وڵاتی چین بەرهەم دەهێنرێن. چەندین هۆکار ڕۆڵیان هەیە لەوەی چین ئەم پێگەیەی هەبێت لە بازاڕی جیهانی دەرمانی نایاساییدا:**

1. **قەبارەی گەورەی پیشەسازی کیمیایی و دەرمانسازی:**

- **چین یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی ماددەی کیمیایی و دەرمانسازی لە جیهاندا. ئەم قەبارە گەورەیە، لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای بچووك و مامناوەند، دەرفەتی بۆ بەرهەمهێنانی نایاسایی و ژێر ستاندارد رەخساندوە.**
- **ئاسانی دەستکەوتنی مادده سەرەتاییەکان و تەکنەلۆژیای پێویست بۆ دروستکردنی دەرمان، تەنانەت بۆ ئەو لایەنانەی کە مۆڵەتی فەرمییان نییە.**

2. **تۆڕی بەرفراوانی هەناردەکردن و لۆجستی:**

**چین خاوەنی تۆڕێکی جیهانی بەرفراوانە بۆ هەناردەکردن، کە ئەمەش کارئاسانی دەکات بۆ گواستنەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانە بۆ بازاڕە جیاوازەکانی جیهان، بەتایبەت ئەو بازاڕانەی کە سیستمی چاودێرییان لاوازە.**

❖ **بوونی ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای ساختە و تۆمارنەکراو**

**بەپێی داتاکان تەنیا لە ساڵی 2007دا (23،000) کۆمپانیای دوور لە چاودێری لە بواری دروستکردنی دەرمان و کەرەستەی پزیشکیدا لە وڵاتی چین دیاری کراون، کە (3000) کۆمپانیا لەوانە**

کۆمپانیای گەورەو (6000) کۆمپانیای مامناوەند و (14،000) کۆمپانیای تایبەت بە دابەشکردن و هەناردە کردن بوون، ئەم کۆمپانیایانە لە ناوەوەی چین ڕێگەیان پێنادرێت هیچ بەرهەمێك ساغ بکەنەوە بەڵکوو تەواوی بەرهەمەکانیان هەناردەی دەرەوە دەکەن، عێراق و یەمەن و هەندێك وڵاتی دیکەی ئەفریقی کڕیاری سەرەکی ئەم دەرمانانەن.

❖ **ئەم کۆمپانیایانە بەمجۆرە پۆلێن دەکرێن:-**

- **تۆمارنەکراون :**واتە بەشێوەیەکی یاسایی بوونیان نییە و پابەندی هیچ ستانداردێکی کوالیتی یان سەلامەتی نین.
- **بەرهەمهێنانی دەرمانی ساختە یان ماددەی بنەڕەتی کوالیتی نزم :**ئەمانە یان دەرمانی تەواوکراو بە شێوەیەکی ساختە (بۆ نموونە، بەکارهێنانی پێکهاتەی هەڵە، کەمکردنەوەی ماددەی چالاك، یان بەکارهێنانی ماددەی زیانبەخش) دروست دەکەن، یان ماددەی بنەڕەتی(API) ی کوالیتی نزم بەرهەم دەهێنن کە دواتر لەلایەن کارگە یان تاقیگەی نهێنی لە وڵاتانی تردا بەکاردەهێنرێن بۆ دروستکردنی دەرمان.
- **بازاڕی ئامانج :**بەرهەمەکانی ئەم کۆمپانیا نافەرمیانە بەشێوەیەکی سەرەکی ڕەوانەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقا و هەندێك ناوچەی تری جیهان دەکرێن کە سیستمی چاودێری تەندروستی و گومرکییان لاوازە و توانای دۆزینەوە و ڕێگریکردن لەم جۆرە کاڵایانەیان سنوردارە یان بەمەبەست و لە پێناو دەستکەوتنی داهات و بەهۆی گەندەڵیەوە ڕێگری لێ ناکەن.

❖ **شێوازی کارکردنی کۆمپانیاکان:-**

ئەم کۆمپانیا نافەرمیانە زۆرجار پشت بە تۆڕی نێوەندکار و قاچاخچییەکان دەبەستن بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان. ئەوان هەندێك جار سوود لە پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان وەردەگرن بۆ دۆزینەوەی کڕیار یان خۆیان وەك دابینکەری یاسایی پیشان بدەن، زۆرجاریش کڕیارەکان لە وڵاتەکانی دیکەوە کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا سەردانی چین دەکەن و لەوێ یەك دەبینن و ڕێککەوتن لەسەر کڕینی دەرمانەکان دەکەن.

❖ **مەترسییەکان**

بوونی ئەم ژمارە زۆرەی کۆمپانیا ساختانە و توانایان بۆ بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی دەرمانی زیانبەخش، هەڕەشەیەکی جیددییە بۆ سەر تەندروستی گشتی لەسەر ئاستی جیهان، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە دەبنە قوربانی ئەم بازرگانییە.

- **عێراق، هەرێمی کوردستان، یەمەن و وڵاتانی ئەفریقا وەك بازاڕی سەرەکی دەرمانی ساختە و کوالیتی نزم:**

دیاردەی ساغکردنەوەی دەرمانی ساختە و کوالیتی نزم تەنها تایبەت نییە بە ناوچەیەك، بەڵکو کێشەیەکی جیهانییە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك وڵات و ناوچە بە هۆکاری بوونی گەندەڵی ودەستوەردانی حیزبی زیاتربوون بەئامانجی تۆڕەکانی بازرگانی ئەم جۆرە دەرمانانە. لەنێو ئەم ناوچانەدا، عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، یەمەن و ژمارەیەك لە وڵاتانی ئەفریقا دیارترینیانن.

❖ **ئەنجامەکان**

ئەم دۆخە لە هەموو ئەم ناوچانەدا بوەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی نەخۆشی، مردن، لەدەستدانی متمانە بە سیستمی تەندروستی و بارگرانییەکی ئابووری گەورە لەسەر هاوڵاتیان و حکومەتەکان.

3- **ساختەکاری لە ناونیشانی وڵاتی بەرهەمهێنەر، نموونەی دەرمانی بیلاروسیا، ئەرجەنتین و سوریا (حەلەب) لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا**

یەکێك لە شێوازە باوەکانی ساختەکاری لە بواری دەرماندا، گۆڕین و نووسینی ناوی وڵاتێکی بەرهەمهێنەری جیاوازە لەوەی کە لە ڕاستیدا دەرمانەکەی لێوە هاتووە یان تێیدا دروستکراوە. ئەم کارە بە چەند مەبەستێك ئەنجام دەدرێت، لەوانە خۆدزینەوە لە پشکنینە توندەکان کە بۆ هەندێك وڵاتی دیاریکراو هەیە، یان بۆ بەدەستهێنانی متمانەی کڕیار بە پیشاندانی وڵاتێك کە پێشینەیەکی باشی لە بواری دەرمانسازیدا هەیە.

➢ **دیاردەی دەرمانی بیلاروسی، ئەرجەنتینی و سوری لە هەرێم:-**

لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا، دیاردەیەکی بەرچاو بوونی هەیە کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە دەرمانەکان لەسەر پاکەت و لەفلێتەکانیان ناوی وڵاتانی وەك بیلاروسیا، ئەرجەنتین و سوریا وەك وڵاتی بەرهەمهێنەر نووسراوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم وڵاتانە وڵاتی پیشەسازی گەورەی بواری دەرمان نین و ئەو توانا گەورەیەیان نیە کە دەرمان هەناردە بکەن کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا زیاتر شیکراوەتەوە:

- **بیلاروسیا و ئەرجەنتین** :هەرچەندە ئەم دوو وڵاتە پیشەسازی دەرمانیان هەیە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو قەبارە زۆر و جۆراوجۆرەی دەرمان کە بەناوی ئەوانەوە دێتە بازاڕەکانی هەرێمەوە، بەڕاستی لەوێ بەرهەم دێت یان ناوی ئەو وڵاتانە تەنها وەك بەرگێك بەکارهاتووە؟ ئایا میکانیزمێکی

ورد هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم دەرمانانە بەڕاستی لە کارگە باوەڕپێکراوەکانی ئەو وڵاتانەوە هاتوون؟

- **شاری حەلەب لە سوریا وەك بەڵگەیەکی ئاشکرا**

شاری حەلەب، کە پێشتر یەکێك بوو لە ناوەندە پیشەسازی و ئابوورییەکانی سوریا و خاوەنی چەندین کارگەی دەرمانسازی بوو، بەهۆی جەنگی ناوخۆیی سوریاوە (بەتایبەت لە ساڵانی 2012-2016) تووشی وێرانکارییەکی گەورە بوو. زۆربەی ژێرخانی ئابووری و پیشەسازییەکەی، لەنێویاندا کارگەکانی دەرمان، یان بەتەواوی لەناوچوون یان لەکارکەوتن، سەرەڕای ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە، تا ئێستاش لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا چەندین جۆر دەرمان دەبینرێت کە لەسەری نووسراوە شوێنی دروست کردن حەلەب- سوریا یان بەناوی کارگەیەکی دیاریکراوی حەلەبەوەیە، ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کە ناوی حەلەب تەنها بۆ چەواشەکاری و فریودانی کڕیار و ڕەنگە لایەنە چاودێرەکان بەکاردەهێنرێت.

➢ **شێوازەکانی ساختەکاری:-**

- کۆمپانیا یان تۆڕە نافەرمییەکان لە چین دەرمانەکان بە کوالیتی نزم بەرهەم دەهێنن.
- دواتر، پاکەت و لەفلێتی ساختە بە ناوی وڵات و کۆمپانیای ساختەوە یان ناوی کۆمپانیایەکی ڕاستەقینە بەبێ ئاگاداری ئەوان چاپ دەکرێت.
- هەندێکجار، پرۆسەی پاکەتکردن و گۆڕینی بەرگەکە لە وڵاتێکی سێیەمدا ئەنجام دەدرێت پێش ئەوەی بگاتە عێراق و هەرێمی کوردستان.

4- **تێوەگلانی حیزبوڵای لوبنان و میلیشیا عێراقیەکان لە بازرگانی دەرمانی ساختە لە عێراق و هەرێمی کوردستان:-**

❖ **حیزبوڵای لوبنان:-**

بەپێی ئەو زانیاریە وردانەی دەست تیمەکانی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەکەوتوون، گروپە میلیشیا ناوبانگ خراپەکان، لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە بازرگانی دەرمانی ساختە لە هەرێمی کوردستان تێوەگلاون، لە سەرەکیترینیان گروپی حیزبوڵای لوبنانیە، ئەم گروپە کە هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوەی هەموجۆری پەیداکردنی پارەدایە، ساختەکردنی براندە ناودارەکانی دەرمانی وەك یەکێك لە رێگاکانی پەیدا کردنی پارە گرتۆتە بەر، ئەم گروپە لە گەرمەی قەیرانەکانی سوریادا و لە شاری حەلەب، دەستی بەسەر ژمارەیەکی زۆر ئامێری دروستکردنی دەرمان و تەکنەلۆژیان دەرماندا گرتوەو گواستویەتیەوە بۆ لوبنان، لەوی بە وردی کاریان لەسەر کردوەو چەندین براندی ناودرای دەرمانیان ساختە کردوە، کە دوای دروستکردنی هەناردەی وڵاتانی ناوچەکە کراون، کە عێراق و هەرێمی کوردستان

لەو ناوچانەن برِێکی یەکجار زۆر دەرمان لەو دەرمانەی حیزبولاَّی بۆ نێردراوەو قاچاخچیەکانی هەرێم و عێراق دەستیان لەگەڵ باندەکانی سەر بە ئەو گروپە تێکەڵکردوەو و دەرمانە ساختەکانیان هاوردەی هەرێمی کوردستان کردوە، ئەم کارە مەترسیەکی یەکجار گەورەی لەسەر هاوولاَّتیانی هەرێمی کوردستان دروستکردوە، چونکە هیچ کام لەو دەرمانە ئۆرجینالّ و براند نین و هیچ پێوەرێکی زانستی لەدروست کردنیاندا رەچاو نەکراوە، لەکاتێکدا لەناو هەرێمی کوردستان بە نرخی ئۆرجینالّ و براند و بە هەمان نیەت دەرفرۆشرێن.

❖ **میلیشیا عێراقیەکان:-**

**تیمەکانی ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە توانییان بگەن بەو زانیاریانەی کە گروپی ملیشیایی لە کەرکوك کە نزیکن لە حکومەتی ناوەندەوە، نەك دەرمانی ساختە دروست دەکەن و رەوانەی بازارەکانی عێراق و هەرێمی دەکەن، بەڵکو دەستیان بردوە بۆ ساختەکردنی ستیکەری وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان کە تایبەتە بە دەرمان، ئەم گروپە میلیشیایە، کە دەتوانن شوێنی گونجاو بۆ ئەو کارە دابین بکەن و هیچ هێزێکی ئەمنی و دەزگایەکی چاودێری نەتوانێت بیپشکنێت، بە ئاسانی لاسایی براندەکانی دەرمان بکەنەوەو لەسەری دروست بکەن و دواتر بە رێگای خۆیان و بەکار هێنانی دەسەلاَّت و متمانەیان لە خاڵەکانی پشکنین دەرمانەکان ئاراستەی بازارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بکەن و ساغی بکەنەوە، ئامانجی سەرەکی ئەم گروپانە دەستکەونی پارە و زیان گەیاندنە بە ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان، لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر قاچاخچی لەم کەیسە گلاون و لەبەر ئەوەی پشتیوانیان هەیە تا ئێستا بەردەوامن لەکارەکەیان. ئەم گروپانە دەرمانە هەرە گران بەها و هەستیارەکانی شێرپەنجە ساختە دەکەن، تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە توانی وێنەی چەندین دەرمان ببینێت کە لەلایەن حیزبولاَّی لوبنان و ملیشیا عێراقیەکانەوە ساختە کراوەو شوشەی دەرمانەکان لەگەڵ براندەکاندا لە قەبارەدا جیاوازیان زۆرە و پزیشکانی دەرمانساز بە ئاسانی هەستی پێ دەکەن، کۆمپانیا گەورەکانی بواری دەرمان کە حسابی وردی زانستی بۆ قەبارەی شوشەی دەرمانەکان دەکەن، مەحاڵە دوو شوشەی یەك دەرمان بە دوو قەبارەی جیاواز دروست بکەن، بەلاَّم لە هەرێمی کوردستان قەبارەی دوو شوشەی یەك براندی دەرمان کە لۆگۆی یەك کارگە و کۆمپانیایان لەسەرە قەبارەیان جیاوازە.**

- **سود بینین لە دۆخی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ دەربازکردنی دەرمانی ساختە:-** لە عێراق و هەرێمی کوردستان دۆخێکی سیاسی و کارگێری لەبار هەیە بۆ ئەوەی میلیشیا و قاچاخچیەکان بتوانن بە ئاسانی دەرمانەکان بگەیەننە بازاڕەکان، لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین رێنمایی جیاواز هەن لەبارەی هاوردەکردنی دەرمان و مامەڵەکردن پێوەی، چەندین کۆمپانیای جیاواز هەن کاری هاوردەکردنی دەرمان دەکەن و هەر یەکەو لە لایەك مۆڵەتی هەیە، کۆمپانیا هەیە لە هەردوولا مۆڵەتی هەیە، بەو هۆیەشەوە رێگەی

پێ دەدرێت یان دەتوانێت  دەرمانێك كە لەیەكێك لەو دوو حكومەتە رێگەی پێدراوە بگەیەنێت بە بازارەكانی تەواوی عێراق، ئەمەش هاوكارە بۆ ئەوەی لەو نێوانەدا دەرمانی ساختە ساغ بكرێتەوە، هەروەها لە هەرێمی كوردستان لە روی مامەڵە و بازرگانی دەرمانەوە دوو ئیدارەی راستەقینە هەیە و هیچ پەیوەندیەكیان بە یەكەوە نیە، ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموكراتی و كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان وەك دوو ناوچەی كارگێڕی تەواو جیاواز لە روی دەرمانەوە مامەڵە دەكەن، ئەمەش زەمینەی رەخساندوە بۆ قاچاخچیەكانی بواری دەرمان كە بتوانن ئازادانە تر ئەو كارە بكەن و دەستیان بگات بە بازارەكان.

- **گومان لە ساختەبوونی هەستیار ترین و گرانبەها ترین جۆری دەرمان لە هەرێمی كوردستان:-**
دەرمانی شێرپەنجە كە بە هەستیار ترین و گرانبەهاترین لە ناو دەرمانەكاندا هەژمار دەكرێت، لە هەرێمی كوردستان ئەو بڕە دەرمانەی لە دەرمانخانەكاندا بەردەستن بە پێی بەدواداچونەكانی تیمەكانی ئەم راپۆرتە 80% تا 90% لە كۆمپانیای سەرچاوە نادیارەوە هاوردەی هەرێمی كوردستان دەكرێن لە كاتێكدا ڕێژەی تۆماركردنی شێرپەنجە بەرزە و بازارێكی گەرمی ئەو جۆرە دەرمانە هەیە، حكومەتی هەرێمی كوردستان لە یەك كۆمپانیا دەرمانی شێرپەنجە دەكرێت، لەكاتێكدا پێشتر لە چەندین كۆمپانیا دەیكڕی و كۆمپانیاكان راستەوخۆ لەگەڵ كارگە باوەڕپێكراوەكانی دروستكردنی دەرماندا گرێبەستیان هەبوو، بەڵام لە ئێستادا ئەو كۆمپانیایەی دەرمانی شێرپەنجە دابین دەكات بەپێی زانیاریەكانی تیمی ئامادەكاریی ئەم راپۆرتە لەناوخۆی هەرێمی كوردستان لە دەستی دوو دەرمانەكان دەكرێتەوەو دواتر بە نرخی گرانتر دەیفرۆشێتەوە بە حكومەت، هەروەها حكومەت دەرمانی ئازار شكێنەكانی كە بەجۆری (opioid) ناسراون و بۆ ئازاری قورس بەكار دەهێندرێن و پزیشكان بۆ نەخۆشانی شێر پەنجە دەیاننوسن بۆ نەخۆشخانە حكومیەكان دابین ناكات، خەڵكی ناچارە لە دەرمانخانەكانی كەرتی تایبەت بیانكڕێت، كە گومان لە كوالیەتیەكەی هەیە و زۆر جار گلەیی لە كاریگەر نەبوونی دەكرێت، جگە لەمەش دەستكەوتنی ئەم جۆرە ئازارشكێنە دەبێتە هۆی دروستبوونی مەترسی كۆمەڵایەتی، كە رەنگە وەك بەكارهێنان لە بری ماددەی هۆشبەر سودی لێوەر بگیرێت، كە پێشتر چەندین حاڵەتی لەم جۆرە تۆماركراوە. لەو وڵاتانەی سیستەمی تەندروستی تۆكمەیان هەیە ئەم جۆرە دەرمانە تەنیا لە نەخۆشخانە حكومیەكان دەستدەكەون و رێگە نادرێت كەرتی تایبەت مامەڵەی پێوە بكات.

4- **هۆكارەكانی ئەم كارە:**

- **خۆدزینەوە لە ناوبانگی خراپی Made in China لە بواری كوالیتی هەندێك بەرهەمدا:-** بەكاربەران متمانەیان بە هەموو بەرهەمێكی چینی نییە، بۆیە گۆڕینی وڵاتی بەرهەمهێنەر یارمەتیدەرە لە ساغكردنەوەی كاڵاكە.
- **باشكردنی ناوبانگی دەرمانەكە و خۆدزینەوە لە پشكنین:-** پشكنین بۆ دەرمانێك كە گوایە لە ئەرجەنتینەوە هاتووە، هێندەی پشكنین بۆ دەرمانێك كە ڕاستەوخۆ لە چینەوە دێت، كەمتر توندەو گومانی كەمتر دەچێتە سەر، هەروەها لە ناو بازاڕ و لە كاتی فرۆشتن لە دەرمانخانەكان زیاتر رەواجی دەبێت و بەكارهێنەر كەمتر گومانی دەچێتە سەر و زووتر باوەر دەكات، ئەمە جگە لەوەی بە ئاسانی دەتوانرێت نرخی زیاتری بخریتە سەر و بەلای بەكارهێنەرەوە سەرنج راكێشتر بێت.

**سێیەم/ بازرگانی دەرمان لە خزمەتگوزارییەكی مرۆیی و زانستییەوە بۆ سەرچاوەی داهات بۆ حیزب**

دەرمان، لە بنەڕەتدا كاڵایەكی ستراتیژی و خزمەتگوزارییەكی مرۆییە كە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیان و تەندروستی هاوڵاتیانەوە، بەڕێوەبردن، هاوردەكردن، دابەشكردن و چاودێریكردنی دەبێت لەسەر بنەمای زانستی، پیشەیی و بەرژەوەندی گشتی بێت، بەڵام لە هەرێمی كوردستان ئەم كەرتە گرنگە تادێت لەم بنەما سەرەكیانە دوور دەكەوێتەوە و زیاتر دەبێتە ئامرازێك بۆ دەستكەوتی مادی و سیاسی بۆ هەندێك گرووپ و لایەنی حیزبی.

1- **چۆنیەتی گۆڕینی گرنگی بازرگانی دەرمان:**

❖ **قۆرخكاری و كۆنترۆڵكردنی بازاڕ لەلایەن كۆمپانیاكانی سەر بە حیزب یان كەسایەتییە نزیكەكان لە حیزبەوە:**

- حیزبە دەسەڵاتدارەكان، یان كەسایەتی باڵادەست لەناو حیزبەكاندا، لە ڕێگەی دامەزراندنی كۆمپانیای گەورەی هاوردەكردنی دەرمان یان پشتبەستن بە كۆمپانیای نزیك لە خۆیان، هەوڵیانداوە دەست بەسەر بەشێكی گەورەی بازاڕی دەرماندا بگرن.
- ئەم كۆمپانیایانە، بەهۆی پشتیوانی سیاسییەوە، ئاسانكاریی زیاتریان بۆ دەكرێت لە وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردەكردن، تێپەڕاندنی كاڵاكانیان لە خاڵە سنوورییەكان و تەنانەت بردنەوەی گرێبەستە حكومییەكان بۆ دابینكردنی دەرمان بۆ نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستییە گشتییەكان.
- كۆمپانیاكان تەنیا سەیری قازانج دەكەن و هەر ئەو دەرمانانە هاوردە دوكەن كە قازانجێكی زۆری هەیە، دەرمانی وا هەیە زیاتر لە بیست كۆمپانیا هاوردەی دەكات لەبەر ئەوەی قازانجی زۆرە،

دەرمانی واش هەیە هیچ کۆمپانیایەك ئامادە نیە هاوردەی بکات چونکە قازانجی کەمە، لەکاتێکدا هەردوو دۆری دەرمانەکە بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان پێویستن.

❖ **لاوازکردنی دامەزراوەکانی چاودێری و لێپرسینەوە**

- کاتێك بەرژەوەندی حیزبی زاڵ دەبێت، دامەزراوەکانی چاودێری وەك کۆنترۆڵی جۆری دەرمان (KMCA)و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر دەکەونە ژێر فشاری سیاسییەوە بۆ چاوپۆشیکردن لە هەندێك سەرپێچی یان ئاسانکاری بۆ کۆمپانیای دیاریکراو، ئەمەش بوەتە هۆی دابەزینی کوالیتی دەرمانی هاوردەکراو و زیادبوونی مەترسی لەسەر تەندروستی هاوڵاتیان، چونکە پێوەرە زانستی و پیشەییەکان فەرامۆش دەکرێن لەبەر خاتری بەرژەوەندییە تەسکەکان.

❖ **گەندەڵی و بەرتیل لە پرۆسەی هاوردەکردن و تۆمارکردنی دەرماندا**

- دەستێوەردانی حیزبی و بەرژەوەندی مادی بوەتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی لە پرۆسەی مۆڵەتدان بە هاوردەکردنی دەرمان و تۆمارکردنی جۆرە نوێیەکانی دەرمان.
- هەندێك کۆمپانیا ناچارن بەرتیل بدەن بۆ ئەوەی کارەکانیان بەڕێبکرێت، یان کۆمپانیای سەر بە لایەنی باڵادەست بەبێ پێڕەوکردنی ڕێکارەکان کارئاسانییان بۆ دەکرێت.

❖ **کاریگەری لەسەر نرخی دەرمان و دەستڕاگەیشتنی هاوڵاتیان:**

- قۆرخکاری بوەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی دەرمان، چونکە کێبڕکێی تەندروست لە بازاڕدا نەماوە.
- لەکاتێکدا ئامانجی سەرەکی دەبێتە قازانجی مادی بۆ لایەنی دیاریکراو، گرنگی کەمتر دەدرێت بە دابینکردنی دەرمانی پێویست و بە کوالیتی بە نرخێکی گونجاو بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

❖ **سەرچاوەی داهات بۆ چالاکییە حیزبییەکان:**

قازانجی دەستکەوتوو لەم بازرگانییەوە بەکاردەهێنرێت بۆ پارەدارکردنی چالاکییە حیزبییەکان، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، یان بۆ دەوڵەمەندبوونی کەسایەتییە دیاریکراوەکان، ئەمەش وای کردوە پاراستنی ئەم سەرچاوەی داهاتە ببێتە ئامانجێکی گرنگ بۆ ئەو لایەنانە، لە کاتێکدا لەسەر حیسابی تەندروستی گشتیە

2- **ئاکام و ئەو لێکەوتانەی بەهۆی ئەم دیاردانەوە ئێستا دەیبینین:-**

- لەدەستدانی متمانەی هاوڵاتیان بە تەواوی کەرتی تەندروستی.
- زیادبوونی مەترسی لەسەر ژیانی خەڵك بەهۆی دەرمانی بێکوالیتی و ساختەوە.
- پەرەسەندنی گەندەڵی و لاوازبوونی حکومڕانی باش.
- نائارامی کۆمەڵایەتی کاتێك خەڵك هەست بکات تەندروستییان کراوەتە قوربانی بەرژەوەندی حیزبی.

## 3- خراپبوونی ناوبانگی عێراق و هەرێمی کوردستان لە روی دەرمانەوە

بە هۆی دەستوەردانی سیاسی و حیزبی و سەیرکردنی مامەڵەی دەرمان لەلایەن بەرپرسانی حیزبی و دەست رۆیشتوەکانەوە وەك کاڵایەکی بازرگانی و بەکارهێنانی بۆ قازانج و دەستکەوتنی پارە، عێراق و هەرێمی کوردستان بوون بە خاوەنی ناوبانگێکی زۆر خراپ لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتانی دەوروبەر، تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە دوو حاڵەتی تۆمارکردوە کە ناوبانگی خراپی عێراق و هەرێمی کوردستان نیشان دەدات بەم جۆرە:-

**حاڵەتی یەکەم**:- لەسەرکار لادانی وەزیری تەندروستی لیبیا لەسەر کڕینی دەرمان لە عێراق:- ساڵی 2022 وەزیری تەندروستی لیبیا گرێبەستی کڕینی یەك بارهەڵگر دەرمانی شێرپەنجە لە عێراق واژۆ دەکات مانگی ئازاری ساڵی 2025 دەرمانەکە دەگاتە لیبیا و  لە نەخۆشخانە حکومیەکانی ئەو وڵاتە بەکاردەهێنرێت، ئەمە دەنگدانەوەیەکی گەورە لەناو چالاکوانان و میدیاکانی لیبیادا بڵاو دەکاتەوەو نارەزایەتیەکەی گەورەی لێدەکەوێتەوە، چەندین کەمپینی گەورە دژ بەو کارەی وەزیری تەندروستی لیبیا دروست دەکرێت و داوای لەسەر کار لادانی دەکەن و بە گەندەڵیەکی گەورەو دروستکردنی مەترسی لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی لیبیا هەژماری دەکەن، چالاکوانانی لیبیا دەڵێن کە عێراق هەموو ساڵێك بە گەندەڵترین وڵاتی جیهان دەناسرێت و ئەو دەرمانەی عێراق بە لیبیای فرۆشتوە، عێراق خۆی لە شوێنی دیکە کڕیوێتی و گرێبەستەکانی کڕینی دەرمان لە لایەن عێراقەوە جێگای گومانن و ئەم بارهەڵگرە یەکەم هەناردەی دەرمانە لە مێژوی عێراقدا بۆیە دەبێت لێپرسینەوە لە وەزیری تەندروستی لیبیا بکرێت، کەمپینەکان فشارێکی زۆر دەکەن، تا دوا جار حکومەت ناچار دەبێت وەزیری تەندروستی لەسەر کار لابدات، کە رۆژی 29-04-2025 سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لیبیا بە فەرمانێك رەمەزان بوجەناح جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری تەندروستی لیبیا لە پۆستەکەی دەبەخشێت و گرێبەستەکەش لەگەڵ عێراقدا هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەم کاردانەوەیەی دانیشتوانی لیبیا لەگەڵ ئەو گرێبەستەدا خراپی ناوبانگی عێراق لە بواری دەرماندا نیشان دەدات، ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی هەموو داتاکانی بەردەست هێشتا لە روی دەرمانەوە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان زیاتر کۆنترۆڵ کراوەو زیاتر حکومەت چاودێری کەرتی دەرمان دەکات بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان.

**حاڵەتی دووەم**: گرنتی نەکردنی نەخۆش ئەگەر دەرمان لە ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان بکرێت:- تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە قسەی لەگەڵ نەخۆشێك کرد کە بەمەبەستی چارسەری نەخۆشیی شێرپەنجە سەردانی وڵاتی ئێرانی کردبوو، لەوێ پزیشکی  پسپۆری بوارەکە پێی دەڵێت کە

به گەرنتی چارەسەری دەکات بەو مەرجەی دەرمانەکان لە ناوخۆی عێراق نەکڕێت، ئەمەش بەلای نەخۆشەکەوە جێگای پرسیار دەبێت، بۆیە لە هۆکارەکەی دەپرسێت، پزیشکەکە پێی دەڵێت زانیاری تەواوی هەیە کە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق پڕە لە دەرمانی ساختەی بواری شێرپەنجە و دەرمانەکان کار ناکەن و پشتی پێ نابەسترێت، بۆیە ئەگەر دەتەوێ بە گرەنتی چارەسەرت بۆ بکەم ئەوا پێویستە دەرمانەکان لە ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان نەکڕیت، خۆت ئازادی لە چی وڵاتێکی تر دەیکڕیت، ناچارت ناکەم کە لە ئێران بیکڕیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە دەرمانەکان لە ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان نەکڕیت.

ئەم دوو حاڵەتە بە روونی ئەوە نیشان دەدەن کە هەرێمی کورستان و عێراق لە باردۆخێکی تەواو خراپدان لە روی دەرمانەوەو ئەم بارودۆخەش لە درەوە پێی زانراوەو ناوبانگێکی زۆر خراپی بۆ وڵاتەکە دروست کردوە، کە هۆکارەکەشی ئەوەیە بازرگانی دەرمان قۆرغ کراوەو لە لایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەبرێت کە ئامانجیان بەس قازانجەو سڵ لە هیچ ناکەنەوە لە پێناو دەستکەوتنی پارەدا.

## تەوەرەی دووەم/ پێدانی تاقیگەکانی کەرتی گشتی بە کەرتی تایبەت ( گرێبەستی ژمارە 8ی ساڵی 2024)

پرسی بە تایبەتکردنی تاقیگەکانی کەرتی گشتی بەربڵاوترین پرسی کەرتی تەندروستی بوو لە کۆتایی ساڵی 2024 و مانگەکانی رابردووی ساڵی 2025، ئەم بابەتە رەخنەی زۆری لێگیرا، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی باری دارایی خەڵك و بنەما دەستوری و یاساییەکانە، ئەم بابەتە ئەگەرچی وەك گرێبەستێکی حکومی دەردەخرێت بەڵام لە بنەڕەتدا گرێبەستێکی حیزبیەو وەك سەرچاوەیەك لەسەرچاوەکانی داهاتی حیزب سەیر دەکرێت، چونکە بە پشتیوانی حیزب کار ئاسانی زۆر کراوە بۆ ئەو کۆمپانیایەی ئەو گرێبەستەی پێدراوە، زۆربەی کارەکانی بە نهێنی ئەنجام دراون وەزارەتی تەندروستی زیاتر لە (600) نوسراوی نهێنی بۆ ئەو کارە کردوە، کە ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی شەفافیەتە.

### یەکەم/ بەحیزبیکردنی گرێبەستەکە

لە رووی جوگرافیەوە (دوو زۆنیی) بەتەواوی بە جێبەجێکردنی گرێبەستەوە دیارە، لە ئێستادا لە تەواوی ئەو ناوچانەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە گرێبەستەکە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام لەو ناوچانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە جێبەجێکردنی رەتکراوەتەوە، ئەوەش هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە، لە پێشینەی هۆکارەکان کەمیی قازانجی گرێبەستەکەیە بۆ یەکێتی، هەروەها لەناو بەرپرسانی تەندروستی سەر بەیەکێتیدا دژایەتی زۆر هەبوو

بۆ گرێبەستەکە، دژایەتیەکە زیاتر لە ناو لقی سلێمانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیدا بوو، بەو پێیەی ئەندامانی ئەو سەندیکایە لەناو دامەزراوە حکومیەکاندا جێبەجێکاریی سەرەکی ئەو گرێبەستە دەبوون و لە تاقیگەکان کار دەکەن، ئەوانیش خواستی کارکردنیان لەگەڵ کۆمپانیای کەرتی تایبەتدا نەبوو ئەگەر چی بەپێی گرێبەستەکە فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی سەرەڕای جێبەجێکردنی کارەکان بەڵام وەك فەرانبەرانی حکومی دەمێننەوە بەڵام هێشتا کارمەندانی تەندروستی دژایەتی دەکەن و نایانەوێت بەو شێوازە کار بکەن.

بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستە لەسنوری پارێزگاگانی سلێمانی و هەڵەبجە و قەزای کۆیە، تیمێکی تایبەت بەو لایەنەی لە هەولێر پرۆژەکە جێبەجێ دەکەن لەگەڵ ئیدارەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا کۆدەبنەوە، تیمەکە پێشنیازی ئەوە بۆ یەکێتی دەکەن کە 30٪ قازانجی پرۆژەکە بۆ یەکێتی بێت، بۆ ئەو مەبەستە یەکێتی لیژنەیەکی تایبەت پێکدەهێنێت، کە لەلایەن ڕێواس فایەق سەرۆکی پێشوی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیەوە سەرۆکایەتی دەکرێتو هەر یەك لە دکتۆر ئومێد عەلی حەمە سالح و دکتۆر میران محمد، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و دکتۆر رەهێڵ فەرەیدون بریکاری وەزیری تەندروستیەوە ئەندامی لیژنەکە دەبن، لیژنەکە هەڵسەنگاندن بۆ پێشنیازەکە دەکات و راپۆرتێك دەداتە نوسینگەی سەرۆکی یەکێتی، بەپێی راپۆرتی ئەو لیژنەیە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەی بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی یەکێتی بە گونجاو نازاندرێت، ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێك، یەکەم لیژنەکە لە راپۆرتەکەیاندا ئەوەیان باس کردوە کە پارتی بە تەواوی دەستی بەسەر ئەو گرێبەستەدا گرتوە، ئەو کۆمپانیایەی پرۆژەکە جێبەجێ دەکات هی پارتیەوە، پارتی 100٪ قازانجی سنوری هەولێرو دهۆك دەبات و بەنیازیشە 70٪ قازانجی سنوری سلێمانیش ببات کە تەنیا 30٪ قازانجی سلێمانی دەدات بەیەکێتی. دووەم لیژنەکە باس لەوە دەکات کە ئێستا شەقامی هەرێمی کوردستان بە تەواوی دژی ئەو پرۆژەیەیە و پرۆژەکە ناوبانگێکی خراپی هەیە، ئەوەش بۆ ناوبانگی یەکێتی و جەماوەرەکەی باش نیە، بۆیە دەبێت لەناوچەکانی یەکێتی جێبەجێ نەکرێن، سەرۆکایەتی یەکێتی کار بە راپۆرتی لیژنەکە دەکات و هانی بەرپرسانی دەزگا تەندروستیەکانی سلێمانی وهەڵەبجە و کۆیە دەدات دژایەتی خۆیان لەسەر ئاستی پارێزگاکانیان بۆ پرۆژەکە دەرببڕن و دکتۆر رەهێڵ فەرەیدونیش لەسەر ئاستی وەزارەتی تەندروستی دژایەتی خۆی بۆ پرۆژەکە دەردەبڕێت، بەم هۆکارە پرۆژەکە لە سلێمانی ناکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە روی کەمپینەوە هەوڵی چالاکوانان و جوڵاندنی شەقام و بەکارهێنانی سۆشیال میدیاوە بۆ دژایەتی ئەو پرۆژەیە، هەوڵەکان کاریگەری ئەوەیان هەبوە کە ترس لای یەکێتی دروست بکەن نەچێتە ژێر باری ئەوەی پرۆژەکە لە ناوچەکانی ژێر دەستی جێبەجێ بکرێت، کە

لەخاڵی دووەمی ڕاپۆرتی لیژنەکەی یەکێتی بە ڕونی باس لەوە کراوە، پرۆژەکە ناوبانگێکی خراپی هەیە و خەڵك دژایەتی دەکەن.

**دووەم/ گرێبەستەکە لە ڕووی دەستوری و یاساییەوە**

**بەگوێرەی گرێبەستکەی نێوان وەزارەتی تەندروستی و کۆمپانیاکە کە لە ڕۆژی 2024/10/27 بە ژمارە (8) واژۆ کراوە، بەڕێوەبردنی تاقیگەی نەخۆشخانەکانی حکومەت ڕادەستی کەرتی تایبەت کراوە، هاووڵاتیان پابەند کراون بە خەرجکردنی تێچووی زیادە بۆ پشکنین و شیکاری پزیشکی. ئەم گرێبەستە پێشێلکردنی دەستووری عێراق و یاساکانی هەرێمی کوردستان و عێراقە، کە مافی بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی بە خۆڕایی یان بە نرخێکی پاڵپشتی کراو دەدات بە هاووڵاتیان.**

**1- پێشێلکردنی دەستووری عێراق: پێشێلکردنی ماددەکانی (27 و 31)**

**ماددەی27ی دەستوری عێراق:-** پارە و سامانی گشتی گرنگییان هەیە و پاراستنیان ئەرکی هەموو هاووڵاتییەکە. ئەم گرێبەستە، بەو نرخە گەورەیە و قۆرخکارییەی تێیدایە، بە ڕونی ئەوە دەردەکەوێت کە سامانی گشتی بە هەدەر دەدات و نایپارێزێت.

**ماددەی 31ی دەستوری عێراق:-** "هەموو هاووڵاتییەك مافی چاودێری تەندروستی هەیە، دەوڵەت تەندروستی گشتی دەپارێزێت و ئامرازەکانی خۆپاراستن و چارەسەر دابین دەکات بە دروستکردنی جۆرەها نەخۆشخانە و دامەزراوەی تەندروستی." گرێبەستێکی لەم شێوەیە کە کوالیتی خزمەتگوزاری دەخاتە مەترسییەوە و تێچووی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی ناڕەوا بەرز دەکاتەوە، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنی هاووڵاتیان بە چاودێری تەندروستی گونجاو و کوالیتی باش.

**2- پێشێلکردنی یاساکانی هەرێمی کوردستان و عێراق:-**

- یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان (ژمارە 4ی ساڵی 2020) لە مادەی 3/بڕگەی سیازدەهەمداهاتووە:- دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە دامەزراوە تەندروستیەکاندا بە بێبەرامبەر.

- **یاسای وەزارەتی تەندروستی (یاسای ژمارە 15ی ساڵی 2007، ماددەی دووەم (ئەرك‌وئامانجەکانی وەزارەتی تەندروستی) بڕگەی یەکەم:- ئامادەکردنی ئەو پێداویستیانەی کە مافی شیاوی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر دەکات لە لایەنی جەستەیی‌وئەقڵی‌ودەروونیەوە لەگەڵ گرنگی پێدانیان. بڕگەی هەشتەم:- دابینکردنی داودەرمان و پێویستیەکان وکەلوپەلی پزیشکی هەمەجۆری پێویست بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و خۆپاراستن‌و چارەسەرکردن، لەگەڵ سەرپەرشتیکردنی عیادە میللیەکان و دابینکردنی ئامێری پزیشکی پێویست بۆ پەککەوتەکان و کردنەوەی تاقیگەی پزیشکی.**

بڕیارەکە پێشێلکردنی زەقی ماددە و بڕگە ئاماژە پێدراوەکانی هەردوو یاسای سەرەوەیە، کە دوو یاسای بەرکاری هەرێمی کوردستانن.

**یاسای گرێبەستە گشتییەکان ( یاسای ژمارە 87 ساڵی 2004ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان کە هێشتا لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەرکارە)** لە عێراق و هەرێمی کوردستان یاسای گرێبەستە گشیتیەکانی ساڵی 2004ی ئیدارەی کاتی هاوپەیمانان هێشتا بەرکارە و لەسەر بنەمای ئەو یاسایە چەندین ڕێنمایی تایبەت بۆ گرێبەستە گشتییەکان دەرچوون، ناورۆکی یاساکە و زۆربەی ئەو رێنماییانە جەخت لەسەر پێویستی تەندەر و کێبڕکێی کراوە دەکەنەوە بۆ دڵنیابوون لە شەفافیەت وەرگرتنی باشترین نرخ و کوالیتی و ڕێگریکردن لە فۆرخکاری و گەندەڵی، لە بەشی چواری یاساکە بە رونی دەڵێت "دەبێت هەموو گرێبەستێکی گشتی (حکومی) بخرێتە ململانێ و کێبرکێ و بە نرخی مەعقول بە باشترین کوالیتی ئەنجامبدرێت، بەڵام ئەم گرێبەستە ئەو بنەمایانەی تێدا نیە کە یاساکە دیاری کردوون، چونکە گرێبەستێکی ڕاستەوخۆ و بێ بانگەواز و کێبڕکێ یە، پێشێلکارییەکی ئاشکرای یاسای ژمارە ٨٧ی ساڵی ٢٠٠٤ی عێراقی تایبەت بە گرێبەستە حکومییەکان، یان هەر ڕێنماییەکی هاوشێوەی حکومەتی هەرێمە.

**یاسای کێبڕکێ و قەدەغەکردنی قۆرغکاری یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2010 ی عێراق:-** لە ماددەی 10ی ئەم یاسایەدا بە رونی باسی لەوە کردوە "دەبێت هەموو گرێبەستێك بخرێتە کێبڕکێ وەو بانگەوازی ئاشکرای بۆ بکرێت، ئەگەرنا بە قۆرغکاری لە قەڵەمدەدرێت و گرێبەستێکی بەتاڵە" گرێبەستی ژمارە 8ی ساڵی 2024 هیچ بانگەوازێکی بۆ نەکراوەو نەخراوەتە کێبڕکێ وە.

**3- پێچەوانەی دەستەواژەی دیموکراسی تەندروستی و بنەماکانی دادپەروەریی.**

**دیموکراسی تەندروستی:-** ئەم چەمکە جەخت لەسەر بەشداری هاووڵاتیان، شەفافیەت، لێپرسینەوە و دادپەروەری لە دابەشکردنی سەرچاوەکان و گەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروستی دەکاتەوەو گرێبەستێك

به نرخێکی زۆر گران، که پێچەوانەی چەندین یاسای گرنگە بە تەواوی پێچەوانەی ئەم بنەمایانەیە، دیموکراسی تەندروستی داوای ئەوە دەکات کە بڕیارەکان لە بەرژەوەندی گشتی و تەندروستی هاووڵاتیاندا بن، نەك لە بەرژەوەندی گرووپێکی دیاریکراو.

**بنەماکانی دادپەروەری:-**

**دادپەروەری دابەشکاری :-** سامانی گشتی دەبێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ باشترین خزمەتگوزاری بەکاربهێنرێت. بەهەدەردانی پارە لە ڕێگەی گرێبەستێکی لەم شێوەیە، مافی هاووڵاتیان بۆ سودمەندبوون لەو سامانە بۆ خزمەتگوزاری دیکە پێشێل دەکات.

**دادپەروەری ڕێکارەکی :-** پرۆسەی بەخشینی گرێبەستەکە دەبێت دادپەروەرانە و شەفاف بێت، نەبوونی تەندەر و کێبڕکێ پێچەوانەی ئەم بنەمایەیە.

**مافە بنەڕەتییەکان:-** وەك مافی ژیان و مافی تەندروستی، کاتێك کوالیتی پێداویستی تاقیگە نزم بێت یان نرخەکان زۆر بەرز بن، ئەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دیاریکردن و چارەسەری نەخۆشەکان دەبێت، کە ئەمەش مافی ژیان و تەندروستییان دەخاتە مەترسییەوە.

**تەوەرەی سێیەم/ گرفتەکانی دەزگای تەندروستی پێشمەرگە:**

**یەکەم/ پرسی داخستنی نەخۆشخانەی شۆڕش**

**1- دەربارەی دەزگاکە**

دەزگای تەندروستی پێشمەرگە کە سەر بە هێزەکانی حەفتای سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە، لە بنەڕەتدا سەرەتا وەك نەخۆشخانەیەکی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگە و دواتر کەسوکاریان دامەزراوە، بەڵام لەوە فراوانتر کاری کردوە، هەر ئەوەش وای کردوە، بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم نەخۆشخانەیە دامەزراوەیەکی باڵاتر بەناوی دەزگای تەندروستی پێشمەرگە دابمەزرێتو جگە لە نەخۆشخانەی شۆڕش سەرپەرشتی هەشت نەخۆشخانە و سەنتەر و بەشی دیکە بکات، نەخۆشخانەکانی سەر بەم دەزگایە لە سنوری ئەو ناوچانەن کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە، ئەم نەخۆشخانانە لە خۆ دەگرێت:-

1- نەخۆشخانەی شۆڕش لە ناو شاری سلێمانی

2- نەخۆشخانەی چەمی ڕەزان لەناو شاری سلێمانی
3- نەخۆشخانەی باوەنور لە گەرمیان
4- نەخۆشخانەی چوار قوڕنە لە ئیدارەی ڕاپەڕین – چوارقوڕنە
5- نەخۆشخانەی قەڵاچوالان  لە قەڵاچوالان
6- مەڵبەندی تەندروستی پێشمەرگە  لەناو فەرماندەیی هێزەکانی حەفتا لە سلێمانی
7- بەشی راوێژکاریی نەخۆشخانەی شۆڕش لەناو شاری سلێمانی کە بەشێکی سەربەخۆیە لە نەخۆشخانەی شۆڕش
8- سەنتەری تیشك لە ناو شاری سلێمانی
9- تاقیگەی پاسۆلۆجی لە ناو شاری سلێمانی.

## 2- گرنگی دامەزراوەکانی دەزگای تەندروستی پێشمەرگە

دامەزراوەکانی دەزگاکە لە ناویاندا نەخۆشخانەی شۆڕش ئەگەر چی لە بنەڕەتدا سەربازین، بەڵام جگە لە پێشمەرگەو کەسوکاری پێشمەرگە و تەوایو هێزە ئەمنیەکان، هاوکانت وەك نەخۆشخانەی گشتی خزمەگوزاری پێشکەش بە هەموو هاووڵاتیەك دەکەن، ئەمەش وای کردوە ساڵانە هەزاران نەخۆش سەردانیان بکەن، ئەم جۆرە دامەزراوەیە لە سنوری ناوچەکانی ژێر دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان بوونی نیە، بەڵکو لەوێ هەر دامەزراوەیەکی سەربازی بەشێکی بچوکی تەندروستی هەیە و تەنیا چارەسەری  سەرەتایی دەکەن و بۆ چارەسەری گەورە پێشمەرگە رەوانەی نەخۆشخانە حکومیەکان دەکرێت و یارمەتی دارایی دەدرێن، نەبوونی دامەزراوەی هاوشێوە لە سنوری ناوچەکاین ژێر دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان و ایکردوە، پرسی نەهێشتنی دەزگای تەندروستی پێشمەرگە ببێتە بەشێك لە گفتوگوکانی یەکگرتنەوەی هەردوو هێزی حەفتا و هەشتا، بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی هەشتا جەخت لەوە دەکەنەوە کە لەکاتی یەکگرتنەوەی هەردوو هێزەکەدا کە بڕیارە لە چوار چێوەی دوو فەیلەق و شەش فیرقەدا یەك بگرنەوە، دەزگای تەندروستی پێشمەرگە هەڵبوەشێتەوەو دابەشی سەر بە فیرقەو لیواکان بکرێت لە شێوەی بەشی بچوکی تەندروستی هاوشێوەی ئەو بەشە تەندروستیانەی ئێستا لەناو هێزەکانی هەشتا هەیە، ئەمەش نیگەرانی بەرپرسانی دەزگای تەندروستی پێشەرگەی لێکەوتۆتەوەو فشار لەبەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەن کەنەچنە ژێر ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە، هەر ئەوەشە وایکردوە کە هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی هێزەکانی حەفتا و هەشتا خاوتر ببنەوە، تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە ئەوەی زانیوە تەنیا لە مانگی ئایاری 2025دا سێ کۆبونەوە لەنێوان بەرپرسانی

یەکەکانی حەفتا و هەشتا ئەنجامدراوەو بەرپرسانی یەکەی حەفتا بە رونی بە لایەنی بەرامبەریان وتوە، کە ئامادە نین دەستبەرداری دەزگای تەندروستی پێشمەرگە ببن و هەڵی بوەشێننەوە.

**3- پەرەپێدانی نەخۆشخانەی شۆڕش سەرەڕای قسەوباس لەسەر داخستنی**

ئەگەرچی داخستن و نەهێشتنی دەزگای تەندروستی پێشمەرگە بە نەخۆشخانەی شۆڕشیشەوە کە ستونی سەرەکی دەزگاکەیە، بەڵام بەرپرسانی نەخۆشخانەکە سەرقاڵی پەرەپێدانی نەخۆشخانەکەن، لەسەرەتای ساڵی 2024 وە گوڕانکاری گەورەیان لە نەخۆشخانەکەدا کردوە، نوێترین ئامێری تیش و تاقیگەیان بۆ دانەوە، لە روی کارگێرییەوە چەندین گۆڕانکاری گەورەیان بە ئاراستەی چاکسازیدا کردوە، لە روی ژێرخانەوە، دەستی زۆریان بە بینای نەخۆشخانەکە و زیادکردنی روبەری سەوزایی و نۆژەنکردنەوەی هۆڵ و قاوش و بەشەکاندا هێناوە، لەروی گرێبەستی دەرمان و ماددەکانی تاقیگەوە، لەسەر بنەمای ململانێی هەرزانترن نرخ گرێبەستیان لەگەڵ چەندین کۆمپانیا کردوە کە هەر ئەو کۆمپانیایانە ئامێری نوێی تاقیگەییان بۆ نەخۆشخانەکە دابین کردوە، پێشتر یەك کۆمپانیا ماددەی تاقیگەیی دابین دەکرد، ئێستا سێ کۆمپانیا دابینی دەکات و کامەیان ماددەی کولیتی بەرز بە هەرزانترین نرخ دابین بکات نەخۆشخانەکە ماددەکە لەو کۆمپانیایە دەکرێت، کە ئەمەش بە سودی گشتی دەشکێتەوە، لە گرنگترین هەنگاو کە بەرپرسانی ئەو نەخۆشخانەیە ناویانە بریتیە لە فراوانکردنی بەشی چاودێری چڕ، پێشتر نەخۆشخانەکە تەنیا دوو بێدی چاودێری چڕی هەبوەو ساڵانێك بوو کاریان ناکرد لەبەر ئەوەی ئامێری هەڵەیان بۆ دابینکرابوو، بەڵام دوای هەنگاوەکانی چاکسازی لە رۆژی 1-06-2025 وە بەشی چاودێری چڕ بە توانای (12) بێدەوە دەکرێتەوە، کە بەرپرسانی نەخۆشخانەکە لەرێی پەیوەندی کەسیی خۆیانەوە لەگەڵ سەرمایەدار و دەسترۆیشتوو و کۆمپانیا جیاوازەکانەوە، هەروەها کۆکردنەوەی کەلوپەلی بێدی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە حکومیەکانی تر کە کاریان پێ ناکرا، توانیویانە بەشەکە بەم جۆرە فراوان بکەن، ئەو (12) بێدە (10) بێدی بۆ کاتی ئاسایی و دوو بێدی بۆ حاڵەتی زۆر لەناکاو تەرخان کراوە.

**4- دەستبەردارنەبوون لە نەخۆشخانەی شۆڕش و نەخۆشخانەکانی دیکەی دەزگای تەندروستی پێشمەرگە**

بەرپرسانی دەزگای تەندروستی پێشمەرگە و نەخۆشخانەی شۆڕش، لەکاتی گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتەدا دڵنیایی ئەوەیان دا کە لەکاتی یەکگرتنەوەی هەردوو یەکەی حەفتا و هەشتا، ئەمان دەستبەرداری دەزگای تەندروستی پێشمەرگە نابن، بەڵکو مەگەر تەنیا ناوەکەی بگۆڕدرێت، نەخۆشخانەکانی سەر بەدەزگاکە لە خزمەت بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام دەبن.

**5- سەرنەکەوتنی سیستەمی هاوشێوەی نەخۆشخانەی شۆڕش لە سنوری کاری یەکەی هەشتا**

لەم ساڵانەی دواییدا لەسەر بودجەی حکومەتی ئەڵمانیا بە بڕی پێنج ملیۆن یۆرۆ نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە بواری چارەسەرکردنی پێشمەرگە لە قەزای هەریر دروستکرا، بودجەی ئەم نەخۆشخانەیە لەلایەن نوێنەرایەتی هێزە سەربازیەکانی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان دابین کرا واتا لەسەر بودجەی وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا بودجەی بۆ تەرخان کراو دروستکرا، نەخۆشخانەکە کە چەند ساڵێکە کەوتۆتە خزمەتەوە بەڵام ئاستی ئەو خزمەتگوزاریەی پێشکەشی دەکات جێگای رەزامەندی نیە، هاوکات لایەنی ئەڵمانیش پەشیمانە لەو کارەی کردویانە و ئێستا لەلایەن دەزگا چاودێری و وردبینیەکانی ئەڵمانیاوە لێکۆڵینەوە لەوە دەکرێت کە چۆن بودجەیەکی ئاوا زۆر بۆ نەخۆشخانەیەك لە هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە، کەچی بەرهەمەکەی لە ئاستی پێویستدا نیە.

### هۆکارەکانی نزمی ئاستی خزمەتگوزاری نەخۆشخانەکە و کاریگەر نەبوونی

لە روی جوگرافیەوە نەخۆشانەکە لەناوچەیەکی دوورەدەست دروستکراوە، کە ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کەمە و خەڵکێکی کەم دەستی بەو نەخۆخشانەیە دەگات، کە دەبوو بەلای کەمەوە لەناو سەنتەری یەکێك لە پارێزگاکانی هەولێر یان دهۆك بێت، یان بەلای کەمەوە  لە سەنتەری یەکێك لەو دوو پارێزگایەوە نزیك بێت، بۆ ئەوەی لە روی جوگرافیەوە خەڵك بتوانن بە ئاسانی دەستیان پێی بگات، هەروەها هۆکارێکی دیکە کە ئەمەیان زۆر سەرەکیە بۆ کاریگەر نەبوونی ئەوەیە، نەخۆشخانەکە پاڵپشتیەکی زۆر کەمی دارایی هەیە، کە ئەوە وایکردوە نەتوانرێت پێداویستیە گرنگەکانی  بۆ دابین بکرێت.

### دووەم/ پێشنیازی بۆردی تەندروستی رێکخراوی ئاران بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لەسەر دەزگای تەندروستی پێشمەرگە

بۆردی تەندروستی رێکخراوی ئاران کە لەچوارچێوەی پرۆژەی دیموکراسی تەندروستی کە سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی پاڵپشتی دەکات، پێشنیازی ئەوەی داوە بەرپرسانی هەردوو یەکەکە، لە جیاتی داخستنی نەخۆشخانەکانی سەر بەدەزگای تەندروستی پێشمەرکە، لە سنوری کاری یەکەی هەشتاش، هەمان دەزگا دروست بکرێت، کە سەربە وەزارەتی پێشمەرگە بێت و دوور بێت لە کاری حیزبی، کە ئەمە سوودی زۆری بۆ ئەو ناوچانە دەبێت، هاوکات بۆردی تەندروستی هانی بەرپرسانی دەزگای تەندروستی پێشمەرگەی داوە دوور لە ئینتمای حیزبی خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن، ئەگەرچی هیچ حاڵەتێك تۆمار نەکراوە کە لەسەر بنەمای ئینتمای حیزبی خزمەتگوزاری زیاتر بەکەسێك پێشکەش کرابێت یان بەپێچەوانەوە.

## تەوەرەی چوارەم/ ناوبانگی خراپی هەرێمی کوردستان لە بێ بەرهەمی یارمەتیە تەندروستیەکانی ئەڵمانیا

لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا حکومەتی ئەڵمانیا برِی (20) ملیۆن یۆرۆی لە کەرتی تەندروستی لە عێراق خەرج کردوە، بەوەش چوار نەخۆشخانەی گەورەی لەسەرانسەری عێراق دروستکردوە، کە دوانیان لە هەرێمی کوردستانن، دوو نەخۆشخانەکەی تر لە شارەکانی سەر بە حکومەتی فیدراڵی عێراقن، ئەو چوار نەخۆشخانەیە، لە روی جوگرافیەوە دەکەونە شارەکانی بەغدا و میسان و سلێمانی و هەریرەوە، دەزگا چاودێرییەکانی ئەڵمانیا کە وردبینیان لە دۆسیەی ئەو بودجەیە و نەخۆشخانە دروستکراوەکان کردوە، تێبینی ئەوتۆیان لەسەر ئەو دوو نەخۆشخانەیە نەبوە کە کەوتۆنەتە بەغدا و میسانەوە، چونکە وەزارەتی تەندروستی عێراق هەر زوو خستویانیەتیە کار و ستاف و پێداویستیەکانی بۆ دابین کردوون، بەڵام گلەیی و رەخنەی زۆر گەورە لەسەر ئەنجامی ئەو دوو نەخۆشخانەیە هەیە کە لە هەرێمی کوردستان لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر دروستکراون، تێبینی و رەخنەکان ئەوەن کە برِێکی زۆر پارە لەو دوو نەخۆشخانەیە خەرج کراون کە (10) ملیۆن یۆرۆی تێپەرِاندوە بەڵام نەتوانراوە کەڵکی پێویستیان لێوەربگیرێت، گلەیی دەزگا چاودێرییەکانی ئەڵمانیا لە دروستکردنی نەخۆشخانەکەی سلێمانی ئەوەیە، ساڵانێکی زۆر دوای دروستکردنی بە بەتاڵی مایەوەو وەزارەتی تەندروستی و بەرپرسانی تەندروستی سلێمانی نەیان توانی بخەنە کار، ئەمەش نیگەرانی لێکەوتەوە، هاوکات ئەوەی سلێمانی بەم دواییە لەسەر شێوازی نیمچە تایبەت بۆ بەشی چاودێری چرِ کەوتە کار ئەوەش جێگای رەزامەندی حکومەتی ئەڵمانیا نەبوو، چونکە ئەوان بەو نیەتە دروستیان کرد کە نەخۆشخانەکە بە نرخی پاڵپشتی کراو خزمەتگوزری پێشکەش بە هاوڵاتیان بکات نەك بەنرخی نیمچە تایبەت. هەرچی نەخۆشخانەی ئەڵمانیە لە هەریر، گلەییەکان لەسەر ئەوەن بەشێوەیەکی لاواز کەوتۆتە کار و خزمەتگوزاریەکی ئەوتۆ پێشکەش ناکات کە لەئاستی نەخۆشخانەیەکی لەو جۆرەدا بێ، بەڵکو خزمەتکوزاریەکی زیاتر لە بنەکەیەك یان مەڵبەندێکی تەندروستی دەچێت، کە ئەمەش لە ئاستی بودجەیەکی وادا نیە کە پرۆژەیەکی لەو جۆرە خەرج کرابێت، ئەم کەمتەرخەمیەی وەزارەتی تەندروستی هۆکارەکەی هەرشتێك بێت کاریگەری نەرێنی لەسەر هەڵوێستی حکومەتی ئەڵمانیا هەبوە کە لە ئایندەدا یارمەتی ژێر خانی تەندروستی هەرێمی کوردستان نەدا، هاوکات وڵاتانی دیکەش نیگەرانیەکانی ئەڵمانیایان بیستوەو ئەگەری زۆرە بیکەنە بنەما بۆ ئەوەی کە یارمەتی دەرەکی بۆ ژێرخانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

سەرکەوتوو نابێت و ناتوانرێت سودی لێوەربگیرێت، کە ئەمەش زیانی زۆر بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

**باسی دووەم/ بەردەوامی گرفتە تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستان**

سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێك بەسەر بڵاوکردنەوەی راپۆرتی ژمارەی 4ی بنکولٚکاری رێکخراوی ئاران لەسەر کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نێوان ئەو راپۆرتە و ئەم راپۆرتەدا گۆڕانکاریەکی ئەو تۆ لە کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان بە کەرتەکانی گشتی و تایبەتەوە روینەداوە، تیمی ئامادەکار بە پێویستی نەزانی سەر لەبەری ئەم زانیاریانەی لەم بەشەدا هاتوون نوێ بکاتەوە، چونکە گۆڕانکاریەکان کەمن و زۆربەی هەرە زۆری ئامار و داتا و زانیاریەکان هەر وەك خۆیان ماون، ئەمە جگە لەوەی چەند گۆڕانکاریەکی کەم هەبوە و چەند بڕیارێکیش لەسەر بنەمای زانیاریەکانی راپۆرتی ژمارە 4 لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە دەرچوون، کە لەبەشەکانی دواتردا دەیان خەینە روو، بۆیە زانیاریەکانی ئەم بەشە بە زانیاریەکانی راپۆرتی ژمارە چوار ناو دەبرێت، لەم بەشەدا زانیاری ورد دەربارەی سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان خراوەتە روو، کە خۆی لە کەرتی گشتی و کەرتی نیمچە تایبەت و کەرتی تایبەت وەك نەخۆشخانە تایبەتەکان و کلینکە پزیشکیە ئێوارانەکان و نۆرینگەکان و سەنتەرەکانی جوانکاری و چەندان بەشی تر.

لێرەدا گرنگە ئەوە بخرێتە روو، کە چەند ئامارێکی جیاوازی حکومی هەیە لەبارەی ژێر خانی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئامارەکان لە نێوان دەستەی ئامار و فەرمانگەی راگەیاندن و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جیاوازی زۆری هەیە، بۆنمونە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە کاتی خستنە رووی ژمارەی نەخۆشخانە و بێدەکانی نەخۆش نەخۆشخانە گشتی و تایبەتەکانی تێکەڵ کردوەو جیای نەکردونەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا دوو کەرتی زۆر جیاوازن لە یەك، هەروەها لەکاتی خستنە رووی ژمارەی بێدەکانی نەخۆش جگە لە تێکەڵ کردنی هەردوو کەرتی کشتی و تایبەت، هاوکات ئەوەشی جیا نەکردۆتەوە کە ژمارەی بێدە کورت خایەن (فریاگوزاری) و درێژ خایەن (مانەوە لە قاوشی نەخۆشخانەکان) و بێدی چاودێری چڕ چەندە، هەمووی بە تێکەڵاوی خستۆتە روو، بۆیە تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە بڕیاری دا پشت بە ئامارەکانی دەستەی ئامار نەبەستێت، بەڵکو پشت بەو ئامار و داتا و زانیاریە وردە ببسەتێت، کە نزیکەی سێ ساڵ بە بێ وەستان تەواوی تیمەکە کاریان کردوە بۆ بەدەستهێنانی.

**تەوەرەی یەکەم/ سیستەمی تەندروستی کەرتی گشتی**

**یەکەم/ شیکارکردنی داتا و زانیارییەکان**

**1- نەخۆشخانە حکومیەکان :**

**دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری جیاوازیان لە بارەی ژمارەی نەخۆشخانە حکومیەکانی هەرێمەوە هەیە، بەپێی دوایین ئاماری دەستەی ئامار لە هەرێمی کوردستان، لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (128) نەخۆشخانەی حکومی هەن، هەروەها بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن فەرمانگەی میدیا و زانیاریەوە بڵاو کراونەتەوە لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (83) نەخۆشخانەی حکومی هەن ، بەم پێ یەش جیاوازی نێوان هەردوو ئامارەکە (45) نەخۆشخانەیە، کە بەپێی ئامارەکەی فەرمانگەی میدیا و زانیاری ژمارەی نەخۆشخانە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان (45) نەخۆشخانە کەمترە لەوەی دەستەی ئامار بڵاوی کردۆتەوە. لایەنی پەیوەیندداری سەرەکی بەم پرسە وەزارەتی تەندروستیە، بەڵام وەزارەتی تەندروستی هیچ ئامارێکی لەو بارەیەو بڵاو نەکردۆتەوە، رێکخراوی ئاران بۆ گەشتن بە ئاماری راستەقینەی نەخۆشخانە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان هەستا بە ئەنجامدانی روپێویەك لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان و لە ئەنجامیشدا دەرکەوت هیچ کام لە ئامارەکانی دەستەی ئامار و فەرمانگەی میدیا و زانیاری ورد نین و ژمارەی راستەقینەی نەخۆشخانە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بریتی یە لە (85) نەخۆشخانەی حکومی، هەروەها دوو نەخۆشخانە لە قۆناغی دروستکردندان لە قەزای چەمچماڵ کە نەخۆشخانەیەك لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەسەر بودجەی سەرۆکایەتی کۆمار و نەخۆشخانەیەکیش لەلایەن وەبەرهێنەر جەمالی حاجی عەلی، لەسەر بودجەی خۆی وەك کارێکی خێرخوازی دروست دەکرێت، بە تەواوبوونی ئەم دوو نەخۆشخانەیە ژمارەی نەخۆشخانە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان دەگاتە (87) نەخۆشخانە، کە بەمجۆرە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستدا دابەشبوون.**

**روبەری دابەشبوونی جوگرافی نەخۆشخانە حکومیەکان بەمجۆرە و بەسەر پارێزگاکاندا دابەشبوون:-**

| نەخۆشخانە حکومییەکان |
| --- |

| کۆی گشتی | پارێزگای هەڵەبجە | پارێزگای دهۆك | پارێزگای هەولێر | **پارێزگای سلێمانی** |
|---|---|---|---|---|
| 87 | 5 | 19 | 34 | **29** |

بەم پێیە لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی هەر (85,000) کەسێك یەك نەخۆشخانەی بەر دەکەوێت.

**2- مەڵبەندو بنکە تەندروستیەکان:**

( تا کۆتایی ساڵی 2023 (963) بنکەو مەڵبەندی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان هەبوون، بەڵام لەسەرەتای ساڵی 2024 وە تا کۆتایی مانگی ئایاری 2025 ژمارەکە بەرز بۆتەوە بۆ (1049) بنکەو

| مەڵبەندە تەندروستییەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | پارێزگای هەڵەبجە | پارێزگای دهۆك | پارێزگای هەولێر | **پارێزگای سلێمانی** |
| 316 | 6 | 89 | 99 | **122** |

مەڵبەندی تەندروستی، ئەوەش بەهۆی ئەوەی (86) بنکەی تەندروستی نوێ لەلایەن کۆمپانیاکانی بواری خانوبەرەوە لەناو پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دروستکراون و رادەستی وەزارەتی تەندروستی کراون، بۆیە لە ئێستادا لەهەرێمی کوردستاندا (1049) مەڵبەندو بنکەی تەندروستی هەن و بریتین لە (316) مەڵبەندی تەندروستی و (733) بنکەی تەندروستی، روبەری جوگرافیەکەیان بەمجۆرە بەسەر پارێزگاکاندا دابەشبوون:-

| بنکە تەندروستییەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | پارێزگای هەڵەبجە | پارێزگای دهۆك | پارێزگای هەولێر | **پارێزگای سلێمانی** |
| 733 | 33 | 83 | 226 | **391** |

ندرا ژمارەی

دانشتوانی هەرێمی کوردستان برتییە لە (6.370,668) شەش ملیۆن و سێسەد و حەفتا هەزار و شەشسەد و شەست و هەشت کەسە، بەدەر لەو ئامارە ژمارەیەکی دیکەش هەیە کە ژمارەی ئاوارە و پەنابەرانە لە هەرێم، تا کۆتایی ساڵی 2024 لە هەرێمی کوردستان (1,022,293) یەك ملیۆن و بیست و دوو هەزار و دووسەد و نەوەد و سێ ئاوارە و پەنا بەر هەبوون، کە (746,174) حەوتسەد چل و شەش هەزار و سەدو حەفتاو چوار کەسیان ئاوارەی ناوخۆیی و (276,119) دوو سەد و حەفتاو شەش هەزار و سەدونۆزدە کەسیان ئاوارەی وڵاتانن، کە گۆی گشتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە خەڵکی خانەخوێ و ئاوارە و پەنا بەرانەوە لە کۆتایی ساڵی 2024 بریتی بوە لە (7,392,961) حەوت ملیۆن

و سێسەد و نەوەد و دوو هەزار و نۆسەد شەست و یەك كەس، كە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بریتی بوە لە 2،48٪ ، بەم پێ یەش لە هەرێمی كوردستاندا هەر مەڵبەندێكی تەندروستی بۆ (23,395) كەسەو هەروەها هەر بنكەیەكی تەندروستی لە بۆ(10.85) كەسە.

**روپێویی مەیدانی مەڵبەندو بنكە تەندروستیەكانی هەرێمی كوردستان.**

تیمەكانمان لە میانی ئامادەكردنی ئەم راپۆرتەدا لە سنوری هەر چوار پارێزگاكەی هەرێمی كوردستان توانییان زانیاری دەربارەی دابەشبوونی جوگرافی مەڵبەند و بنكە تەندروستییەكان بەدەست بهێنن، كە دەكەونە چی جۆرە ناوچەیەكی هەرێمی كوردستانەوە، كە زۆرینەیان دەكەونە گوندەكانەوە، بە پێی زانیاریە بەدەستهاتوەكان، 16٪ مەڵبەندوبنكە تەندروستیەكان دەكەونە سەنتەری پارێزگاكانو 32٪ دەكەونە سەنتەری قەزاكان و 11٪ دەكەونە سەنتەری ناحیەكانو 41٪ دەكەونە گوندەكانەوە، ئەمەش دابەشبونێكی گونجاوە بۆ ئەو جۆرە دامەزراوە تەندروستیە.

بەپێی راپۆرتی هاوبەشی وەزارەتی تەندروستی عێراق و رێكخراوی تەندروستی جیهانی، سلێمانی لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەكەمی هەیە لە بوونی دامەزراوەی كەرتی گشتی، ژمارەی تێكڕای دامەزراوەكانی كەرتی گشتی تەندروستی لە سلێمانی كە سەر بە وەزارەتی تەندروستین بە هەموو جۆرەكانیەوە، برتییە لە (758) دامەزراوە، لە كاتێكدا ژمارەی هەمان جۆرەكانی دامەزراوە لە شارێكی وەك بەغدا بریتی یە لە (485) دامەزراوە، هەروەها پارێزگای هەولێر بە پلەی دووەم دێت كە (512) دامەزراوەی جۆراوجۆری سەر بە وەزارەتی تەندروستی تێدایەو پارێزگای دهۆكیش بە پلەی سێ یەم لەسەر ئاستی هەرێم دێت كە (248) دامەزراوەی جۆراو جۆری تێدایە، هەرچی پارێزگای هەڵەبجەشە بە پێی راپۆرتەكەی وەزارەتی تەندروستی عێراقورێكخراوی تەندروستی جیهانی وەك بەشێك لە پارێزگای سلێمانی هەژمار كراوەو وەك پارێزگایەكی سەربەخۆ جیا نەكراوەتەوە.

بەشێوەیەكی گشتی 8٪ دامەزراوە جۆرەجۆرەكانی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی كوردستان، لە خزمەتكردن وەستاون ئەوەش بە هۆی كۆنی بیناكانیان، یان بە پێویست نەزانینیان یان وەستان و لەكاركەوتنی ئامێرەكانیان.

**3- سەنتەرە پسپۆرییەكان:**

له هەرێمی کوردستاندا (86) سەنتەری پسپۆری تەندروستی حکومیی هەن، کە ئەوانیش لە چورچێوەی کەرتی گشتی تەندروستی خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکەن، دابەشبوونی جوگرافی سەنتەرە تەندروستیەکان بەسەر پارێزگاکان و ئیدارە سەر بەخۆکانی هەرێمی کوردستاندا بەم جۆرەیە:-

| سەنتەرە پسپۆرییەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **پارێزگای سلێمانی** | پارێزگای هەولێر | پارێزگای دهۆك | پارێزگای هەڵەبجە | کۆی گشتی |
| **32** | 30 | 17 | 7 | 86 |

له هەرێمی کوردستاندا  بۆ هەر (86،000) هاووڵاتیەك یەك سەنتەری تەندروستی پسپۆری هەیە.

## 4- ژمارەی هۆڵەکانی نەشتەرگەری لە هەرێمی کوردستان:

لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا و لەناو نەخۆشخانە حکومیەکاندا (281) هۆڵی نەشتەرگەری هەن، کە بەمجۆرە بەسەر پارێزگاکاندا دابەش بوە:

له هەرێمی کوردستاندا بۆ هەر (26،000) کەسێك یەك هۆڵی نەشتەرگەری هەیە.

| بنکە تەندروستییەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **پارێزگای سلێمانی** | پارێزگای هەولێر | پارێزگای دهۆك | پارێزگای هەڵەبجە | کۆی گشتی |
| **92** | 110 | 72 | 7 | 281 |

## 5- بێدی مانەوەی درێژ خایەن بۆ نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان:

له سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (6,708) بێدی مانەوەی نەخۆش هەن، کە بەبێدی مانەوەی درێژ خایەن ناو دەبرێن، بەمجۆرە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دابەشبوون:

بەم پێ یە لە هەرێمی کوردستان بۆ هەر (949) کەسێك یەك بێدی نەخۆشی درێژ خایەن هەیە.

| بنکە تەندروستییەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **پارێزگای سلێمانی** | پارێزگای هەولێر | پارێزگای دهۆك | پارێزگای هەڵەبجە | کۆی گشتی |
| **2895** | 2391 | 1247 | 175 | 6708 |

## 6- بێدی مانەوەی کورتخایەن ( فریاکەوتن)

لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (1,086) بێدی مانەوەی کورتخایەن واتا بەشی فریاکەوتن هەن، بەمجۆرە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دابەشبوون.

| بنکە تەندروستییەکان | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| **پارێزگای سلێمانی** | پارێزگای هەولێر | پارێزگای دهۆك | پارێزگای هەڵەبجە | کۆی گشتی |
| **459** | 453 | 123 | 51 | 1086 |

**لە هەرێمی کوردستاندا هەر (5,866) کەسێك یەك بێدی مانەوەی کورتخایەنی بەر دەکەوێت.**

**پاشەکشێی هەرێمی کوردستان لە زیادکردنی بێدی نەخۆش بە رەچاوکردنی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان:-**

**لە ساڵی 2012 لە هەرێمی کوردستان کۆی گشتی هەردوو جۆری بێدی مانەوەی کورتخایەن و درێژخایەن بریتی بوە، لە (7،192) بێد، بەڵام دوای (12) ساڵی لە ساڵی 2024دا ژمارەی هەردوو جۆری بێدی نەخۆش بریتی یە لە (7،794) بێد ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە تەنیا (602) بێد لەماوەی ئەو (12) ساڵەدا زیادکراون، لە کاتێکدا زیادبوونی رێژەی دانیشتوان لەماوەی ئەو (12) ساڵەدا بریتی بوە 24٪.**

**7- ژمارەی پزیشکان :**

**لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی داتاکانی سەندیکاکانی پزیشکان(20،340) پزیشك هەن، بەڵام ئەمانە هەموویان لە ئەرکی حکومیدا نین، بەڵکو بەشی زۆریان دوای تەواوکردنی خوێندن بوون بە ئەندامی سەندیکا جۆراوجۆرەکانی پزیشکی بەڵام لە کەرتی حکومیدا دانەمەزراون، بەمەش ناتوانن وەك پزیشکی پسپۆر خزمەتبکەن، بەڵکو زیاتر لە نەخۆشخانە تایبەتەکان و کلینکە ئێوارەکان لەبەردەستی پزیشکانی دیکەدا کار دەکەن، بەپێی داتا بەدەستهاتووەکان لەهەرێمی کوردستاندا تەنیا (7,871) پزیشك لەکەرتی گشتیدا دامەزراون و لە نەخۆشخانە حکومیەکاندا خزمەت دەکەن، ئەمەش دەکاتە 38٪ کۆی پزیشکانی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ هەر (809) کەسێك یەك پزیشك لە کەرتی گشتیدا هەیە، هەروەها هەر (313) کەسێك لە هەرێمی کوردستاندا یەك پزیشکیان لە کۆی هەموو پزیشکانی دامەزراوو دانەمەزراوی بەردەکەوێت.**

**کاری پزیشکان لە کەرتی گشتیدا:-**

**ئەو پزیشکانەی کە لەکەرتی گشتیدا کار دەکەن، 100٪ ئەوانەی پلەی پزیشکی راوێژکاریان هەیە دوو کار دەکەن کارێك لە کەرتی گشتیو کارێك لە کەرتی تایبەت، بەپێی مەرجەکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەبێت پزیشکی راوێژکار (35) کاتژمێر لە یەك هەفتەدا کار بکات، بەڵام بەپێی بەدواداچونەکانی ئاران لە میانی ئامادەکردنی راپۆرتی ژمارە (3) کە سەرەتای ساڵی 2022 بڵاوکرایەوە، ئەوە دەرکەوت بەدەگمەن پزیشکێك نابینی پابەندی ئەو رێنماییە بێت، بەپێی داتاکانی راپۆرتی ژمارە**

(3) بەشی هەرە زۆری پزیشکانی راوێژکار ڕۆژانە کەمتر لە چوار کاتژمێر لەکەرتی گشتیدا کار دەکەن کە هەفتانە دەکاتە کەمتر لە (20) کاتژمێر، ژمارەیەك لە پزیشکانی راوێژکار رۆژانە لەکاتژمێرو نیوێك تا دوو کاتژمێر کار دەکەن کە ئەمەش دەکاتە هەفتانە نزیکەی (10) کاتژمێر یان کەمتر، ئەمەش لەکاتێکدا هەمان پزیشك لە کلینەکە تایبەتەکەی خۆی تا درەنگانی شەو کار دەکات، لە ماوەی نێوان هەردوو راپۆرتەکەدا کە دووساڵە سەرەڕای وروژاندنی بابەتەکە و ئەنجامدانی هەندێك ریوشوێن، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆر لەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانە حکومیەکان لە قاوشەکان دەخەوێندرێن گرفتی سەرەکیان ئەوەیە پزیشکەکانیان لە رۆژانی پێنجشەممە جێیان دەهێڵن تا یەکشەممە، هەندێکیان نەخۆشی هەستیارنو بارودۆخیان تایبەتو مەترسیدارە، ئەمانە بە پزیشکی ئیشکگر دەسپێردرێن، پزیشکە ئیشکگرەکان پسپۆرییان لەگەڵ بەشی هەرە زۆری نەخۆشەکان جیاوازەو ناتوانن هیچی ئەوتۆیان بۆ بکەن، لەمیانی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەشدا کەسانی یاوەری چەندین نەخۆش قسەیان لەگەڵدا کراوە کە باسیان لەوە دەکرد پزیشکی نەخۆشەکانیان ئامادەنین جوابی تەلەفۆنیش بدەنەوەو دەبێت چاوەڕێ بکەن تا رۆژی یەکشەممە پزیشکی پسپۆر دێتەوە بۆ دەوام، بەڵام ئەم بارودۆخە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان تەواو پێچەوانەیە، نەخۆش دەتوانێ زوو زوو لەگەڵ پزیشکەکەیدا پەیوەندی بگرێتو لە کاتی هەر پرسیارێکدا ستاف نەخۆشخانە تایبەتەکان پەیوەندی بە پزیشکی نەخۆشکەوە دەکەنورێنمایی لێ وەردەگرن و اتا هەمان پزیشك کە وەڵامی یاوەرانی نەخۆشی خەوتوو لە نەخۆشخانە حکومیەکان ناداتەوە ئامادەیە لە شەوێکدا چەندین جار لە رێگای تەلەفۆنەوە رێنمایی بدات بە نەخۆشەکەی کە لەنەخۆشخانەی تایبەت ماوەتەوەونەشتەرگەریی یان چارەسەری بۆ کردوە، یاوەرانی نەخۆش ئەوانەی لە قاوشی نەخۆشخانە حکومیەکان ماونەتەوە بە ئاسانی هەست بەوە دەکەن کە ئەمە بەشێکی سەرەکی یە لە پرۆسەی ئاراستەکردنی نەخۆش بۆ کەرتی تایبەت. هاوکات جیاوازیەکی زۆر هەیە لە مامەڵە و بینینی نەخۆش و ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنی پزیشك لە نەخۆشخانە حکومیەکان و کلینکە تایبەتەکانیان، تیمەکانی رێکخراوی ئاران کارکردنی ئاسایی یەك هەفتەی پزیشکێکیان لە نەخۆشخانە حکومیەکان و کلینکە تایبەتەکەی خۆی خستە ژێر چاودێریەوە، دەر کەوت پزیشکەکە لە هەفتەیەکدا دوو رۆژ و لە رۆژێکدا سێ کاتژمێر لە نەخۆشخانە حکومیەکە نەخۆشی بینی، بەڵام لە کلینکە تایبەتەکەی خۆی لە هەفتەیەکدا شەش رۆژ و لە رۆژێکدا (10) کاتژمێر نەخۆشی بینی، بۆ سەرجەم رۆژەکانیش لە کلینکە تایبەتەکەی ژمارەی نەخۆشەکان (70) نەخۆشی تێپەڕاند.

## 8- کارمەندانی تەندروستی :

لەهەرێمی کوردستاندا تا ئێستا (30,000) پەرستار و کارمەندی تەندروستی لە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان تۆمار کراون و بوون بە ئەندام، بەڵام لەو ژمارەیە تەنیا نزیکەی (17,000) لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە بەهۆی نەبوونی دامەزراندنەوە، (13,000) پەرستار و کارمەندی تەندروستی ناتوانن لە کەرتی گشتیدا خزمەت بکەن، لە هەرێمی کوردستان بۆ هەر (434) کەسێك یەك پەرستار یان کارمەندی تەندروستی لە کەرتی حکومیدا هەیە، هەروەها بە تێکڕا بۆ هەر (246) کەسێك یەك کارمەندی تەندروستی پەرستاری دامەزراو و دانەمەزراو هەیە.

ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان (52,000) فەرمانبەرەو بەشێوەی گشتی نزیکەی (43,000) فەرمانبەر لەوانە لە بوارە جیاوەزەکانی پزیشکیدا کار دەکەن کە دەکات نزیکەی ٪87 کۆی فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی.

### 9- بەشی چاودێری چڕ لە هەرێمی کوردستان:

ئەم بەشە بەیەکێك لە بەشە هەرە گرنکەکانی بواری چارەسەری پزیشکی دادەنرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان خزمەتگوزارییەکانی ئەم بەشە تا ئاستێکی زۆر سنوردارە، تێکڕای ژمارەی ئەو بێدانەی لە کەرتی گشتیدا لە هەرێمی کوردستان لە خزمەتدان، تا کۆتایی مانگی ئایاری 2025 گەیشتۆتە نزیکەی (224) بێد، کە تا کۆتایی ساڵی 2023 تەنیا (100) بێد بوو، بەڵام لەسەرەتای ساڵی 2024 وە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی پەرەیان بەم بەشە داوەو زیاتر لە (100) بێد زیادکراون.

#### ❖ پەرەپێدانی بەشی چاودێری چڕ لە هەولێر:-

ماوەی سێ ساڵ زیاترە کار بۆ پەرەپێدانی بەشی چاودێری چڕ لەکەرتی گشتی تەندروستی لە پارێزگای هەولێر دەدرێت، تا توانرا تواناکە بۆ نزیکەی (103) بێد بەرز بکرێتەوە، کە پێشتر تەنیا (36) بێد بوو، بەشی هەرە زۆری ئەم کارە لەسەر ئەرکی خێرخوازان و رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و دوای ئەوەش حکومەتی هەرێم کراوە، نەخۆشخانەی لالاڤ کە تایبەتە بە چاودێری چڕ لەسەر ئەرکی خێرخوازێك لە هەولێر بە توانای (40) دروست کراو ئێستا لە خزمەتدایە، بەشی چاودێری چڕی نەخۆشخانەی ژنان و منداڵبوونی هەولێر لەسەر ئەرکی مانگی سوری قەتەری بە توانای چوار بێد و بە بودجەی (200) ملیۆن دینار کرایەوە، هەروەها بەشی چاودێری چڕی نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر لە رۆژی 04-06-2025 بە بودجەی (260) ملیۆن دینار دوای نۆژەنکردنەوە کرایەوە، بەمەش توانای نەخۆشخانە حکومیەکانی هەولێر بۆ لە خۆ گرتنی نەخۆش لەبەشی چاودێری چڕ لە (36) بێدەوە بۆ (103) بێد بەرز بۆیەوە.

#### ❖ پەرەپێدانی چاودێری چڕ لە پارێزگای سلێمانی

لە پارێزگای سلێمانی (98) بێدی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە حکومیەکاندا هەن، کە (26) بێد لە نەخۆشخانەی شارو (20) بێد لە نەخۆشخانەی دکتۆر جەمال بۆ منداڵان و (12) بێد لە نەخۆشخانەی شۆڕشە، (40) بێدیش لە نەخۆشخانەی ئەڵمانیەو تا ئێستا بە نرخی پاڵپشتیکراوی حکومی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان پێشکەش دەکات و داواکراوە بکرێت بە نیمچە تایبەت، لە سنوری پارێزگای سلێمانی جگە لە سەنتەری پارێزگای سلێمانی هیچ بێدێکی چاودێڕ لە ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و راپەرێن بوونی نیە و پشت بە سلێمانی دەبەستن، هەروەها تا ئێستا هیچ بێدێکی چاودێری چڕ لە پارێزگای هەڵەبجە نیە و ئەوانیش پشت بە سلێمانی دەبەستن، بەدەر لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، کە بەهەردوو کیان (201) بێدی چاودێری چڕیان هەیە، بە پارێزگای دهۆك و تەواوی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و ەك ئیدارەکانی زاخۆ و سۆران تەنیا (23) بێدی چاودێری چڕ هەیە.

بۆ نزیکەی هەر (28,440) هاووڵاتیەك لە هەرێمی کوردستاندا یەك بێدی چاودێری چڕ لە کەرتی گشتیدا هەیە، تا کۆتایی ساڵی 2023 ژمارەکە (74,000) هاووڵاتی بوو بۆ هەر بێدێکی چاودێری چڕ، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات سەرەڕای جوڵە لەم بوارەدا بەڵام هێشتا هەرێمی کوردستان لە ئاستی ئەم خزمەتگوزاریە گرنگە زۆر لە دواوەیە، لە پارێزگایەکی وەك سلێمانیدا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (2,300,000) کەس دەبێت (98) بێدی چاودێری چڕ لە خزمەتدان، بەمەش هەر (23,000) کەسێك لە پارێزگای سلێمانی یەك بێدی چاودێری چڕیان بەردەکەوێت، کە ئەمەش خوار ستانداردی جیهانیەو دەبێت بۆ هەر (10) هەزار کەسێك یەك بێدی چاودێری چڕ هەبێت.

بەرپرسانی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بیانوی خۆیان بۆ کەمیی ژمارەی بێدەکانی ئەو بەشە هەیە، کە دانانی هەر بێدێك زیاتر لە (10,000) دۆلاری تێدە دەچێتومانەوەی یەك نەخۆش بۆ (24) کاتژمێر لە بەشی چاودێڕی چڕ تێچوەکەی لەسەر حکومەت بە پێی بارودۆخی نەخۆشەکە لەنێوان (3,000,000) دینار بۆ (1,000,000) دینارە.

### ❖ گرفتەکانی دەستکەوتنی بێدێکی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە حکومیەکان:

دەستکەوتنی بێدێکی چاودێری چڕی کەرتی گشتی بۆ نەخۆشێك نزیکە لە محاڵەوە، گوێ بەوە نادرێ بارودۆخی نەخۆشخەکە چۆنە، ئەگەر وترا جێگا نیە، ئیتر یان دەبێت نەخۆشەکە ببردرێت بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان یان دەبێت چاوەڕێی مردن بکات، بەرپرسانی تەندروستی بۆ ئەم بابەتەش بیانوی ئەوەیان هەیە، کە هیچ کات بێدەکانی چاودێری چڕ چۆڵ نابن، بۆ نمونە لە سلێمانی و لە نەخۆشخانەی شار نەخۆشی وا هەیە چەند مانگێك ماوەتەوەو دواتر گیانی لە دەستداوە، نەخۆشی واهەبوە، کە خەڵکی

باشوری عێراق بوەو لە سلێمانی تووشی رووداوی هاتووچۆ بوە، بۆ ماوەی حەوت مانگ لەبەشی چاودێری چڕ نەخۆشخانەی شار ماوەتەوەو دواتر گیانی لە دەستداوە.

چەندین چیرۆکی جۆراجۆر لەبارەی چۆنێتی دەستکەوتنی بێدێکی بەشی چاودێری چڕ لە هەرێمی کوردستان هەن، ئەم بەشە زیاتر لەهەموو بەشەکانی دیکە دەستوەردانی حیزبی تێدا دەکرێت، تیمەکانی رێکخراوی ئاران لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتی ژمارە 4 ( راپۆرتی پێشوو)  توانییان چەندین بەسەر هات تۆمار بکەن، کە ئەو کەسانەی نزیکی بەرپرسە دەستڕۆیشتوەکانی حیزبن، بە ئاسانی بێدی ئەو بەشەیان دەستدەکەوێت‌و کەسانی دەست نەرۆیشتوو ئیزن دەدرێن بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان.

**10- ئامێرە پزیشکیەکانی کەرتی گشتی:**

بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا (7,212) ئامێری پزیشکی ستراتیژی لە نەخۆشخانە حکومیەکاندا هەن، بەڵام ئەو ژمارەیە هەمووی لە خزمەتکردن بەردەوام نین، بەڵکو 20٪ ئامێرەکان، کە دەکاتە (1,442) بەهۆی تێکچونەوە لە کارکردن راگیراون.

**11- لەناو بردنی پاشماوەکان لە دامەزراوە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان:**

بەشێوەیەکی گشتی 39٪ دامەزراوە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان پاشەرۆ پزیشکیەکانیان فرێ دەدەن، کە ئەمەش دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارەو سەرچاوەیەکی سەرەکی یە بۆ بڵاو بونەوەی نەخۆشی، تەنیا 9٪ دامەزراوە تەندروستیەکان پاشەڕۆ پزیشکیەکانیان لە سوتێنەردا دەسوتێنن، سوتێنەر بەرێگایەکی زانستی گونجاو دەزانرێت بۆ لەناوبردنی پاشەرۆ پزیشکیەکان بە بەشێوەیەکی سەلامەت، کە ئەو رێگایە بەشێوەیەکی کەم لە هەرێمی کوردستاندا بەکار دەهێندرێت.

**دووەم/ پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا:**

لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، (32) پرۆژەی جۆراو جۆری ئەنجامداوە یان رەزامەندی داوە ئەنجام بدرێن، (28) پرۆژە لەوانە لەلایەن وەزارەتی تەدروستیەوە ئەنجام دراون‌و چوار پرۆژەش لەوانە لەلایەن خێرخواز یان حکومەتی عێراقەوە ئەنجام دراون، کە بریتین لە دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بە کۆرۆنا لە چەمچەماڵ لەلایەنە خێراخوازێك بەناوی دارا مامڵێسی، کە بە کۆکردنەوەی یارمەتی لەخەڵکانی دیکە دروستی کردو رادەستی وەزارەتی تەندروستی کرد و دواتر کرا بە بینای بەرێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ، دروستکردنی نەخۆشخانەیەك لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەسەر بودجەی سەرۆکایەتی کۆمار لە چەمچەماڵ، دروستکردنی نەخۆشخانەیەك لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە لە شاری سلێمانی، دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی پەنجا

تەختی لە لایەن خێرخواز جەمالی حاجی عەلی لە قەزای چەمچەماڵ، بەم پێیەش لە کۆی (32) پرۆژەی تەندروستی لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا (28) پرۆژە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە ئەنجامدراون و چوار پرۆژە لەلایەن خێرخوازان و حکومەتی عێراقەوە ئەنجام دراون، کە هەر چواریان دەکەونە سنوری پارێزگای سلێمانیەوە، لە کۆی ئەو (28) پرۆژەیەی وەزارەتی تەندروستی ئەنجامی داون، تەنیا یەك پرۆژەیان دەکەوێتە پارێزگای سلێمانییەوە، کە بریتی یە لە دروستکردنی نەخۆشخانەی ژیان بۆ کۆرۆنا لە سنوری ئیدارەی راپەرین، (27) پرۆژەکەی دیکە دەکەونە سنوری پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکەوە، بەم پێیەش 0.35٪ وەزارەتی تەندروستی بۆ سنوری پارێزگای سلێمانی بوەو 99.65٪ بۆ سنوری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بوە، هەروەها لە کۆی ئەو (32) پرۆژەیەی لەلایەن خێرخوازان و وەزارەتی تەندروستی یەوە دروستکراون، پێنج پرۆژەیان بۆ سنوری پارێزگای سلێمانی بوە کە دەکاتە 15٪ پرۆژەکان.

**تەوەرەی دووەم/ سیمی پرایڤد - نیمچە تایبەت**


**یەکەم/ سیمی پرایڤد چییە و چۆنە؟**

ئەم سیستەمە لە ساڵی 2014 وە لە سەرجەم نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت وەزارەتی تەندروستی بە ئامانجی ئەوەی خەڵك ناچار نەبێت پەنا بۆ کەرتی تایبەتونەخۆشخانەی تایبەت ببات ئەم سیستەمەی داهێناوە، پێناسەی کورتی ئەم سیستەمە ئەوەیە نەشتەرگەری و تیشکە جۆراو جۆرەکان و راپۆرتی پزیشکی بە نیوە نرخ لە نەخۆشخانە حکومیەکان بە ئامێری حکومەتو کارمەندی حکومەتو لەناو بینای حکومەتدا دەکرێت، بەپێی رێنماییەکان دەبێت سەرجەم نەشتەرگەرییەکانی سیمی پرایڤد لە دوای کاتژمێر دووی پاش نیوەرۆوە بکرێن و دەبێت لە کاتی بەیانیاندا پزیشکەکان ئەو پشکەی کە بۆیان دیاری کراوەو پێویستە بە بێ بەرامبەر وەك خزمەتگوزاری تەندروستی بێ بەرامبەر پێشکەش بەهاووڵاتیانی بکەن تەواو کردبێت دوای ئەوە نەخۆش ئاراستەی سیمی پرایڤد بکەن، بەپێی زانیاریەکان هەر پزیشکێك لەسەریەتی بەپێی توانای نەخۆشخانەکە رۆژانە بێ بەرامبەر پێنج نەشتەرگەریی بکات، کە ئەویش یەك نەشتەرگەری گەورەو دوو نەشتەگەری ناوەندو دوو نەشتەرگەری بچوك، دەکرێت دوو نەشتەرگەری گەورەو یەك بچوك یان یەك ناوەند بکات، دوای ئەوە ئەگەر پێویستی نەشتەرگەریی زیاتر بوو ئەوا دەکرێت نەخۆشەکان ئاراستەی سیستەمی سیمی پرایڤدبکرێن بە نیوەی نرخی بازار نەشتەگەریان لە نەخۆشخانە حکومیەکان بۆ بکرێت. لە ئێستا ئەم سیستەمە هیچ پاڵپشتیەکی یاسایی نیە، هەندێك لە یاسا ناسان وای دەبینن، کە دژی بنەماکانی دەستوری عێراقە، چونکە دەستوری عێراق لەماددەی 31 لە برگەی یەکەمدا باسی لەوە کردوە ئەرکی دەوڵەتە

خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە هاووڵاتیان بکات و نەخۆشخانەی جۆراجۆر بۆ چارەسەرکردنی خەڵك دروست بکات. وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەیەوێت پاڵپشتیەکی یاسایی بۆ سیمی پرایڤد بدۆزێتەوە، ئەویش بە هەموارکردنەوەی یاسای وەزارەتی تەندروستی، لەبەشەکانی دیکەی ئەم راپۆرتەدا بە وردی باس لە دەقی هەموارەکە دەکرێت.

## 1- ئایا رێنماییەکانی سیستەمی سیمی پرایڤد وەك خۆی جێبەجێ دەکرێن؟


بەپێی رێنماییەکان دەبێت نەخۆشخانە حکومیەکان 100٪ ئەو توانایەی بۆ بەیانیان هەیانە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری حکومی بێ بەرامبەر خستبێتیە گەڕ، ئەو کات نەخۆش ئاراستەی سیمی پرایڤد بکەن وە نابێت پێش کاتژمێر دووی دوا نیوەرۆ هیچ نەشتەرگەرییەکی سیمی پرایڤد لەنەخۆشخانە حکومییەکان بکرێت، بەڵام ئەم رێنماییە بە تەواوی لەلایەن نەخۆشخانە حکومییەکانەوە پێشێل کراوەو کار گەیشتوەتە ئەوەی بە دەگمەن نەشتەرگەرییەکی بێ بەرامبەر لەنەخۆشخانە حکومییەکان دەکرێت، مەگەر نەخۆشەکە برابێتە بەشی فریاکەوتنو بێهۆش بێتوبارودۆخی لە مەترسیەکی تەواودا بێت، بەشێکی زۆرلەو نەخۆشخانەی لە سیمی پرایڤد نەشتگەرییان بۆ دەکرێت لەپێش کاتژمێر 12ی نیوەرۆ بۆیان دەکرێت، نەشتەرگەریی هەیە لە کاتژمێر 10 بۆ 11ی پێش نیوەرۆ ئەنجام دەدرێت، ئەمەش پێشێل کردنی زەقی بریارەکەیەو پێچەوانەی یاسایە، گرفتێکی دیکەی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی بێ بەرامبەر لە نەخۆشخانە حکومیەکان دووریی نۆرەی بەرکەوتنە، بەشێوەیەکی گشتی نۆرەی نەشتەرگەریی بێ بەرامبەر لە سێ مانگی بۆ سێ ساڵە، نەخۆش هەیە بۆ نەشتگەرییەك بێ بەرامبەر پێی




وتراوە سێ ساڵی دیکە وەرەوە، نەخۆش هەبوە لە 2021 سەرەی بۆ نوسراوە 2024نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدراوە بەڵام بە سیمی پرایڤد هەمان رۆژ یان بەهیچ جۆرێك لەیەك هەفتە تێپەڕ ناکات، لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتی ژمارە (3) دا تیمەکانی ئاران زانیاری ئەوەیان دەست کەوت کە پزیشکی وا هەبوە وتویەتی من لەکاتژمێر 9 تا 2ی پاش نیوەرۆ تەنیا فریای ئەنجامدانی سێ نەشتەگەریی بێ بەرامبەر دەکەوم چونکە نەشتەرگەریی دەبێت بە وردی و لەسەرخۆ ئەنجام بدرێت، بەڵام هەمان پزیشك لەکاتژمێر2ی پاش نیوەرۆ تا 7ی شەو شەش نەشتگەری لەسیستەمی سیمی پرایڤد یان لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان ئەنجام دەدات، کە ماوەکە هەمان ماوەیە بەڵام نەشتەرگەرییەکان دوو هێندەن، لەم راپۆرتەشدا تیمەکانی ئاران بەدواداچوونیان بۆ ئەو پرسە کردەوەو دەرکەوت هێشتا بەردەوامە و چەندین پزیشك لە کەرتی گشتیدا بەو جۆرە کار دەکەن.

شارەزایانی کەرتی تەندروستی حکومی پێیان وایە ئەم سیاسەتەی حکومەتی هەرێم گرتویەتیە بەر بەناوی سیمی پرایڤد (نیمچە تایبەت) راهێنانی خەڵکە لەگەڵ ئەوەی کەرتی گشتی تەندروستی نەمێنێت‌و بەرەو کەرتی تایبەت خەڵك ئاراستە بکرێت، ئەمەش لەژێر کاریگەریی حیزبەکانی دەسەڵاتدا، چونکە کۆمپانیا هەرە گەورەکانی بواری دەرمان‌و تەندروستی‌و نەخۆشخانە ئەهلیەکان هی حیزبەکان یان بەرپرسە باڵاکانی حیزبەکانن، ئاراستە کردنەکەش ئاراستەکردنە بەرەو بازاری رەش نەك بیمەی تەندروستی‌و پابەند بوون بە رێنماییە تەندروستییەکانەوە.

سیمی پرایڤد جگە لەنەشتەرگەریی کاروباری دیکەی پزیشکی گرتۆتەوە، بۆنمونە تیشکی MRI و CT-Scan بەپێی رێنماییە تەندروستییەکان دەبێت بە نرخی (25,000)دینار بۆ هاووڵاتیان بگیرێت ئەو کاتەی پزیشك داوای دەکات، بەڵام بەو نرخە نۆرەی ئەنجامدانی ئەو تیشکە بەم جۆرەیە لە هەندێك لەو نەخۆشخانانەی لۆدیان کەم لەسەرە مانگێکی پێدەچێت، ئەوانەی لۆدیان مام ناوەندە سێ مانگ‌و ئەوانەشی لۆدیان زۆر لەسەرە لەشەش مانگ کەمتر نیە، گوێش بەوە نادرێت کە نەخۆش باری تەندروستی خراپە، بەڵام بە هەمان ئامێرو لەناو هەمان بینادا ئەگەر بێت‌و نەخۆش ئامادە بێت بە سیمی پرایڤد (نیمچە تایبەت) کە نرخی هەر تیشکێك (70,000) دینارە بیگرێت ئەوا هەمان رۆژ ئەو جۆرە تیشکەی بۆ دەگیرێت کە لەناو خەڵکدا بە ئەشیعەی تەنوری ناو دەبرێت.




ژمارەی ئەو تیشکانەی لەنەخۆشخانە حکومیەکان لەبواری MRI و Ct Scanساڵانە لە پارێزگای سلێمانی دەگیرێن (20,000) تیشك تێپەڕ دەکات، لە پارێزگای دهۆکیش ساڵانە ژمارەی ئەو تیشکانەی لە هەردوو بوارەکەدا دەگیرێن بریتی یە لە زیاتر لە (26,000) تیشك کە(19,979) تیشکی Ct Scan و ئەوەکانی دیکەش تیشیکی MRIین، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست تیمەکانی رێکخراوی ئاران کەوتوون 61٪ تیشکە گیراوەکان لە هەردوو بوارەکەدا لە هەردوو پارێزگا لە ئێواران‌و بە نیمچەتایبەت دەگیرێن، کە نرخی هەر تیشکێك لەو دو بوارەدا (70,000) دینارە.

بەتایبەت کردنی کەرتی حکومی و ناچار کردنی خەڵك کە لە نەخۆشخانە حکومیەکان بە پارە نەشتەرگەریی ئەنجام بدەن، هەروەها ناچارکردنی خەڵك کە بەپارەیەکی زۆر لە کەرتی تایبەت‌و نەخۆشخانەی ئەهلی خزمەتگوزاری تەندروستی وەربگرن، هیچ بارگرانیەکی لەسەر شانی حکومەت سوك

نەکردوە، حکومەت هەمان بودجەو موچەی ساڵانی رابردوو بۆ وەزارەتی تەندروستی تەرخان دەکات، بەم جۆرە:-

**تەنیا بۆ موچەی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت ئەم برە پارەیە دابین بکات:-**

- مانگانە بڕی (50,520,000,000) پەنجا ملیارو پێنجسەدو بیست ملیۆن دینار.
- ساڵانە (606,240,000,000) شەشسەدو شەش ملیارو دوو سەدوو چل ملیۆن دینار

کۆی ئەو پارەیەی لە ساڵی 2011 وە بۆ کۆتایی 2024 تەنیا بۆ موچەی وەزارەتی تەندروستی تەرخان کراوە بریتی یە لە (7,881,120,000,000) حەوت تریلۆن هەشتسەد و هەشتاو یەك ملیار و سەدو بیست ملیۆن دینار، کە یەکسانە بە نزیکەی حەوت ملیار دۆلار، هەرچەندە بەهۆی پەسەند نەکردنی بودجەوە لەساڵی 2014 وە داتاکان وەك پێویست بەردەست نین بەڵام کۆی ئەو پارەیەی لە (13) ساڵی رابردوودا حکومەت هەرێم بۆ موچەو پێداویستیەکانی دیکەی وەزارەتی تەندروستی تەرخانی کردوە پازدە ملیار دۆلار تێپەر دەکات، بەڵام بێ بەرهەمەو بێ پلان بەکار هێنراوە، کۆتاییەکەی هەرەسی کەرتی گشتی بوەو خەڵکی لەگیرفانی خۆیان نەخۆشەکانیان چارەسەر دەکەن، کۆمپانیای حیزبیو کەسانی دەست رۆیشتووی حیزبو خاوەن بەرژەوەندی هەرەسیان بە کەرتی گشتی تەندروستی هێناوەو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریان هێناوە، کە سەرەرای ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان لە (13) ساڵی رابردوودا داهاتی ووڵاتەکەیان سەرو پازدە ملیار دۆلاری بۆ کەرتی تەندروستی خەرج کراوە، بەڵام هیچ هاووڵاتیەك حاڵی حازر ناتوانێت بە ئاسانی نەشتەرگەریەکی بێ بەرامبەری لە نەخۆشخانە حکومیەکان بۆ ئەنجام بدات، ئەگەر بێتو زۆر زەروریش بێت.

**2- وەزارەتی تەندروستی نەشتەرگەرییەکانی سیمی پرایڤد کە بە پارە کراون دەکات بە چالاکی خۆی.**

دامودەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان مانگانەو ساڵانە ئاماری ئەنجامدانی نەشتەرگەرییو خزمەتگوزاری تەندروستی لە وێبسایتەکانیانو دەزگاکانی راگەیاندن بڵاو دەکەنەوە، کە گوایە وەك خزمەتگوزاری تەندروستی بێ بەرامبەر پێشکەش بە هاووڵاتیان کراوە، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو نەشتەرگەریانەو ئەو خزمەتگوزاریانە بە پارە لەناو نەخۆشخانە حکومیەکاندا کراون، بەڵام حکومەت وەك چالاکی خۆیو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بێ بەرامبەر نمایشیان دەکات.

بەپێی ئامارەکان ساڵانە لە هەرێمی کوردستان لە هەرچوار پارێزگاکەو هەر چوار ئیدارە سەربەخۆکە زیاتر لە (232,000) نەشتەرگەری بە هەموو جۆرەکانیەوە لە نەخۆشخانە حکومیەکان ئەنجام دەدرێن، بەشی هەرە زۆری ئەو نەشتەرگەریانە لە چورچێوەی سیستەمی نیمچە تایبەتدا ئەنجام دەدرێن، بە پێی بەدوادا چونەکانمان 67٪ نەشتەرگەریەکان بە نیمچە تایبەت دەکرێن، بەڵام بەرێوەبەرایەتیەکانی تەندروستی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان کاتێك ئامار بلاو دەکەنەوە وا نیشان دەدەن کە ئەو نەشتەرگەریانە بە بێ بەرامبەر ئەنجام دراون، لە کاتێکدا ساڵانە لە کۆی (232) هەزار نەشتەر گەریی (155,440) نەشتەرگەریی بە نیمچە تایبەت و لەبەرامبەر وەرگرتنی پارە بۆ هاووڵاتیان ئەنجام دەدرێن و ساڵانە تەنیا (76,560) نەشتەرگەریی بێ بەرامبەر بۆ هاوولاتیان ئەنجام دەدرێن.

**نرخی نەشتەرگەریی نیمچە تایبەت لە نەخۆشخانە حکومیەکان بەمجۆرەیە:-**

- نەشتەرگەری بچوك 100,000 تا 150,000 دینار
- نەشتەرگەریی ناوەند 300,000 تا 500,000 دینار
- نەشتەرگەریی گەورە لەسەروی یەك ملیۆن دینار
- نەشتەرگەریی تایبەت بەپێی جۆری نەشتەرگەریەکە دەگۆرێت بەزۆری لەسەروی سێ ملیۆن دینارەوەیە.

نرخی بەشێك لەنەشتەرگەریەکان لەسیستەمی نیمچە تایبەتی حکومی لەنرخی بازار زیاترە، بۆ نمونە جۆرێك لە نەشتەرگەریی بڕبڕەی پشت لە نیمچە تایبەتی حکومی بە (1,500,000) دینار ئەنجام دەدرێت، لەنەخۆشخانەی ئەهلیش هەمان نرخە، جۆرێکی تر لە نەشتەرگەریی بڕبڕەی پشت لەنیمچە تایبەتی حکومی بە(3,000,000) دینار ئەنجام دەدرێ بەڵام لەنەخۆشخانە ئەهلیەکان لەخوار ئەو نرخەوەیە.

**دووەم/ سەنتەرەکانی دڵ لە هەرێمی کوردستان:-**

لە هەرێمی کوردستان سێ سەنتەری چارەسەری نەخۆشیەکانی دڵ هەیە، کە دەکەونە سەنتەری هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆکەوە، گرفتی سەرەکی خەڵك لەگەڵ ئەم سەنتەرانە ئەوەیە ئەو نەشتەرگەریانەی لەو سەنتەرانە دەکرێن لەبوارەکانی قەستەرەو دانانی باڵۆنو شەبەکەو کردنەوەی سینگ (فەتح سەدر) بەپارەنو لەو بوارەدا نەشتەرگەریی بێ بەرامبەر نەماوە.

لە هەر سەنتەرێك لەوانە ساڵانە (3,600) نەشتەرگەریی کردنەوەی سینگ دەکرێن، کە لەکۆی هەرێمی کوردستان دەکاتە (10,800) نەشتەری کردنەوەی سینگ لە ساڵێکدا، بۆ هەر

نەشتەرگەریەك بەلای کەمەوە بڕی (3,000,000) ملیۆن دینار لە نەخۆش وەردەگیرێت کە ساڵانە دەکاتە (32,400,000,000) سی و دوو ملیار و چوارسەد ملیۆن دینار، هەروەها هەر سەنتەرێك لە سەنتەرەکان سالانە بەلای کەمەوە (5,500) کاری قەستەرەو دانانی باڵۆن و شەبەکە دەکەن کە لەهەر سێ سەنتەرەکە ساڵانە دەکاتە (16,500) کاری لەو جۆرە، بۆ هەر پرۆسەیەکی لەم جۆرە ئەو برە پارەیەی لە نەخۆش وەردەگیرێت لە نێوان (1,000,000) بۆ (2,000,000) دیناردایە، کە نرخی ناوەندی بۆ هەر نە پرۆسەیەك (1,200,000) دینارە، بەمەش ئەو پارەیەی لەم بوارەدا بەدەست دێت ساڵانە بریتی یە لە (19,800,000,000) نۆزدە ملیار و هەشت سەد ملیۆن دینار.

ئەو پارەیەی لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت لە سیستەمی نیمچە تایبەت کە لەناو تەندروستیدا بە سیمی پرایڤد ناسراوە، 20٪ بۆ کارمەندانی تەندروستیە ئەوانەی بەشدارییی لە نەشتەرگەریەکەدا دەکەن 40٪ بۆ پزیشکی ئەنجامدەری نەشتەرگەرییە، 40٪ بۆ وەزارەتی تەندروستیە، ئەمەش ئەوە دوپات دەکاتەوە ئەو کارمەندو پزیشکانەی موچەی حکومەت لەبەرامبەر خزمەتکردنی خەڵك وەردەگرن لە هەمان کاتو هەمان شوێنو بە هەمان ئامێرو پێداویستی بە پارە رێگەیان پێدراوە کاری نیمچە تایبەت ئەنجام بدەن، کە ئەمەش پێچەوانەی ناوەرۆکی یاسای کارگێڕی عێراقە کە لە وەسفی فەرمانبەری دەوڵەتداو لەریزی ئەو کارانەی کە نابێت فەرمانبەر لەسنوری فەرمانگەکەی خۆیدا بیکات ئەوەیە نابێت بە ئەنجامدانی هەندێك کاری بازرگانی هەڵبسێت کە پەیوەندی بەفەرمانگەکەی خۆیەوە هەبێت. بۆ پەردە پۆشکردنی سیمس پراڤد هەندێك لە دامودەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی ناوێکی نوێیان داهێناوە، کە پێی دەڵێن خۆ بژێوی، مەبەست لە خۆ بژێوی ئەوەیە ئەو پارەیەی لەبەرامبەر خزمەتگوزاریە نیمچە تایبەتەکان وەردەگرێت بۆ بەرێوەبردنی نەخۆشخانەکانە، لەکاتێکدا 60٪ پارەکە بۆ پزیشك و کارمەندانی تەندروستیە کە هاوکات لەبەرامبەر ئەو دەوامەی دەیکەن موچە لە حکومەت وەردەگرن.

**سێیەم/ بە نیمچە تایبەت کردنی یەکەی چاودێری چڕ:-**

سلێمانی یەکەم پارێزگای هەرێمی کوردستان و عێراقە کە یەکەی چاودێری چڕ لە یەکێك لە نەخۆشخانەکان دەکاتە پارە بەشێوەی نیمچە تایبەت، ساڵی 2020 و لە چوارچێوەی یارمەتیەکانی وڵاتی ئەڵمانیا بۆ هەرێمی کوردستان، بە بڕی (4,500,000) یۆرۆ نەخۆشخانەیەك لە شاری سلێمانی دروستکرا، ئەم نەخۆشخانەیە بە نەخۆشخانەی ئەڵمانی ناسراوە، لەسەر داوای بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی یەکەی چاودێری چڕ لەو نەخۆشخانەیە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە دەکرێت بە نیمچە تایبەت، کە (40) بێدی چاودێری چڕ لە خۆ دەگرێت و سەرجەم بێدەکان ئامادەکراون.

**دەكرێت چەند خاڵێكی ئەرێنی و نەرێنی لەم هەوڵەی تەندروستی سلێمانیدا ببینرێن لەوانە:-**

**خاڵە ئەرێنیەكانی ئەم هەوڵە:-**

- نرخی یەك (24) كاتژمێر مانەوە بەپێی ئەو سیستەمە بریتیە لە (150,000) دینار، ئەمە لەكاتێكدا لە نەخۆشخانە تایبەتەكان برتی یە لە چەندین ملیۆن دینار.
- زیادبوونی ژمارەی بێدەكانی چاودێری چڕ لە سلێمانی بۆ (98) ی حكومی لە كاتێكدا پێشتر تەنیا (46) بێد بوو بۆ هەموو پارێزگاكە بە پارێزگای هەڵەبجەو ئیدارەكانی راپەرین و گەرمیانیشەوە.

**خاڵە نەرێنیەكان:-**

- ئەم نەخۆشخانەیە بە یارمەتی وڵاتێكی بێگانە و لە پێناو یارمەتیدانی خەڵكدا دروستكراوە، ئێستا كە خزمەتگوزاریەكانی دەكرێت بە پارە، بۆ ناوبانگی هەرێمی كوردستان و وەزارەتی تەندروستی و تەندروستی سلێمانی باش نیە.
- خەڵك ئومێدێكی زۆری بەم نەخۆشخانەیە هەبوو، كە بتوانێت جیاواز لە نەخۆشخانەكانی تر یان بەلای كەمەوە هاوشێوەی ئەوان خزمەتگوزاری بێ بەرامبەر پێشكەش بكات، بەڵام خەریكە ئەو ئومێدە نامێنێت.
- بە نیمچە تایبەت كردنی خزمەتگوزاریەكانی ئەو نەخۆشخانەیە هیچ پاڵپشتیەكی یاسایی نیە و دژی بنەماكانی دەستوری عێراقە.

**چوارەم/ كێ سودمەندی داهێنانی سیستەمی سیمی پاریڤد (نیمچە تایبەتە)؟**

وەزارەتی تەندروستی تەنیا 40٪ داهاتی ئەو نەشتەرگەریانەی بەر دەكەوێت، 60٪ دەروات بۆپزیشكو كارمەندانی تەندروستی بەشدار لە نەشتەرگەریەكان و خزمەتگوزاریەكانی تر، ئەمەش دەری دەخات حكومەت وەك پێویست لێی سودمەند نابێت، لەمیانی هەموو ئەو رێشوێنانەی بۆ ئامادەكردنی ئەم راپۆرتە گیرانە بەر لێكۆڵینەوە لە هۆكاری ئەوە كراوە كە وەزارەتی تەندروستی ئەم سیستەمە پەیرە و دەكات بێ ئەوەی وەك پێویست لێیی سودمەند بێتو بارگرانیشی خستۆتە سەر هاووڵاتی، ئایا دەبێت هۆكارەكەی چی بێت؟ ئەنجامەكان ئەوەن كە حیزبە دەست رۆشتوەكانو كەسانی دەسترۆیشتوی ناو حیزب كاریگەریی تەواویان لەسەر وەزارەتی تەندروستی هەیەو هەر ئەو جۆرە

**کەس‌ولایەنانە بەپلان کار بۆ نەهێشتنی کەرتی گشتی تەندروستی دەکەن‌و لەبەرژەوەندی کۆمپانیاو نەخۆشخانە ئەهلی‌و کۆمەڵگا پزیشکیەکانیان، کەرتی گشتی بەرەو هەرەس یان هاوشێوەکردنی بە کەرتی تایبەت دەبەن، داهێنانی سیمی پرایڤد (نیمچە تایبەت) بەشی هەرە سەرەکی ئەو پیلانەیەو نەبوونی دەرمان لە نەخۆشخانەکان‌و ناچارکردنی خەڵك بە کرینی دەرمان لەبازار تەواوکەری بەشەکانی دیکەی پیلانەکەیە.**

**تەوەرەی سێیەم/ کلینکە پزیشکیە ئێوارانەکان**

**بەهۆی نائومێدبوونیان لە کەرتی گشتی‌و دەستنکەوتنی خزمەتگوزاری پێویست لەو کەرتەدا خەڵك ناچارن رو لەبازارو لەونێوەندەشدا رو لە کلینکە پزیشکیە ئێوارەکان(عیادەکان) بکەن، کۆی ژمارەی کلینە پزیشکییە ئێوارەنەکان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا جگە لە کلینەکانی ددان تا کۆتایی ساڵی 2023 بریتی یە لە (3,160) کلینك، لە کاتێکدا تا کۆتایی ساڵی 2021 بریتی بوو (3,37) کلینیك بەم پێیەش لەماوەی هەردوو ساڵی 20222 و 2023دا لە هەرێمی کوردستان (123) کلینکی نوێی پزیشکی کراونەتەوە، هەروەها کۆی کلینکە پزیشکیەکانی تایبەت بە ددان لە هەرێمی کوردستان تا کۆتایی ساڵی 2023 بریتییە لە (2,669) کلینکی ددان. بەپێی بەدوادا چوونەکانی تیمەکانمان ژمارەی ئەو نەخۆشانەی رۆژانە سەردانی کلینەکەکانی ئێواران دەکەن تا کۆتایی ساڵی 2024 لەنێوان نۆ نەخۆش بۆ (90) نەخۆشن بۆ هەر کلینیکێك، بەشی هەرە زۆری کلینیکەکان ژمارەی نەخۆشەکانیان لەنێوان (15 بۆ 45) نەخۆشدایە، لەکاتێدا لە راپۆرتی ژمارە (3) دا تێکرای ژمارەی سەردانی نەخۆش بۆ کلینکە ئێوارانەکان تا کۆتایی ساڵی 2021 بریتی بوو لەنێوان (9-60) نەخۆش بوو، هەروەها (15) نەخۆش وەك ژمارەی تێکرا بۆ کلینیکە ئێوارەنەکان دیاری کرابوو، بەم پێ یە رۆژانە (45.555) کەس وەك نەخۆش سەردانی کلینکە ئێوارانەکانیان تا کۆتایی ساڵی 2021 دەکرد، کە ئەم ژمارەیە سەردانی کەرانی کلینکەکانی ددانی ناگرتەوە، لەماوەی نێوان هەردوو راپۆرتەکەدا واتا لە دوو ساڵدا ژمارەی ئەو نەخۆشانەی رۆژانە سەردانی کلینکەکان دەکەن زیادی کردوە، لە راپۆرتی ژمارە (3) دا تێکرای رۆژانەی سەردانی نەخۆش بۆکلینکەکان بریتی بوو لە (15) نەخۆش، بەڵام لە راپۆرتی ژمارە 4دا بە (19) نەخۆش دیاری کرابوو، بەڵام لەم راپۆرتەدا کە ورد تر کاری لەسەر کراوە، ژمارەی سەردانیکردنی هەر کلینیکێك بە (22) نەخۆش بە تێکڕا دانراوە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا رێژەی سەردانی نەخۆش بۆ کلینیکە ئێوارانەکان بۆ 53٪ بەرز بۆتەوە.**

له ساڵانی 2022 و 2023 دا رۆژانە زیاتر لە (60,000) نەخۆش لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا سەردانی کلینکە پزیشکیەکانیان کردوە، لەکاتێکدا تا کۆتایی ساڵی 2021 رۆژانە نزیکەی (45,000) کەس سەردانی ئەو کلینکانەیان کردوە. ئەم ژمارەیە کلینکەکانی ددان ناگرێتەوەو ئەم راپۆرتە کاری لەسەر ژمارەی سەردانی کەرانی ئەو جۆرە کلینکەی نەکردوە، بەڵام لە ساڵی 2024دا رۆژانە (69,520) نەخۆش لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان سەردانی کلینیکە ئێوارانەکانیان کردوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات بە بەراوراد بە ساڵی 2021 رێژەی سەردانی کردن 53٪ بەرزبۆتەوە، هەروەها بەراورد بە بە ساڵی 2023 رێژەی سەردانی کردن 15٪ بەرز بۆتەوە

**نرخی بینینی نەخۆش لەلایەن کلینکە ئێوارەنەکانەوە:-** بەپێی بە دواداچونەکانمان بەشی هەر زۆریان (15,000) دینارە، بەشێك لە کلینکەکان (20,000) دینار و هەندێکیش بەتایبەت ئەوانەی لەناو نەخۆشخانە ئەهلیەکان کار دەکەنوبەسەربەخۆ نەخۆش دەبینن (35,000) دینارە، ئەمە جگە لەوەی بەشێك لە کلینەکان کە لە کۆمەڵگا پزیشکیەکاندان(3000) دینار وەردەگرنو کلینکی واش هەیە (5000) دینار تا (10,000) دینار وەردەگرێت ، بەڵام بەشی هەر زۆر لەنێوان (15,000 بۆ 20,000) دینارە، ئەم راپۆرتە نرخی (15,000) دیناری وەك نرخی تێکڕا وەرگرتوە، بەم پێی یە ئەو پارەیەی رۆژانەو هەفتانەو مانگانەو ساڵانە لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت بە کرێی بینینی نەخۆش لەلایەن پزیشکەکانەوە لە کلینکە ئێوارانەکان بەم جۆرەیە:-

**لەساڵی 2021 دا ئەو پارەی رۆژانە لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەدرا بە کلینکە پزیشکیەکان بەمجۆرە بوو.**

- رۆژانە (683,325,000) شەش سەدو هەشتاو سێ ملیۆنو سێ سەدو بیستو پێنج هەزار دینار.
- پێنج رۆژی هەفتەیەك (3,416,625,000) سێ ملیاروچوار سەدوشازدە ملیۆنوشەش سەدوبیستوپێنج هەزار دینار.
- بیست رۆژی مانگێك (13,666,500,000) سیازدە ملیارو شەششەد شەست و شەش ملیۆنوپێنجسەد هەزاردینار.
- لە ساڵێکدا (163,998,000,000) سەدوشەست و سێ ملیارو نۆسەدو نەوەد و هەشت ملیۆن دینار.

لە هەردوو ساڵی 2022 و 2023 دا ئەو پارەی رۆژانەو هەفتانەو مانگانەو ساڵانە لەلایەن هاوڵاتیانەوە دەدرێت بە کلینکە پزیشکیەکان ئەم جۆرەیە:-

- رۆژانە (900,600,000) نۆسەد ملیۆن و شەشسەد هەزار دینار.
- پێنج رۆژ لە هەفتەیەکدا (4,503,000,000) چوار ملیار و پێنجسەدوسێ ملیۆن دینار.
- بیست رۆژ لە مانگێکدا (18,012,000,000) هەژدە ملیار و دوازدە ملیۆن دینار.
- ساڵانە (216,144,000,000) دوو سەد و شازدە ملیار و سەدوچلوچوار ملیۆن دینار.

ئەم بەراوردەش دەری دەخات ئەو پارەیەی ساڵانە هاووڵاتیان دەیدەن بە چارەسەر لە کلینکە پزیشکیەکان بە رێژەیەکی زۆر زیادی کردوە، کە ئەو پارەی لە ساڵانی 2022 و 2023 دراوە بە چارەسەر لەو کلینکانە (52,146,000,000) پەنجاو دوومليار و سەد و چل و شەش ملیۆن دیناری زیاترە لە ساڵی 2021.

لە ساڵی 2024 رۆژانە بڕی (1, 042,800,000) یەك ملیار و چل و دوو ملیۆن و هەشت هەزار دینار لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە دراوە بە کرێی بینینی پزیشك لە کلینیکە ئێوارانەکان، کە لەساڵی 2023 هەمان کرێ رۆژانە رۆژانە (900,600,000) نۆسەد ملیۆن و شەشسەد هەزار دینار بوە، بەمەش بەرێژە نزیکەی 16٪ زیادی کردوە هەروەها بە بەراورد بە ساڵی 2021 رێژەی پارەدانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە کرێی بینینی پزیشك 53٪ زیادی کردوە.

**تێچووی یەك نەخۆش لە ساڵی 2021 دا و بە پێی راپۆرتی ژمارە (3) رۆژانەو هەفتانەو مانگانەو ساڵانە بەمجۆرەبوە:-**

هەر بەپێی بەدواداچوونی تیمەکانمان هەر نەخۆشێك کە لەساڵی 2021دا سەردانی پزیشکی ئێوارانی کردوە جگە لە پارەی بینینی پزیشك برِی ئەو پارەیەی بۆ پشکنینوکرینی دەرمان دەیدات لەنێوان (15,000 دینار بۆ 75,000) دیناردایە بەشی هەر زۆری نەخۆش ئەو پارەیەی دەیدات لەنێوان (20,000 بۆ 40,000) دیناردایە، ئەمە جگە لە حاڵەتە تایبەتەکان کە تێچونێکی بەرزی هەیە، راپۆرتەکە نرخی (25,000) دیناری وەك نرخی تێکرِا بۆ تیچوونی هەر نەخۆشێك بەدەر لە کرێی بینینی نەخۆش داناوە، کە ئەمە وەرگرتنی لانی کەمی تێچوونە، بەم پێیە ئەو پارەیەی لەهەرێمی کوردستاندا لە ساڵی 2021خەڵك داوێتی بە پێداویستیەکانیان کاتێك سەردانی عیادە پزیشکیەکان دەکەن جگە لە کرێی بینینی پزیشك رۆژانەو هەفتانەو مانگانەو ساڵانە بەمجۆرەبوە:-

- رۆژانە (1,138,875,000) یەك ملیارو سەدوسیو هەشت ملیۆنو هەشت سەدو حەفتاو پێنج هەزار دینار .
- پێینج رۆژی هەفتەیەك (5,694,375,000) پێنج ملیارو شەش سەدونەوەدو چوار ملیۆنو سێ سەدو حەفتاوپێنج هەزاردینار.

- بیست رۆژی مانگێك (22,777,500,000) بیست و دوو ملیارحەتسەد حەفتاو حەوت ملینۆن و پێنجسەد هەزار دینار.
- سالێك (273,330,000,000)  دوو سەد حەفتاوسێ ملیار و سێسەدوسی ملیۆن دینار.

كۆی ئەو پارەیەی خەڵكی هەرێمی كوردستان لە ساڵێكدا  بەهۆی سەردانیی كردنی عیادە پزیشكییەكان دەیدەن بە كرێی بینینی نەخۆش‌وتێچووی نەخۆشەكانیان بریتی بوە لە (437,328,000,000) چوارسەدوسی‌وحەوت ملیارو سێسەدبیست‌وهەشت ملیۆن دینار.

**كۆی ئەو پارەیەی لە ساڵی 2024دا هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان داویانە بە پێداویستیەكانی سەردانیی كردنی عیادە ئێوارەكان بەدەر لە پارەی بینینی پزیشك:-**

ئەم راپۆرتەش بڕی (25,000) دیناری وەك نرخی ناوەند دیاری كردوە بۆ تیچوی پێداویستیەكانی دیكەی سەردانی پزیشك، كە ئەوە لانی كەمی تێچونە.

- رۆژانە (1,738,000,000) یەك ملیار و حەوتسەد و سی و هەشت ملیۆن دینار.
- پێنج رۆژ لە هەفتەیەكدا (8,690,000,000) هەشت ملیار و شەشسەد  و نەوەد ملیۆن دینار.
- بیست رۆژ لە مانگێكدا (34,760,000,000) سی و چوار ملیار و حەوتسەد و شەست ملیۆن دینار.
- ساڵانە (417, 120,000,000) چوار سەد  حەڤدە ملیاو  سەدو بیست ملیۆن دینار، بەمەش رێژەی پارەدانی هاووڵاتیان  بە كرێی بینینی پزیشك لە ساڵی 2024دا بەراورد بە ساڵی 2023 بەرزبونەوەكەی 16٪ یە.

**تەوەرەی چوارەم/ نەخۆشخانە تایبەتەكان ( ئەهلیەكان)**

لە دوای كلینكە ئێوارەكان نەخۆشخانە ئەهلیەكان وێستگەی دووەمی نەخۆشن لە هەرێمی كوردستاندا، هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان بە لێشاو روو لە نەخۆشخانە ئەهلیەكان دەكەن بۆ چارەسەر كردن، بۆ دیاریكردنی ژمارەی نەخۆشخانە ئەهلیەكانی هەرێمی كوردستان، ژمارەی جیاواز هەیە، لەداتاكانی حوكەمەتدا (62) نەخۆشخانەدەرەكەون، بەڵام لە واقیعدا (79) نەخۆشخانەی ئەهلی لە هەرێمی كوردستان بونیان، (31) نەخۆشخانەیان بە تەنیا لە شاری هەولێرە، ئەوەش دەكاتە 39٪ كۆی نەخۆشخانە ئەهلیەكان كە دەكەونە شاری هەولێرەوە،  هەروەها (16) نەخۆشخانەی تایبەت لەسنوری بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانیدان، ئەمە جگە لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەكانی گەرمیان و

راپەڕێن، ئەم ژمارەیە لە گۆڕاندایە بەهۆی ئەوەی بەردەوام ساڵانە نەخۆشخانەی نوێ دەکرێتەوەو هەندێك نەخۆشخانەش دادەخرێن، بەهۆی لاوازی کەرتی گشتیو پێشکەش نەکردنی خزمەتگوزاری پێویست بە هاووڵاتیان, نەخۆشخانە ئەهلیەکان جمەیان دێ لە خەڵك، بەشی زۆری ئەوانەی سەردانی نەخۆشخانە ئەهلیەکان دەکەن زیاتر بۆ نەشتەرگەرییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی نەشتەرگەریی لە نەخۆشخانە حکومیەکان بەبێ بەرامبەر بە ئاسانی بۆ هاووڵاتی ناکرێتو دەبێت بە نیمچە تایبەت بیکەن، نرخی نیمچە تایبەتیش نزیکە لە نرخی نەخۆشخانە ئەهلیەکانەوە، بۆیە هاووڵاتی وای پێ باشە بچێتە نەخۆشخانەی ئەهلی چونکە ئەو پارە هەردەدات، پێی باشترە بیدات بە نەخۆشخانەی ئەهلی بۆ ئەوەی ڕێزی زیاتریان لێ بگیرێتو خزمەتی زیاتر بکرێن.

**یەکەم/ توانای نەخۆشخانە تایبەتەکان لە گرتنەخۆی نەخۆش:-**

سەرجەم نەخۆشخانە ئەهلیەکان لە هەرێمی کوردستان (2،968) بێدی مانەوەی نەخۆشیان هەیە، کە لەو ژمارەیە (600) بێد بۆ بەشی چاودێری چڕەو ئەوەکانی دیکە بێدی مانەوەی ئاساییین.

لە راپۆرتی ژمارە (3) دا کە ئاماژەی بە ئامارەکانی کاری نەخۆشخانە ئەهلیەکان تا کۆتایی ساڵی 2021 دەکرد، تێکڕای ژمارەی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ هەر نەخۆشخانەیەکی ئەهلی لە هەرێم پێنج نەشتەرگەری دیاری کرابوو، بەپێی راپۆرتەکەدا لەو کاتەدا نەخۆشخانەی وا هەیە رۆژانە (10) نەشتەرگەریی ئەنجام ئەدات، کەمترین ژمارەی ئەنجامدانی نەشتگەرگەریی لە رۆژێکدا بۆ نەخۆشخانە ئەهلیەکان چوار نەشتەر گەریی بوە، ئەم راپۆرتەکە پێنج نەشتەرگەریی وەك ژمارەی تێکرا وەرگرتوە، تیمی ئامادەکاری رێکخراوی ئاران لەماوەی ساڵی 2025 دا جارێکی تر بەدواداچوونی کردەوە بۆ ژمارەی ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان، دەرکەوت ئامارەکە گۆڕانی ئەو تۆی بەسەردا نەهاتوە، بۆیە ئەم راپۆرتەشەدا پێنج نەشتەرگەری رۆژانەی وەك تێکڕا وەرگرتوە کە نەخۆشخانە ئەهلیەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەن.

نرخی نەشتەرگەری گەورە لە(450,000) دینارەوە دەست پێدەکات تا شەش ملیۆن دینار دەڕوات، نەشتەرگەری تایبەتو هەستیار هەیە نرخەکەی لەسەروی (30,000) دۆلارەوەیە، تیمی رێکخراوی ئاران لە راپۆرتی ژمارە (3) و لەم راپۆرتەشدا (راپۆرتی ژمارە 4) تەنیا ئەو نەشتەرگەریانەی وەرگرتوە کە ئەکرێت لە نەخۆشخانە حکومیەکان ئەنجامبدرێن، بەڵام لەبەر باش نەبوونی کەرتی گشتی هاووڵاتی ناچارە لە کەرتی تایبەت ئەنجامیان بدات.

رۆژانە لەسەرجەم نەخۆشخانە ئەهلیەکانی هەرێمی کوردستان (395) نەشتەرگەری جۆراو جۆر ئەنجام دەدرێن، ئەم راپۆرتە نرخی تێکڕای بۆ هەر نەشتەرگەریەك بە (500,000) هەزار دینار داناوە، کە

ئەمە کەمترینە، ئەو پارەیە لەهەرێمی کوردستان دەدرێت بەکرێی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان بەمجۆرەیە:-

- رۆژانە (197,500.00) سەدو نەوەدو حەوت ملیۆنو پێنجسەد هەزار دینار.
- شەش رۆژی هەفتە (1,185,000,000) یەك ملیارو سەدو هەشتاو پێنج ملیۆن دینار.
- (24) رۆژی مانگێك (4,740,000,000) چوار ملیارو حەوت سەدو چل ملیۆن دینار.
- ساڵانە:- (56,880,000,000) پەنجاو شەش ملیارو هەشت سەدو هەشتا ملیۆن دینار.

**دووەم/ مانەوە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان:-**

**1- مانەوە لە بێدە ئاساییەکانی نەخۆشخانە تایبەتەکان:-**

ژمارەی بێدە ئاساییەکانی مانەوە لە نەخۆشخانە ئەهلیەکانی هەرێمی کوردستان برتی یە لە (2،364) بێد، بەپێی بەدواداچونەکانی تیمی رێکخراوی ئاران بەشێوەیەکی بەردەوام 60٪ بێدە ئاساییەکانی نەخۆشخانە ئەهلیەکانی بۆ نەخۆش گیراون، ئەمەش دەکاتە (1،418) بێد، نرخی مانەوەی یەك (24) کاتژمێری لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان بۆ بێدی ئاسایی، لە (50،000) دینارەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە (700،000) دینار، بەشی هەرە زۆری نەخۆشخانە ئەهلیەکان نرخی یەك (24) کاتژمێری مانەوەیان لە نێوان (75،000) بۆ (150،000) دیناردایە، زۆربەیان بۆ مانەوەی یەك (24) کاتژمێری بڕی (100,000) وەردەگرن، بۆیە ئەم راپۆرتە نرخی (100،000) دیناری وەك نرخی ناوەند بۆ مانەوە لە بێدە ئاساییەکانی نەخۆشخانە ئەهلیەکان دیاری کردوە، بەم پێیەش ئەو پارەیەی لەلایەن خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت بە کرێی مانەوە لە بێدە ئاساییەکانی نەخۆشخانە ئەهلیەکان بەمجۆرەیە:-

رۆژانە: (141،800،00) سەدوچلویەك ملیۆن دینارو هەشتسەد هەزار دینار.

شەش رۆژلە هەفتەیەکدا (850،800،000) هەشتسەدو پەنجا ملیۆن و هەشتسەد هەزار دینار.

بیست وچوار رۆ ژلە مانگێکدا: (3،403،200،000) سێ ملیاروچوارسەدو سێ ملیۆن و دوو سەد هەزار دنیار.

ساڵانە: (400،000،40،838) چل ملیار و هەشتسەدوهەشتاو سێ ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار.

**2- مانەوە لەبەشی چاودێریی چڕ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان:-**

- **بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان -:**

لەبەر کەمیی ئەم خزمەتگوزارییە لە کەرتی گشتیدا، برەوێکی زۆری لە کەرتی تایبەتدا پێدراوە، ژمارەی بێدەکانی بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان (600) بێد تێئەپەڕێنێ، بەمەش هەر (12,000) کەسێك لە هەرێمی کوردستان بێدێکی چاودێری چڕی لە کەرتی تایبەتدا بەر

دەکەوێت. شاری هەولێر بە تەنیا زیاتر لە (250) بێدی چاودێری چڕی کەرتی تایبەتی تێدایە، نەخۆشخانەی تایبەتی وا هەیە لە هەولێر بە تەنیا (40) بێدی چاودێری چڕی تێدایە.
زۆری ژمارەی بێدی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان نەبۆتە مایەی خۆشحاڵی و ئاسودەیی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بەهۆی زۆری تێچووی مانەوەی نەخۆش، بەپێی داتا بەدەستهاتووەکان، نرخی هەر (24) کاتژمێرێك مانەوە لە بەشی چاودێری چڕی نەخۆشخانە تایبەتەکان، لە (550,000) هەزار دنیارەوە دەست پێدەکات و تا (10,000,000) ملیۆن دینار دەڕوات، ئەمەش نرخێکە زۆر دوورە لە توانای دارایی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. لە بەدواداچوونەکانی تیمەکانی رێکخراوی ئاراندا دەرکەوت بەشێوەیەکی بەرد ەوام بێدەکانی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان زیاتر لە 50٪ یان نەخۆشیان لەسەرە واتا (300) بێد بەردەوام گیراون، 70٪ ئەو نەخۆشخانەی لەسەر ئەو بێدانەن لەو جۆرە نەخۆشانەن کە نرخی مانەوەی (24) یان لەو بەشانە زیاترە لە یەك ملیۆن دینار، هەروەها تیمەکانمان (18) حاڵەتیان تۆمار کرد کە بۆ مانەوەی یەك (24) کاتژمێریی نرخی مانەوەیان (6,000,000) دیناربوەو بەشێوەی گشتی تێکڕای نرخی ناوەندی بۆ نەخۆشێك لە بەشی چاودێری چڕی نەخۆشخانە تایبەتەکان بە (2,500,000) دینار دەخەملێندرێ‌و دەستکەوتی نەخۆشخانە تایبەتەکان لە پارەی بێدی چاودێری چڕ بەمجۆرەیە:-
ڕۆژانە: (750,000,000) حەوت سەدوپەنجا ملیۆن دینار.
هەفتانە: (5,250,000,000) پێنج ملیار دووسەدو پەنجا ملیۆن دینار.
مانگانە: (22,500,000,000) بیست و دوو ملیاروپێنجسەد ملیۆن دینار.
ساڵانە: (270,000,000,000) دووسەدوو حەفتا ملیار دینار.

**سێیەم/ چاودێری حکومەت لەسەر نەخۆشخانە تایبەتەکان:**

حکومەت هەوڵی داوە بەچەند رێگایەك چاودێری نەخۆشخانە تایبەتەکان بکات، بۆ ئەوەی ئاگاداری نرخ و قازانجەکانیان بێت، بۆ ئەو مەبەستە هاوینی 2021 وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان بریاری ژمارە (10)ی دەرکرد، بە پێی ئەم بریارە پسولەیەکی یەکگرتوو لەسەرجەم نەخۆشخانە تایبەتەکان کاری پێدەکرێت، ئەم پسپولەی وەزارەتی دارایی چاپی دەکات و نەخۆشخانە تایبەتەکان لەکاتی وەرگرتنی پارە لە نەخۆش بەکاری دەهێنن و دواتر کۆپیەکی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، بەپێی ئەم بریارە وەزارەتی دارایی 5٪ باجی سەپاند بەسەر نەخۆشخانە تایبەتەکاندا بەجۆرێك تەنیا لە قازانج بێت‌وکاریگەری نەخاتە سەر نرخ. هاوکات بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، هەوڵی ئەوەیان داوە فشار بخەنە سەر نەخۆشخانە تایبەتەکان بۆ ئەوەی نرخی خزمەتگوزاریەکانیان لە بەشی چاودێری چڕ دابەزێنن، بەرێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بە

نوسراوی ژماره(5496) له رۆژی 2020/02/10 داوای کردوه نەخۆشخانە تایبەتەکانی سنوری پارێزگاکە پابەند بن بە دابەزاندنی نرخی خزمەتگوزارییەکانی بەشی چاودێری چڕ بە رێژەی 40٪. بەپێی بەدواداچوونەکانی تیمەکانی رێکخراوی ئاران نەخۆشخانە تایبەتەکان نەك پابەندی دابەزاندنی نرخ نەبوون بەڵکو هەوڵیان داوە خۆشیان لە باج بدزنەوە، تیمەکانمان زانیاری ئەوەیان دەستکەوتوە، چەندین نەخۆشخانەی تایبەت لە سلێمانی و هەولێر کە لەناویاندا نەخۆشخانە هەرە تایبەتو بەناوبانگەکان هەیە، لە کاتی پێشکەش کردنی راپۆرتیی دارایی ساڵانە و راستاندنی راپۆرتەکە لە سەندیکای ژمێریاران، ئاماژەیان بەوە کردوە کە نەخۆشخانەکانیان لە زیاندایە و قازانجیان نەکردوە، ئەمەش پێچەوانەی داتا بەدەست هاتوەکانە، ئەم بانگەشەیەی نەخۆشخانە ئەهلیەکان زیاتر بۆ خۆ دزینەوەیە لە باج و رێگری کردنە لە دەرکەوتنی برِی راستەقینەی قازانجوداهاتەکانیان، چەندین ساڵ لەسەر یەکە ئەم هەوڵی خۆ دزینەوەیەی نەخۆشخانە تایبەتەکان لە باج چوەتە سەر بۆیان، ئەمەش لەبەر ئەوەی سەرجەمیان بەرپرسی باڵاو دەستڕۆیشتوی حیزبیوحکومیان لە پشتەوەیەو بەشێکیشیان خاوەندارێتیان بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە لەپۆستی باڵایان لە ناو وەزارەتی تەندروستیدا هەیە.

**چوارەم/ گرفتی بینای نەخۆشخانە تایبەتەکان:-**

لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا تەنیا حەوت نەخۆشخانەی ئەهلی بیناکانیان لەسەرەتاوە بۆ نەخۆشخانە دروستکراون، سێ نەخۆشخانە لە سلێمانیو سێ نەخۆشخانە لە هەولێرو یەك نەخۆشخانە لە دهۆك، بەشێوەیەکی گشتی نەخۆشخانە ئەهلیەکانی دیکە بیناکانیان وەك تەلاری بازرگانی دروستکراون، کەمترین مەرجی نەخۆشخانەیان تێدا هەیە، بەشێکیان نزیکی شوێنی نیشتەجێبوونو لەناو گەڕەکەکاندان، ئەوەش وای کردوە ببنە هۆی بێزارکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، بەتایبەت لە روی راگرتنی ئۆتۆمبێلەوە کە زۆربەیان پارکی تایبەت بە راگرتنی ئۆتۆمبێلیان نیە.

- **ئاوەڕۆی نەخۆشخانە تایبەتەکان:-**

لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا یەك نەخۆشخانەی ئەهلی سیستەمی ئاوەڕۆکەی بەپێی ستانداردی رێکخراوی تەندروستی جیهانیە، ئەویش لە پارێزگای سلێمانی یە، کە چاڵی کۆکردنەوەی ئاوەڕۆی تایبەت بە خۆی هەیە و لە کاتی پڕبووندا لەرێگای تانکەرەوە بەتاڵ دەکرێت و لە ناوچەی تەرخان کراو رۆدەکرێت، ئاوەڕۆی بینای نەخۆشخانە ئەهلیەکانی دیکە هەر وەك بینای ئاسایی دروست کراونو تێکەڵ بە ئاوەڕۆی گشتی شار دەبێت، ئەمەش زۆر مەترسیدارە، بەڵام سەرجەم نەخۆشخانە ئەهلیەکانو بگرە نەخۆشخانە حکومیەکانیش ئەو مەرجەیان تیا نیە، پسپۆرانی تەندروستی لەمیانی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا باسیان لەمەترسی ئاوەڕۆی نەخۆشخانەکان کرد کاتێك تێکەڵ بە ئاوەڕۆی گشتی شار دەبێت،

ئاوەرۆی گشتی شار زۆرجار دوبارە بەکار دەهێندرێتەوە، لە هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری شارەکان ئاوەرۆکەیان بۆ بواری کشتوکاڵو سەوزە بەکار دەهێندرێتەوە، بۆیە تێکەڵبوونی ئاوەرۆی نەخۆشخانە بە ئاوەرۆی گشتی زۆر مەترسیدارەو چەندەها زیانی تەندروستی بۆ مرۆڤ دە بێت، بەتایبەت وا لەلەشی مرۆڤ دەکات لەکاتی نەخۆش کەوتن‌ووەرگرتنی چارەسەردا دەرمان لەسەر لەشی چالاك نەبێت، ئەم گرفتەش لە هەرێمی کوردستاندا زۆر بەدی دەکرێت، کە بەیەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی ساغبونەوەی برێکی یەکجار زۆر دەرمان هەژمار دەکرێت.

- **لەناو بردنی پاشەرۆ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان:-**

بەپێی ستانداردی رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەبێت نەخۆشخانەکان خاشاكو پاشەرۆ و پاشماوەی کارەکانیان بە شێوەیەکی زانستی لە سوتێنەری تایبەتدا لەناو ببەن، کە فلتەری تایبەتی هەبێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تەنیا سێ نەخۆشخانە سوتێنەری تایبەتی فلتەراریان هەیە، ئەوانیش دوانیان لە سلێمانی و یەك دانەیان لە هەولێرە، نەخۆشخانە ئەهلیەکانی دیکە و ەك خاشاکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ پاشماوە پزیشکیەکاندا دەکەن، ئەمەش مەترسیەکی گەورەیە، هەروەها زانیاری ئەوە هەیە کە ئەو سێ نەخۆشخانەیەش لە پێناو کەمکردنەوەی تێچوون، هەوڵی ئەوەیان داوە کار بە فلتەری سوتێنەرەکانیان نەکەن، ئەوەش لەبەر ئەوەی زوو زوو پێویستی بە گۆرین نەبێت کە نرخی هەرزان نیە.

کۆی ئەوپارەیەی لەیەك ساڵدانەخۆشخانە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەرسەرجەمکارەکانیان لەخەڵکی هەرێمی کوردستانی وەردەگرن، بریتی یە لە (367،718،400،000) سێ سەدوشەست و حەوت ملیۆن و حەوتسەد و هەژدە ملیار و چوارسەدملیۆن دینار.

### تەوەرەی پێنجەم/ نۆرینەگەکان

لەنەخشەی بازاری تەندروستیوکەرتی تایبەتی تەندروستی هەرێمی کوردستاندا نۆرینگەکانیش شوێنێکی فراوانیان هەیە، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پشت بە نۆرینگەکان دەبەستن بۆ چارەسەرکردن، ئەوەش لەبەر ئەوەی نرخیان هەرزانترەو بەدەنگەوە هاتنیان خێراترەو نزیکیشن لە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکەوە، نۆرینگەکان دابەشی ناو گەڕەكو شوێنە جیاوازەکانی شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بوون.

- بەپێی داتاکانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (4230) نۆریگە هەن کە کارمەندی تەندروستی بە هەردوو جۆرەکەی پەیمانگاو زانکۆ بەرێوەی دەبەن، بەپێی بەدواداچوونی تیمەکانمان رۆژانە هەر نۆرینگەیەك ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی

دەکەن لەنێوان هەشت بۆ (15)کەسن، کە زۆرینەی نۆرینگەکان ژمارەی سەردانیکەرانیان رۆژانە (10 – 15) کەسە، ئەم راپۆرتە تێکڕا (10) کەسی وەك ژمارەی گشتی سەردانی کردن بۆ هەر نۆرینگەیەك وەرگرتوە، هەروەها برِی ئەو پارەیەی رۆژانە لەلایەن هاوولآتیانەوە لەنۆرینگەکان دەدرێت بەکرێی وەرگرتنی دەرمان یان هەر پێداویستییەکی دیکە لە یەك هەزار دینار تا (15,000) دینارە، لە هەندێ حاڵەتدا دەگاتە (20,000) دینار، بەڵام زۆرینەی هاولآتیان کە سەردانی نۆرینەگەکان دەکەن برِی چوار تا (10,000) دینار دەدەن، ئەم راپۆرتە نرخی حەوت هەزار دیناری وەك نرخی تێکڕا وەرگرتوە کە زۆرینەی هاوولآتیان بەو برِە پارەیە خزمەتگوزارییان بەدەست هێناوە، زۆرینەی هەرە زۆری نۆرینگەکان لە هەفتەیەکدا شەش رۆژ دوا نیوەروان کراوەن، هەندێکیان رۆژانی شەممە بەیانیانیش کراوەن، هەندێکیان رۆژانی هەینیش کراوەن، ئەم راپۆرتە لە هەفتەیەکدا شەش رۆژ واتا شەممە تا پێنجشەممەی وەرگرتوە، هەروەها لە مانگێکدا (24) رۆژ، کە رۆژانە (42,300) کەس سەردانی نۆرینگەکان دەکەن.

- لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا ئەو پارەیەی لەلایەن خەڵکەوە دەدرێدەدرێت بە نۆرینگەکان بەم جۆرەیە:-
  - رۆژانە (296,100,000) دوسەدونەوەدوشەش ملیۆن‌و سەد هەزاردینار.
  - هەفتانە (1,776,600,000) یەك ملیاروحەوت سەدو حەفتاو شەش ملیۆن‌و شەش سەد هەزار دینار.
  - مانگانە (7,106,400,000) حەوت ملیاروسەد و شەش ملیۆن‌و چوار سەد هەزار دینار.
  - ساڵانە (85,276,800,000) هەشتاوپێنج ملیارودووسەدوحەفتاوشەش ملیۆن‌وهەشت سەد هەزار دینار.

## تەوەرەی شەشەم/ سەنتەرەکانی جوانکاری لە هەرێمی کوردستان:

### یەکەم/ شیکاری داتاکان

لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (241) سەنتەری جونکاریی هەن، زۆربەی هەر زۆری سەنتەرەکان دەکەونە پارێزگای هەولێرەوە کە ژمارەیان لە هەولێر (90) سەنتەرە، بەشی سەنتەرەکانی جوانکاریی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ستافی بیانی یەوە بەرێوە دەبرێن، بەشێکیان لەلایەن ستافی بەغداو شارەکانی خواروی عێراقەوە بە رێوە دەبرێن، کەمترین سەنتەر لەلایەن ستافی خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە بەرێوە دەبرێن. ئەو ستافە بیانیانەی سەنتەرەکانی جوانکاری لەهەرێمی کوردستان بەرێوەدەبەن، بە پلەی

یەکەم، ئێرانی و دواتر سوری و تورکی و لوبنانین، ئەمەش دەروازەیەکی گەورەیە بۆ بردنە دەرەوەی پارە لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەو وڵاتانەوە.

تیمی رێکخراوی ئاران بەدواداچوونی کرد لەسەر بارودۆخی ئەو کەسانەی سەردانی سەنتەرەکانی جوانکاریی دەکەن، تا بۆی دەربکەوێت هۆکاری سەردانەکانیان پێویستە یان تەنیا خواست و ئارەزوی جوانکاریە، بوونی گرفت لە دەموچاوو روتانەوەی قژ و گرفتەکانی پێست، هەروەها سوتاوی و شوێنەواری برینداریی وەك  هۆکاری پێویست کرانە بنەما بۆ پێویست بوونی سەردانی کردنی ئەو سەنتەرە جوانکاریانە، لە ئەنجامدا دەرکەوت تەنیا 4٪ ئەو کەسانەی سەردانی ئەو سەنتەرانە دەکەن، یەکێك لەو گرفتانەیان هەیە کە لەسەرەوە باس کرا، 96٪ ئەوانەی سەردانی سەنتەرەکان دەکەن، هیچ گرفتێکی دیاری کراویان نیە، تەنیا خواستی گەنج بوونەوەو جوانتر دەرکەوتنی روخساریان هەیە، ئەمەش پێی دەوترێت چارەسەری نا پێویستی خۆویستی.

سەنتەرەکانی جوانکاریی لە هەموو ناوەندە تەندروستیەکانی دیکەی کەرتی تایبەت قەرەباڵغتر دەردەکەون، ئەوەش بەهۆی ئەو لێشاوە زۆرەی خەڵك سەردانیان دەکات، ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی هەر سەنتەرێکی تەندروستی دەکەن لە نێوان (15) بۆ (100) کەسدایە، بەشی هەرە زۆری سەنتەرەکان ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانیان دەکەن لە نێوان (30) بۆ (55) کەسدایە، بۆیە ئەم راپۆرتە لانی کەمیی ژمارەی سەردانیکردنی وەك ژمارەی ناوەند وەرگرتوە کە (30) کەسە بۆ هەر سەنتەرێك لە رۆژێکدا، بەم پێیەش رۆژانە لە هەرێمی کوردستان ئەو کەسانەی سەردانی سەنتەرە جوانکاریەکان دەکەن (7,230) کەسە، بەپێی بەدواچونەکان 6٪ ئەو کەسانەی سەردانی ئەو سەنتەرانە دەکەن بەمەستی رواندنەوەی قژ سەردان دەکەن کە بریتی یە لە (433) کەس، نرخی رواندنەوەی قژی سەر بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان (300  بۆ 500) دۆلاردایە، ئەم راپۆرتە نرخی (400) دۆلاری وەك نرخی ناوەند بۆ رواندنەوەی قژ دیاری کردوە، بەم پێ یەش ئەو پارەیەی لە هەرێمی کوردستان دەدرێت بە رواندنەوەی قژ بەمجۆرەیە:-

- رۆژانە: (173,200) سەد حەفتاو سێ  هەزار و دوو سەد دۆلار.
- مانگانە: (4,156,800) چوار ملیۆن و سەدو پەنجاو شەش هەزار و هەشتسەد دۆلار.
- ساڵانە: (49,881,600) چلونۆ ملیۆن و هەشتسەد هەشتاو یەك هەزار و شەشسەد دۆلار.

بەشێوەی گشتی سەرجەم ئەو کەسانەی خوازیاری ئەنجامدانی کاری رواندنەوەی قژن لە رەگەزی نێرن.

لەئەنجامی ئەو لێوردبونەوەو بەدواداچوونەی تیمی رێکخراوی ئاران بۆ هۆکاری سەردانی کردنی سەنتەرەکانی جوانکاریی ئەنجامی دا دەرکەوت 5٪ ئەوانەی سەردانی ئەو سەنتەرانە دەکەنە بە مبەستی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاریی لوت سەردان دەکەن، کە دەکاتە (366) کەس، نرخی نەشتەرگەریی جوانکاریی لوت لەنێوان (600 بۆ 1200) دۆلاردایە، زۆربەی سەنتەرەکان (800 بۆ 1000) هەزار دۆلار وەر دەگرن، بۆ نەشتەرگەریەك، ئەم راپۆرتە نرخی (900) دۆلاری دیاری کردوە بۆ هەر

نەشتەرگەریەکی جوانکاری لوت، بەم پێیەش ئەو پارەیەی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەیدەن بە نەشتەرگەریی جوانکاریی لوت بەمجۆرەیە:-

رۆژانە: (329,400) سێسەد بیستونۆ هەزار و چوارسەد دۆلار.

مانگانە: (3,952,800) سێ ملیۆن نۆسەدو پەنجاو دوو هەزار و هەشتسەد دۆلار.

ساڵانە: (47,433,600) چلوحەوت ملیۆن و چوارسەدو سی و سێ ملیۆن و شەشسەد دۆلار.

هەر بە پێی بەدواچونەکانی تیمی رێکخراوی ئاران 4٪ ئەو کەسانەی سەردانی سەنتەرەکانی جوانکاریی دەکەن، تەنیا بۆ پرسیارکردن سەردان دەکەنو هیچ پارەیەك خەرج ناکەن، 85٪ ئەوەکانی دیکە کە سەردانی ئەو سەنتەرە جوانکاریانە دەکەن، بەمەبەستی جۆراوجۆری جوانکاریی سەردان دەکەن کە بریتین لە (6,222) کەس ئەم کەسانە هەر یەکەو بەلای کەمەوە لەنێوان (25 تا 100) دۆلار خەرج دەکەن، هیچ خزمتگوزاریەکی سەنتەرەکان نیە لە (25) دۆلار کەمتر بێت، ژمارەیەك لەوانە تا (300) دۆلار خەرج دەکەن، بەشی هەرە زۆریان لە (40 بۆ 70) دۆلار خەرج دەکەن، بۆیە ئەم راپۆرتە (40) دۆلاری وەك نرخی ناوەند بۆ هەر کەسێك دیاری کردوە کە ئەمە لانی کەمی نرخە، بەم پێیەش، ئەو پارەی لە هەرێمی کوردستان دەدرێت لەلایەن ئەو کەسانەوە دەدرێت بە سەنتەرەکانی جوانکاریی بەم جۆرەیە:-

- رۆژانە: (248,880) دوو سەد و چلوهەشت هەزار هەشتسەد و هەشتا دۆلار.
- مانگانە (5,973,120) پێنج ملیۆنو نۆسەدوحەفتاو سێ هەزار و سەدوبیست دۆلار.
- ساڵانە: (71,677,440) حەفتاو یەك ملیۆن و شەشسەدوحەفتاوحەوت هەزار و چوارسەدوچل دۆلار.

کۆی ئەو پارەیەی ساڵانە لەهەموو بوارەکاندا دەستی سەنتەرەکانی جوانکاری دەکەوێت لە هەرێمی کوردستان بریتی یە لە (168,992,640) سەدو شەستوهەشت دۆلار و نۆسەدونەوەدو دوو هەزار و شەشسەدوچل دۆلار.

## دووەم/ دروستکردنی هەڕەشەی تەندروستی و ئابوری لەسەر هەرێمی کوردستان لەلایەن سەنتەرەکانی جوانکارییەوە:-

بەشێوەیەکی گشتی سەنتەرەکانی جوانکاریی لە هەرێمی کوردستان چەندین مەترسی جۆراوجۆریان لەسەر بوارە جیاوازەکانی ژیانی خەڵك لە هەرێم دروستکردوە، کە لە دیار ترینیان مەترسیەکانی تەندروستیوئابوریە.

**مەترسی تەندروستی:-** بەپێی بەدواداچوونی وردی تیمی رێکخراوی ئاران لە میانی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا، ئەوە دەرکەوت بەشی زۆری ستاف ئەو سەنتەرانەی کە لەلایەن هاووڵاتیانی وڵاتانی

ئێران‌وسوریاو تورکیا و لوبنانەوە بەڕێوە دەبرێن، کەسانی پسپۆڕی بواری جوانکاریی نین، تیایاندا هەیە، هیچ بڕوانامەیەکی زانکۆیی یان پەیمانگای لەبواری تەندروستیدا نیە، هەندیکیش هەن جۆرێك لە جۆرەکانی بڕوانامەی لە بواری پزیشکیدا هەیە بەڵام لە بواری جوانکارییدا نیە، بۆ نموونە ستاف وا هەیە بڕوانامەی لەبواری مامانیدا هەیە بەڵام لە هەرێمی کوردستان کاری رواندنەوەی قژ دەکات، هەروەها بەشێکی زۆر لەو ستافانە لە وڵاتەکانی خۆیان خولی یەك مانگی یان کەمتر دەبینن، بەنیازی ئەوەی بێن لە هەرێمی کرودستان کاری جوانکاریی بکەن، ئەمەش وای کردوە، کارەکە بە نەشارەزایی بکەن، ساڵی رابردوو لە یەکێك لە سەنتەرەکانی جوانکاریی کەسێك دەیویست کاری رواندنەوەی قژی بۆ بکرێت، لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەدا گیانی لەدەستدا، دواتر دەرکەوت ئەو ستافەی کارەکەی بۆ ئەنجام دەدا لە جیاتی شارەزایی لە بواری جوانکاری شارەزای بواری مامانی بوو، بەشی هەرە زۆری سەنتەرەکانی جوانکاریی لەهەرێمی کوردستان بەرپرسانی باڵای حکومەت‌وحیزبی لە پشتەوەیە، کەلە دوورەوە پشتیوانیان دەکەن‌و هاوبەشی داهاتی سەنتەرەکانن بە بێ ئەوەی ناویان لە تۆماری سەنتەرەکاندا هەبێت، ئەم بەرپرسانە پۆست‌و پلەو پایەی حوکمی‌وحیزبی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی ئاسانکاریی بۆ ئەو سەنتەرانە بکەن لە وەرگرتنی مۆڵەت‌و رێگەدان بە ستافە ناشارەزاکانیان تا کار بکەن، لەبەرامبەر ئەمەدا پشك وەردەگرن.

**ساغکردنەوەی مادەی خراپ و مەترسیدار:** هیچ بوارێکی پزیشکی هێندەی سەنتەرەکانی جوانکاریی رۆڵی نیە لە ساغکردنەوەی ماددەی خراپ‌و بێکەڵك‌وساختەکراو، ماددەکانی فیللەرو بۆتۆکس لە زۆرترین ئەو ماددانەن کە ساختەکاری‌و فێڵیان تێدا دەکرێت، ئەندامانی تیمی رێکخراوی ئاران ئەوەی بۆ دەرکەوت، لە مادەی بۆتۆکسدا فێڵێکی زۆر دەکرێت، کە ماددەی ساختەکراوی چینی بە نرخی ماددەی ئۆرجینالی فەرەنسی‌و سویدی دەفرۆشرێت، نرخی یەك دەرزی بۆتۆکسی فەرەنسی یان سویدی لە نێوان (70 بۆ 100) دۆلارە، کە ماددەیەکی ئۆرجیناڵە و وەك دەوترێت زیانی لەوەکی کەمترە، بەڵام لەئێستا چەند کۆمپانیاو هاوردەکارێك دەستیان داوەتە فرۆشتن‌و بڵاوکردنەوەی ساختەکراوی ئەو ماددە ئۆرجیناڵەن بەجۆرێك جیاکردنەوەیان قورسە، ئەویش لەبەر ئەوەی هەممان ناوو لۆگۆی بازرگانی و کارتۆنیان بۆ بەکار هێناوەتەوە، کە تەنیا ماددەکە جیاوازەو بە ئاسانی لە ئۆرجیناڵەکە جیا ناکرێتەوە، نرخی یەك دەرزی لە ماددە ساختەکراوەکە (20) دۆلارە، بەڵام لە زۆرێك لەسەنتەرەکان بە نرخی ئۆرجیناڵ بە خەڵك دەفرۆشرێتەوە، ئەمەش وای کردوە خەڵك پارەیەکی زۆر بەو ماددەیە بدەن‌و کاریگەرییەکی کەمیشی هەبێت‌و لە ئایندەشدا ئەگەری زۆرە زیانە تەندروستیەکانی دەربکەون.

**مەترسی ئابوری:-** سەنتەرەکانی جوانکاریی لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆریان لەلایەن کەسانی بیانیەوە بەڕێوە دەبرێن، لە ئێستادا یەکێکن لە دەروازە گەورەکانی بردنە دەرەوەی پارە، ئەو بڕە پارەیەی کە لەسەرەوە باسکرا، سەرجەمی دەچێتە دەرەوە، ستاف ئەو سەنتەرانە بە نیازی کارکردن‌ودەوڵەمەندبوون

هاتوون بۆ هەرێمی کوردستان نەك پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی، ئامانجی سەرەکیشیان بردنەوەی پارەیە بۆ وڵاتەکانیان، ئەمەش وایکردوە ساڵانە دەیان ملیۆن دۆلاری خەڵکی هەرێمی کوردستان بروات بۆ ئەو وڵاتانە، ئەمەش پێچەوانەی سیاسەتی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقە.

**سێیەم/ ڕێوشوێنەکانی حکومەت بەرامبەر سەنتەرەکانی جوانکاریی**

لە دوای بڵاوکردنەوەی  ڕاپۆرتی ژمارە (4) ی بنکۆڵکاری ڕێکخراوی ئاران لەسەر بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی 22-02-2024 و گەیشتنی ڕاپۆرتەکە بە وەزارەتی **تەندروستی هەرێمی کوردستان، پێنج بڕیاری کۆنکرێتی دەرچوون وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکە و ڕاسپاردەکانی دانیشتنە گفتوگۆییەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:-**

**بڕیاری یەکەم:-** بڕیاری ژمارە 7ی ساڵی 2024 ڕێکەوتی 12-06-2024 (بڕیاری وەسفی پیشەیی بۆ پزیشکانی نەشتەرگەریی جوانکاری).

**بڕیاری دووەم:-** بڕیاری ژمارە 8ی ساڵی 2024 ڕێکەوتی 12-06-2024 (بڕیاری وەسفی پیشەیی بۆ پزیشکانی پسپۆڕی پێست).

**بڕیاری سێیەم:-** بڕیاری ژمارە 10ی ساڵی 2024 ڕێکەوتی 26-06-2024 (بڕیاری تایبەت بە نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان)

**بڕیاری چوارەم:-** دەرچوونی ڕێنمایی گرنگ دەربارەی سیستمی نیمچە تایبەت، لە کۆبوونەوەیەکدا لە نێوان وەزیری تەندروستی و ڕێکخراوی ئاران لە ڕێکەوتی 01-09-2024

**بڕیاری پێنجەم:-** بڕیاری ژمارە 12ی ساڵی 2024 ڕێکەوتی 19-11-2024 (بڕیاری هەموارکردنەوەی بڕیاری پێشووی تایبەت بە بازرگانیکردن بە ئەندامانی جەستە).

**وردەکاریی بڕیارەکان:-**

**بڕیاری یەکەم:-**

ڕێنمایی ژمارە (7)ی ساڵی 2024، دەرچوو لە ڕێکەوتی 12-06-2024 و  بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان لە ڕێکەوتی 10-07-2024

ئەم ڕێنماییانە دەرچوون بۆ ڕێکخستنی کاری سەنتەرەکانی جوانکاری لە هەرێمی کوردستان، چونکە کێشەکانی سەنتەرەکانی جوانکاری بەشێکی گرنگی ڕاپۆرتەکەیان داگیرکردبوو. دیارترین ئەم کێشانە

بریتییە لە بەڕێوەبردنی سەنتەرەکان لەلایەن کەسانی ناشارەزاوە، کە لە لاپەڕە (56)ی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکراوە و تێیدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەم کێشەیە مەترسی لەسەر تەندروستی گشتی لە هەرێمدا دروست دەکات.

**وەڵامدانەوەی وەزارەت:-**

دوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە لە 22ی شوباتی 2024 و ناردنی کۆپی ڕاپۆرتەکە بۆ وەزارەتی تەندروستی و وەزیری تەندروستی ڕێنمایی گرنگی دەرکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. ماددەی شەشەمی ڕێنمایی ژمارە (7)ی ساڵی 2024 ڕێکەوتی 12-06-2024 ڕاستەوخۆ تەرخان کراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناشارەزایی ئەو کەسانەی کە سەنتەرەکانی جوانکاری بەڕێوە دەبەن.

**دەقی ماددەی شەشەم (لێهاتوویی):-**

1. تەنها پزیشکانی پسپۆڕ لە نەشتەرگەریی جوانکاری مافی ئەنجامدان و سەرپەرشتیکردنی نەشتەرگەرییە جوانکارییەکانیان هەیە لە سەنتەرەکانی جوانکاریدا.
2. ڕێگە دەدرێت بەو پزیشکانەی کە پسپۆڕییان لە بواری نەشتەرگەریی جوانکاریدا بەدەستهێناوە، دوای سێ ساڵ لە وەرگرتنی نازناوە زانستییەکەیان، نەشتەرگەرییەکان لە سەنتەرەکانی جوانکاریدا ئەنجام بدەن و سەرپەرشتی بکەن.

**گرنگیی بڕیارەکە:-**

ئەم بڕیارە هەنگاوێکی گرنگە چونکە بوونی کەسانی ناشارەزای لەناو کارمەندانی سەنتەرەکانی جوانکاریدا کۆتایی پێهێنا. ئێستاش ئەم بڕیارە لەسەر هەموو سەنتەرەکانی جوانکاری لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت. دەرچوونی ئەم بڕیارە ڕەنگدانەوەی کاریگەرییە ئەرێنییەکەی ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەییەکە و گرنگییەکەیەتی و بە وەڵامدانەوەیەکی کرداری و بەرجەستە دادەنرێت بۆ ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە.

**بڕیاری دووەم:- ڕێنمایی ژمارە (8)ی ساڵی 2024 دەرچوو لە ڕێکەوتی 12-06-2024**

**ئەم بڕیارە دەرچوو بۆ ڕێکخستنی نەشتەرگەرییە جوانکارییەکانی پێست لە سەنتەرەکانی جوانکاری لە هەرێمی کوردستان. بڕیارەکە وەك وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ ئەو کێشانەی کە لە ڕاپۆرتە** لێکۆڵینەوەییەکەدا وروژێنرابوون کە لە ڕێکەوتی 22ی شوباتی 2024 بڵاوکرایەوە و کۆپی بۆ وەزارەتی تەندروستی نێردرابوون.

لە ڕێکەوتی 12-06-2024 وەزیری تەندروستی ڕێنمایی دەرکرد بەمەبەستی ڕێکخستنی نەشتەرگەرییە جوانکارییەکانی پێست لە سەنتەرەکانی جوانکاریدا و ماددەکانی چوارەم، پێنجەم و شەشەمی بڕیارەکە مەرج و پێوەری ناچارییان لەخۆگرتبوو کە تەنها بۆ پزیشکانی نەخۆشییەکانی پێست بوون.

**دەقی بڕیارەکە:-**

**ماددەی چوارەم (لێهاتووییەکان):-**

**پێویستە پزیشکانی پێست کە نەشتەرگەریی جوانکاری ئەنجام دەدەن، ئەم لێهاتووییانەیان هەبێت:-**

1. **توانای باشی پەیوەندیکردن لەگەڵ نەخۆشەکان و یارمەتیدانیان.**
2. **لێهاتوویی چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی کاریگەر.**
3. **توانای بڕیاردان بە شێوەیەکی دروست.**
4. **کارکردن بە کارامەیی لەناو تیمدا.**
5. **لێهاتوویی سەرکردایەتیکردنی بەهێز.**

**ماددەی پێنجەم (بڕوانامە):-**

**مەرجە لەسەر پزیشکانی نەخۆشییەکانی پێست کە نەشتەرگەریی جوانکاری ئەنجام دەدەن، یەکێك لەم بڕوانامانەیان هەبێت:-**

1. **بڕوانامەی بۆردی کوردستانی لە نەخۆشییەکانی پێست.**
2. **بڕوانامەی بۆردی عێراقی لە نەخۆشییەکانی پێست.**
3. **بڕوانامەی بۆردی عەرەبی پسپۆڕی لە نەخۆشییەکانی پێست.**
4. **بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا لە نەخۆشییەکانی پێست.**
5. **بۆ ئەو پزیشکانەی کە بڕوانامەیان لە زانکۆکانی دەرەوە هەیە پێویستە زانکۆکە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دانپێدانراو بێت، لەگەڵ پەسەندکردنی بڕوانامەکە لەلایەن وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و تەندروستییەوە.**

**ماددەی شەشەم (سەرپەرشتیکردنی سەنتەرەکانی پێست و جوانکاری):-**

1. **پزیشکانی نەخۆشییەکانی پێست مافی سەرپەرشتیکردنی سەنتەرەکانی جوانکارییان هەیە تەنها دوای وەرگرتنی نازناوە زانستییەکەیان، بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی.**
2. **مەرجە سێ ساڵ بەسەر وەرگرتنی نازناوە زانستییەکەیدا تێپەڕیبێت پێش ئەوەی ڕێگەی پێبدرێت سەرپەرشتی سەنتەرەکانی جوانکاری بکات.**

**گرنگیی بڕیارەکە:-**

**ئەم بڕیارە وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ کێشەکانی ناشارەزایی و ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاری لەلایەن کەسانی ناپسپۆڕەوە لە سەنتەرەکانی جوانکاری لە هەرێمی کوردستان، بە پاڵپشتیی بەرپرسانی حیزبی، کە بۆ یەکەمجار لە ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەییەکەی ڕێکخراوی ئاراندا وروژێنرا، چونکە پێشتر هیچ لایەنێکی تر ئەم کێشەیەی نەوروژاندبوو یان ئاماژەی پێنەدابوو. بڕیارەکە ڕێکارێکی**

بەرجەستەیە کە ڕەنگدانەوەی کاریگەریی ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەییەکەیە، بەتایبەتی لە بەشی تایبەت بە سەنتەرەکانی جوانکاری و بەدیاریکراوی لاپەڕە (56).

**بڕیاری سێیەم:- بڕیاری ژمارە 10 دەرچوو لە وەزارەتی تەندروستی ڕێکەوتی 26-06-2024 و بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان ڕێکەوتی 10-07-2024**

ئەم بڕیارە وەڵامدانەوەیەکی گرنگە بۆ ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەییەکەمان کە لە ڕێکەوتی 22ی شوباتی 2024 بڵاوکرایەوە. بڕیارەکە چارەسەرێکی ڕوون بۆ چەندین کێشە کە لە ڕاپۆرتەکەدا ورووژێنراون نیشان دەدات، هەروەك لێرەدا ئەو ماددانەی پەیوەستن پێوەی ڕوون دەکەینەوە:-

**ماددەی دووەم:- مۆڵەتدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردن.**

ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەییەکەمان ئاماژەی بە بوونی سەنتەری جوانکاری و سەنتەری تەندروستی تایبەت کردووە کە بەبێ مۆڵەت یان لە دەرەوەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی کاردەکەن، بە پاڵپشتیی هەندێك بەرپرسی حیزبە سیاسییەکان. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و ەزارەتی تەندروستی ماددەکانی دووەم و سێیەمی دەرکرد:-

- ماددەی دووەم:- پێویستە هەموو سەنتەرە تەندروستییەکان، بە سەنتەرەکانی جوانکاریشەوە، لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە مۆڵەتیان پێبدرێت و مۆڵەتەکە پێش بەسەرچوونی نوێبکرێتەوە.
- ماددەی سێیەم:- بەڕێوەبەری سەنتەرەکە بەرپرسیارێتی تەواو لە ئەستۆ دەگرێت لەبەردەم وەزارەتی تەندروستیدا بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوون بە هەموو ڕێنمایی و بڕیارە دەرچووەکانی وەزارەتەوە.

ماددەی پێنجەم:- بەستنەوەی سەنتەرەکان بە پلانەکانی وەزارەتی تەندروستی

ڕاپۆرتەکە ڕوونی کردەوە کە سەنتەرە تەندروستی و جوانکارییەکان تەنها بۆ مەبەستی قازانج کاردەکەن، بەبێ بەستنەوەیان بە پلانەکانی وەزارەتی تەندروستییەوە. بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسەدا وەزارەت ماددەی پێنجەمی تەرخانکرد:-

- ماددەی پێنجەم:- پێویستە بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ئامادەی کۆبوونەوەکانی وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان بێت، بەمەبەستی هەماهەنگی لەگەڵ پلانی وەزارەت و وەرگرتنی ڕێنمایی نوێ بەپێی پێوەرەکانی وەزارەت.

چارەسەرکردنی کێشەکانی کادیرانی ناشارەزا و کادیرانی بیانی:-

ڕاپۆرتەکە، بەتایبەتی لە لاپەڕە (56) ئاماژەی بە دیاردەی دامەزراندنی کادیرانی بیانی ناشارەزا کردووە لە سەنتەرەکانی جوانکاریدا بە پاڵپشتیی بەرپرسانی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و ەزارەت ئەم ماددانەی تەرخان کردووە:-

- ماددەی شەشەم:- پێویستە سەنتەرە تەندروستییەکان لیستێکی ناوی کادیرانی خۆیان ئەوانەی لە ناو

سەنتەرەکەدا کار دەکەن، پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەت، کارکردن لە سەنتەرەکاندا تەنها بۆ ئەو کادیرانە دەبێت کە لە بڕیاری وەزاریدا ناویان هاتووە.

- ماددەی هەشتەم:- مەرجە ڕێژەی کادیرانی ناوخۆیی لە 75٪ی کۆی کادیرانی سەنتەرەکان کەمتر نەبێت و ڕێژەی کادیرانی بیانی لە 25٪ زیاتر نەبێت.

- ماددەی دەیەم:- پێویستە لەسەر سەنتەرەکان ئاماری مانگانە بە ناوی کادیرانەوە بنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی گشتی لە پارێزگاکان.

- ماددەی یازدەیەم:- پێویستە بڕوانامەی کادیرانی بیانی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە پەسەندکرابێت و لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە پشتڕاستکرابێتەوە پێش ئەوەی ڕێگەیان پێبدرێت کاربکەن.

**باشترکردنی کوالێتی ئەو دەرمانانەی لە سەنتەرەکاندا بەکاردەهێنرێن:-**

ڕاپۆرتەکە، بەتایبەتی لە لاپەڕەکانی 57-66 باسی بەکارهێنانی دەرمانی کوالێتی نزم یان ساختەی لە سەنتەرەکانی جوانکاریدا کردووە بەبێ چاودێری وەزارەتی تەندروستی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە وەزارەت ئەم ماددەیەی تەرخانکرد:-

- ماددەی سیازدەیەم:- پێویستە هەموو دەرمان و کەرەستە بەکارهاتووەکان لە سەنتەرە پزیشکی و جوانکارییەکاندا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان و ئامێرە پزیشکییەکانەوە پشکنینی کوالێتییان بۆ بکرێت و لە وەزارەتی تەندروستیدا تۆمار بکرێن.

**بەڕێوەبردنی سەنتەرەکانی جوانکاری لەژێر سەرپەرشتی پسپۆڕاندا:-**

ڕاپۆرتەکە جەختی لەسەر گرنگیی ئەوە کردەوە کە بەڕێوەبردنی سەنتەرەکانی جوانکاری لەژێر سەرپەرشتی پزیشکانی پسپۆڕدا بێت وەزارەتی تەندروستیش ئەم پابەندبوونەی لەم ماددەیەی خوارەوەدا دووپات کردۆتەوە:-

**ماددەی شازدەیەم:-** پێویستە بەڕێوەبەری سەنتەرەکە پزیشکێکی پسپۆڕ بێت لە نەخۆشییەکانی پێست و سێ ساڵ بەسەر وەرگرتنی نازناوە زانستییەکەیدا تێپەڕیبێت.

**ماددەی پازدەیەم:-** هەموو سەنتەرە جوانکارییەکان پابەند دەکرێن بەوەی هیچ نەشتەرگەرییەکی جوانکاری ئەنجام نەدەن بەبێ بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری سەنتەرەکە و لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئەودا.

**گرنگیی بڕیارەکە:-**

ئەم بڕیارە وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەرجەستەیە بۆ ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەییە دەرچووەکەی ڕێکخراوەکەمان و یارمەتیدەر بووە لە چارەسەرکردنی چەندین دیاردەی نەرێنی پەیوەست بە

سەنتەرەکانی جوانکارییەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەبێ چاودێری یان بە سەرپەرشتی کادیرانی ناشارەزا کاردەکەن.

**بڕیاری چوارەم:- دەرچوونی ڕێنمایی گرنگ دەربارەی سیستمی نیمچە تایبەت، لە کۆبوونەوەیەکدا لە نێوان وەزیری تەندروستی و ڕێکخراوی ئاران لە ڕێکەوتی 01-09-2024 (پەراوێزی وەزیر لەسەر نووسراوی ڕێکخراوی ئاران)**

- دوای کۆبوونەوەی تیمی ڕێکخراوی ئاران لەگەڵ وەزیری تەندروستیدا و ەزیری تەندروستی دکتۆر سامان بەرزنجی پەراوێزێکی لەسەر نووسراوی ڕێکخراوی ئاران نووسی کە ئاڕاستەی لیژنەی باڵای ڕێنماییەکانی لە وەزارەتدا کرد، بە دەق و وردەکاری گشتاندنێکی خێرا بۆ ڕاگرتنی پێشێلکارییەکان بەم شێوەیە:-

1. دووبارە جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی پێشوو.
2. دەرکردنی نووسراوێکی گشتاندنی توند لەسەر پابەندبوونی هەمووان بە ڕێنماییەکانی سیستمی نیمچە تایبەت.
3. بنەبڕکردنی دیاردەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی سیستمی نیمچە تایبەت پێش کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆ.
4. بەڕێوەبەرانی تەندروستی، دەستە کارگێڕییەکان و سەرۆکی بەشەکان لە نەخۆشخانە حکومییەکان بەرپرسن لە جێبەجێکردنی ئەم گشتاندنە.
5. پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانە حکومییەکان لیژنەی ناوخۆیی پێکبهێنن بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی سیستمی نیمچە تایبەت هەروەك لەلایەن ئێمەوە دەرچووە.
6. هەر نەشتەرگەرییەك یان هەر خزمەتگوزارییەکی پزیشکی تر کە پێش کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆ لە چوارچێوەی سیستمی نیمچە تایبەتدا پێشکەشکرابێت دەبێت:-

- نرخەکەی بۆ هاووڵاتی بگەڕێندرێتەوە.
- سزای کارگێڕی و یاسایی بسەپێنرێت بەسەر ئەو پزیشك و کادیرە تەندروستییانەی کە پێشێلکردنی ڕێنماییەکانی سیستمی نیمچە تایبەتیان لەسەر ساغ دەبێتەوە.

7. ئەم ڕێنماییانە لە ڕۆژی دەرچوونیانەوە جێبەجێ دەکرێن.

**بڕیاری پێنجەم:- بڕیاری ژمارە 12ی ساڵی 2024 ڕێکەوتی 19-11-2024 دوای وروژاندنی لە دانیشتنێکی گفتوگۆییدا کە لەلایەن ڕێکخراوی ئارانەوە بە پاڵپشتی سندوقی**

**نیشتمانی لە ڕێکەوتی 30-10-2024 ڕێکخرابوو، لەلایەن بەڕێز فەرهاد قادر، چالاکی مەدەنی و چالاکی بواری بەخشینی ئەندامانی جەستە، کە وەك شایەتحاڵێك و میوانێك لە دانیشتنەکەدا** بەشداربوو و وەزارەتی تەندروستی بڕیاریدا بڕیارێکی بەرجەستە دەربکات بۆ هەموارکردنەوەی بڕیارە پێشووەکەی سەبارەت بە بەخشینی ئەندامانی جەستە.

بەشداربوو بەڕێز فەرهاد قادر شایەتییەکی لە دانیشتنەکەدا پێشکەشکرد دەربارەی کێشەی قۆستنەوە و بازرگانیکردن بە مرۆڤ کە پەیوەستە بە بابەتی بەخشینی ئەندامانی جەستەوە و ئاماژەی بەوەدا:- ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی کۆن و زۆر لاوازن. چەندین بابەتی مەترسیدار هەن لە بابەتی بەخشینی ئەندامانی جەستەدا لەژێر ناوی بەخشین، بەڵام لە ڕاستیدا پەیوەندییان بە قۆستنەوە و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە هەیە لەلایەن هەندێك کەسی دەرچوو لە یاسا و پاڵپشتیکراو، چەندین خێزانی هەژار هەن کە ناچارکراون ئەندامانی جەستەیان بفرۆشن، لەوانەش زیاتر لە ئەندامێك لە هەمان خێزاندا، هەروەها منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی هەن کە ناچارکراون ئەندامانی جەستەیان بفرۆشن لەژێر ناوی بەخشیندا ،هەروەها ژنانی تەڵاقدراو هەن کە ناچارکراون ئەندامانی جەستەیان بفرۆشن بەبێ ڕەزامەندییەکی دروست، سەرباری ئەوەش، کچانی پاکیزە (قەیرە)ی کەم دەرامەت و خوێندکاران هەن کە ناچارکراون ئەندامانی جەستەیان بفرۆشن لەژێر ناوی بەخشیندا، هەروەها چەندین کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت هەن کە ناچارکراون ئەندامانی جەستەیان بفرۆشن سەرەڕای نەبوونی شیاوێتییان.

**ڕێکخراوی ئاران ئەم ڕاسپاردانەی بە نووسراوی ژمارە (28) لە ڕێکەوتی 03-11-2024 بۆ وەزارەتی تەندروستی نارد، دوای ئەوە لە ڕێکەوتی 19-11-2024 واتە دوای (16) ڕۆژ لە گەیشتنی نووسراوەکەمان بە وەزارەت و وەزارەتی تەندروستی ڕێنمایی ژمارە 12ی ساڵی 2024ی دەرکرد (ڕێنمایی هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە 2ی ساڵی 2018).**

وەزارەتی تەندروستی ڕێنماییە کۆنەکانی هەموارکردەوە و ژمارەیەك خاڵی گرنگی زیادکرد بە پشتبەستن بەوەی لە نووسراوی ڕێکخراوی ئاراندا هاتووە (نووسراوی ڕاسپاردەکانی دانیشتنە گفتوگۆییەکەی ڕێکەوتی 30-10-2024 ئەمانەی خوارەوە ئەو خاڵە گرنگانەن کە لە هەموارە نوێیەکەدا هاتوون بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە دانیشتنە گفتوگۆییەکەماندا ووروژێنران:-

- ڕێگە نادرێت بە وەرگرتنی بەخشینی ئەندامانی جەستە لەو کەسانەی تەمەنیان لە 22 ساڵ کەمترە.
- تەنها ڕێگە بە یەك کەس دەدرێت لە هەر خێزانێکدا ئەندامی جەستە ببەخشێت.

- مەرجە ڕەزامەندی دوو کەس لە کەسوکاری پلە یەکی بەخشەر (دایك و باوك) هەبێت، لە حاڵەتی مردنی دایك و باوکدا، مەرجە ڕەزامەندی کەسوکاری پلە دوو هەبێت لەگەڵ پەسەندکردنی ڕەزامەندییەکە لە دادگا.
- ڕێگە نادرێت بە وەرگرتنی بەخشین لەلایەن کەسانی خاوەن کەمئەندامی هەمیشەییەوە.
- قەدەغەکردنی بەخشینی ئەندامانی جەستە لەلایەن ژنانی تەڵاقدراو یان کچانی پاکیزەوە (قەیرە) بۆ خۆلادان لە قۆستنەوە و بازرگانیکردن بە مرۆڤ.
- پێکهێنانی لیژنەیەکی زانستی کە پێکبێت لە پزیشکانی پسپۆڕییە جیاوازەکان، بە پسپۆڕی پزیشکیی دەروونیشەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی باری بەخشەر و شیاوێتیی. نابێت ئەندامانی لیژنەکە یان تیمی پزیشکی نەشتەرگەری گواستنەوەی ئەندامەکان هەمان پزیشك بن.
- بەشدارپێکردنی لایەنە ئەمنی و پۆلیسی و دادوەری و دادگاییەکان لە لیژنەکەدا بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی پرۆسەکە و ڕێگریکردن لە هەر قۆستنەوەیەك.

کۆی ئەم بڕیار و ڕێنماییانەی لە لایەن وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوون کاردانەوەی وەزارەتە لەگەڵ ڕاپۆرتی ژمارە 4ی ڕێکخراوی ئاران و هەردوو کۆنفراسی ڕێکخراوەکە لە ڕۆژانی 22-02-2024 و 30-10-2024 ڕێکیخست، دەرچوونی بڕیارەکان ئاماژەیەکی گرنگە بەوەی ئەو هەوڵ و ماندووبونەی لە لایەن بەشداربوان و تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەو کۆنفراسەکانەوە دراوە، بە هەدەر نەچوەو بەرهەمی گرنگی هەبوە، ڕێکخراوی ئاران بەشیوەیەکی دەوری و بەردەوام چاودێری پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانە دەکات لە لایەن وەزارەتی تەندروستی و بەڕیوەبەرایەتیەکانی تەندروستی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

**چوارەم/ توند کردنی ڕێوشوێنەکان لە پارێزگای سلێمانی**

دوای ئەوەی ڕۆژی 23-04-2025 لە یەکێك لە نەخۆشخانە تایبەتەکانی شاری سلێمانی ژنێك لەکاتی نەشتەرگەریی جوانکارییدا گیانی لەدەستدا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی لە سنوری پارێزگاکە ڕێوشوێنەکانی دژ بە نەشتەرگەریی جوانکاریی توندترکرد، لە دوای ئەو ڕوداوە، ئەو پزیشکانەی نەشتەرگەریی جوانکاریی ئەنجام دەدەن، ناچار کراون، ئەو کەسەی دەیەوێت نەشتەرگەریەکە ئەنجام بدات ڕەوانەی لیژنەی پزیشکیی بکەن، کە کۆمەڵێك مەرج دانراوە، ئەگەر یەکێك لەو مەرجانە بوونی نەبێت ئەوا لیژنەکە ڕێگا نادات نەشتەرگەریەکە بکرێت، مەرجەکانیش ئەوانەن، کە پێویستە نەشتەرگەریەکە پێویست بێت و کەسەکە گرفتێکی ڕاستەقینەی هەبێت، هەروەها هیچ مەترسیەك لەسەر ژیانی دروست نەکات، پزیشکەکان ناوخۆیی بن و پسپۆڕی نەشتەرگەریی جوانکاریی بن، جگە لەو کەسەی

خواستی نەشتەرگەریەکەی هەیە، دەبێت کەسێکی پلە یەکی ڕەزامەند بێت کە نەشتەر گەریەکە دەکات، لەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی دەرهێنانی چەوری ورگ، باڵای کەسەکە دابەشی کێش و تەمەنی دەکەن، ئەگەر هات و ئەو پێوەرەی تێپەڕاند کە لیژنەکە دایناوە ئەوا ڕێگە بە ئەنجامدانی نادەن.

**مەترسی هەڵوەشاندنەوەی لیژنەکە**

فشارێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی کاری ئەو لیژنەیە هەڵبوەشێتەوەو  جارێکی تر ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاریی ببێتەوە بە بێ مەرج، بەشێکی زۆر لە پزیشکانی بوارەکە و پزیشکانی دەرەکی بەتایبەت پزیکشە ئێرانی و تورکی و وڵاتانی دیکە و خاوەن بەرژەوەندیەکان ئەوانەی دەستڕۆیشتوون و لە پشت کردنەوەی سەنتەرەکانی جوانکارین،  فشارێکی زۆر دەکەن کە پێویست بەوە نەکات لیژنەکە نەخۆشی بواری جوانکاریی ببینێت و بڕیاری لەسەر بدات، بۆیە ئەرکێکی ئەخلاقی دەکەوێتە سەر تەندروستی سلێمانی و ئیدارەی پارێزگای سلێمانی کە نەچنە ژێر باری ئەو فشارانەوەو کاری لیژنەکە ڕا نەگرن، چونکە پێشتر مەترسی راستەقینە لەسەر ژیان و باری ئابوری خەڵك دروست بوبو و وەك لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێدراوە، ساڵانە برێکی یەکجار زۆر پارە لە هەرێمی کوردستان دەبرایە دەرەوەی وڵات.

**تەوەرەی حەوتەم/ مەترسی بڵاوبونەوەی نەخۆشی ئایدز لە هەرێمی کوردستان:-**

لە ڕاپۆرتی (ژمارە 4دا)  ئەم زانیاریانە هاتبوون کە لەم ڕاپۆرتەشدا (ڕاپۆرتی ژمارە 5)  دوبارەی دەکەینەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە وەك خۆیەتی و گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتوە:-

یەکێك لە مەترسیە تەندروستیە سەرەکییەکان لە هەرێمی کوردستان مەترسی بڵاوبونەوەی نەخۆشی ئایدزە، یانەکانی شەوانە و بەشێك لەو شوێنانەی بەناوی کافتریاوە کار دەکەن، دەروازەی سەرەکین بۆ مەترسی بڵاوبونەوەی ئەو نەخۆشیە مەترسیدارە، ئەو شوێنانە لەبەر ئەوەی لەلایەن بەشێك لە بەرپرسانی حیزبیوخەڵکانی دەستڕۆیشتوەو پشتیوانی دەکرێن لەبەرامبەر وەرگرتنی پشك، دەتوانن بە پێچەوانەی مۆڵەتەکانیان کار بکەن، ئەمەش بەو مانایەی کاری لەشفرۆشیان تێدا دەکرێت یان لەرێگای ئەوانەوە کاری لەشفرۆشی دەکرێت، لە هەرێمی کوردستان (118) یانەی شەوانە هەن، کە (72) یانە بە تەنیا لە شاری هەولێرە، ئەوەکانی دیکە لە شارەکانی سلێمانیودهۆکن، ئەم یانانە بە پاڵ سازکردنی ئاهەنگەوە کاری لەشفرۆشیان تێدا دەکرێت، بەجۆرێك کە چاودێریەکی کەمی دەسەڵاتی تەندروستیان بەسەرەوەیە، ئەوانەی لەو یانەیەدا کار دەکەنوکاری لەشفرشیان پێوە دەکرێت، بە زۆری ژنانی ئێرانیوتورکیو سوریولوبنانیو ئۆکرانیو ژنانی شاری بەغدا و شارەکانی دیکەی  خواروی عێراقن، لە

هەندێك حاڵەتی کەمیشدا ژنی هەرێمی کوردستانیش لەوێدا کار دەکەن، ئەوانەشی وەك میوان یان کڕیار سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن، پیاوانی خەڵکی هەرێمی کوردستانو بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراقن، کە پیاوانی شارەکانی عێراق بە ڕێژەیەکی زیاتر لە پیاوانی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن، دەسەڵاتی پەیوەندیدار بە سەرپەرشتی کردنی ئەو شوێنانە بریتی یە لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و تەندروستی و دەزگای ئاسایش، کە زیاتر وەزارەتی ناوخۆ و دەزگای ئاسایش لە روی ئەمنیەوە رۆڵیان هەیە و ەزارەتی تەندروستی رۆڵی کەمە، بەپێی ڕێنماییە ناوخۆیی و جیهانیەکان دەبێت زوو زوو پشکینین بۆ ئەو کەسانە بکرێت کەلەو شوێنانە کار دەکەن، تەنانەت دەبێت پشکنین بۆ ئەو کەسانەش بکرێت کە سەردانیان دەکەن، بەڵام ئەم کارە بەپێی ڕێنماییەکان ناکرێت و ەزارەتی ناوخۆ تەنیا لەکاتی هاتنی ستاڤ ئەو شوێنانە و وەرگرتنی مۆڵەتی مانەوە پشکنینی دڵنیایی لە تووش نەبوون بە ڤایرۆسی ئایدز بەو کەسانە دەکات، هەروەها لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتەکە شەش مانگ جارێك یان ساڵی جارێك ئەو پشکنینە دوبارە دەکاتەوە، ئەمەش ماوەیەکی زۆرەو ئەو کەسانەی لەو شوێنانەدا کار دەکەن پێویستیان بەوەیە پشکنینی رۆژانە یان بەلای کەمەوە پشکنینی هەفتانەیان بۆ بکرێت.

**واقعی بوونی ئەم زانیاریانە:-**

رۆژی 2025-05-25 وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دانی نا بەوەی سێ ئافرەتی بیانی کە لە ئارایشتگاکانی هەولێر کاریان کردوە، هەڵگری ڤایرۆسی ئایدزن بوون و دەستگیرکراون، لەگەڵ ئەوەشدا دەست بەسەر بابەتی نێرگەلەو کەلوپەلی رێگە پێنەدراودا گیراوە لەناو ئەو شوێنانە، دەرکەوتنی ئەم روداوە راستی ئەو مەترسیەی سەلماندا کە لە راپۆرتی ژمارە 4دا ئاماژەی پێدرابوو، تیمی ئامادەکاری راپۆرتەکە بەدواداچوونی وردی کرد لەسەر ئەو کەسانەی هەڵگری ڤایرۆسەکەن، دەرکەوت خەڵکی وڵاتی ئێرانن و لەیەك کاتدا لە ئارایشتگا و لە یانە شەوانەکانیش کاریان کردوەو مۆڵەتی کارکردنی هیچ کام لەو شوێنانەیان نەبوەو  بەناوی کاری دیکەوە هاتووتنە هەرێمی کوردستان.

## باسی سێیەم / شیکاریی زانستی بۆ سیستەمی  تەندروستیی هەرێمی کوردستان و بەراورد کردنی لەگەڵ بنەماکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی و سیستەمی تەندروستی وڵاتانی پێشکەوتوو

### تەوەری یەکەم/ بەراوردکاریی دۆخی بازرگانی دەرمان لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا

ئەو ڕاپۆرتەی ئامادەکراوە، وێنەیەکی مەترسیداری دۆخی دەرمان لە هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو، کاتێك ئەم دۆخە بەراورد دەکەین بە بنەما سەرەکییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) و سیستمی

دەرمانسازی لە وڵاتانی پێشکەوتوو، جیاوازییەکی زۆر گەورە و بنەڕەتی دەبینین، ڕاپۆرتەکە چەندین خاڵی لاوازی سیستمی تەندروستی هەرێم دەستنیشان دەکات کە ڕاستەوخۆ پێچەوانەی ستانداردە جیهانییەکانن.

لێرەدا بەراوردکارییەکە بەپێی تەوەرە سەرەکییەکانی ڕاپۆرتەکە دەخەینەڕوو:

**یەکەم: کوالێتی، دەرمانی ساختە، و سەرچاوەی دابینکردن**

**ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە:**

- هەرێمی کوردستان و عێراق بوونەتە بازاڕی ساغکردنەوەی دەرمانی ساختە و کوالیتی نزم.
- چین وەك سەرچاوەی سەرەکی دەرمانی ساختە و ماددەی خاوی (API) کوالیتی نزم دەستنیشان کراوە.
- ساختەکاری لە ناونیشانی وڵاتی بەرهەمهێنەردا دەکرێت (نموونەی حەلەب، بیلاروسیا، ئەرجەنتین).
- تێوەگلانی میلشیا ناوبانگان خراپەکانی حیزبوڵا و میلیشیا عێراقیەکان لە ساختەکردنی دەرمان و ساغکردنەوەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

**بنەما نێودەوڵەتییەکان WHO) و وڵاتانی پێشکەوتوو):**

1. **دەسەڵاتی ڕێکخستنی بەهێز و سەربەخۆ**(**Strong & Independent National Regulatory Authority – NRA**)

وڵاتانی پێشکەوتوو خاوەنی دەزگای چاودێری دەرمانی نیشتمانیی بەهێزن (وەك FDA لە ئەمریکا و EMA لە ئەوروپا) ئەرکی ئەم دەزگایانە بریتییە لە:

- **تۆمارکردنی دەرمان(Drug Registration)** : هیچ دەرمانێك ناتوانێت بچێتە بازاڕەوە ئەگەر بەڵگەی زانستیی تەواوی لەسەر سەلامەتی، کاریگەری و کوالیتی پێشکەش نەکات.
- **چاودێری دوای بازاڕ(Post-Market Surveillance)** : بەردەوام نموونەی دەرمان لە بازاڕەکاندا وەردەگرن و پشکنینی بۆ دەکەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کوالیتییەکەی دانەبەزیوە.
- **سیستمی شوێنپێهەڵگرتن(Track and Trace System)** : زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو سیستمی سێریاڵی تایبەتیان هەیە کە ڕێگە دەدات شوێنپێی هەموو پاکەتێکی دەرمان لە کارگەوە تا دەگاتە دەستی نەخۆش هەڵبگیرێت، ئەمە ڕێگرییەکی زۆر کاریگەرە لە دەرمانی ساختە.

2. **شەفافیەت لە زنجیرەی دابینکردندا(Supply Chain Transparency)** : بەپێی ستانداردەکان، دەبێت سەرچاوەی هەموو دەرمانێك و هەموو ماددەیەکی خاو (API) بە ڕوونی دیار بێت و لەلایەن دەزگای چاودێرییەوە پەسەند کرابێت، ئەو ساختەکارییەی لە ڕاپۆرتەکەدا باسی لێوەکراوە (گۆڕینی ناوی وڵاتی بەرهەمهێنەر) لە سیستمێکی ڕێکخراودا ئەستەمە ڕووبدات.

**دەرئەنجامی بەراوردکاری:** دۆخی باسکراو لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەیە بۆ شکستی تەواوەتی یان لاوازییەکی زۆری دەزگای چاودێری دەرمان لە هەرێمی کوردستان، نەبوونی سیستمێکی کاریگەری پشکنین و شوێنپێهەلگرتن، دەرگای بەڕووی ئەو دیاردە مەترسیدارانەدا کردووەتەوە کە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێداون.

WHO .بەردەوام هۆشداری دەدات لەبارەی دەرمانی ژێر ستاندارد و ساختە و ئەو دۆخەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، نموونەیەکی زیندووی ئەو مەترسییەیە.

**دووەم: شێوازی دەستکەوتنی دەرمان و ڕۆڵی کەرتی گشتی و تایبەت**

**ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە:**

- 96% هاوڵاتیان لە کەرتی تایبەت دەرمان دەکڕن.
- تەنها 4% لە کەرتی گشتی سوودمەند دەبن، ئەویش بۆ دەرمانی زۆر سەرەتایی.
- 97% ئەوانەی سەردانی نەخۆشخانە گشتییەکان دەکەن، ناچارن دەرمان لە دەرەوە بکڕن.
- فرۆشتنی دەرمان بەبێ ڕەچەتە دیاردەیەکی باوە.

**بنەما نێودەوڵەتییەکان (WHO) و وڵاتانی پێشکەوتوو:**

1. **دەستڕاگەیشتنی گشتگیر بە دەرمانی بنەڕەتی (Universal Access to Essential Medicines):** یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی WHO ئەوەیە کە هەموو کەسێك دەستی بە دەرمانی بنەڕەتی و پێویست بگات بە نرخێکی گونجاو، ئەمە بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی کەرتی گشتییەوە دابین دەکرێت، ئەو ئامارەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، نیشانەی ئەوەیە کە کەرتی گشتی لە هەرێم لە جێبەجێکردنی ئەرکی سەرەکی خۆی شکستی هێناوە.
2. **سیستمی بیمەی تەندروستی(Health Insurance Systems) :** لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا، سیستمی بیمەی تەندروستی نیشتمانی هەیە کە پاڵپشتی تێچووی دەرمان بۆ هاوڵاتیان دەکات یان کەمی دەکاتەوە، ئەمە بارگرانی لەسەرشانی هاوڵاتی کەم دەکاتەوە و دڵنیایی دەدات لە دەستڕاگەیشتن بە چارەسەر.
3. **بەکارهێنانی ژیرانەی دەرمان(Rational Use of Medicines) :** فرۆشتنی دەرمان بەبێ ڕەچەتە (بەتایبەت ئەنتی بایۆتیك و دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان) کارەساتێکی تەندروستییە و دەبێتە هۆی "بەرگریی دژە میکرۆبەکان (Antimicrobial Resistance - AMR) "کە WHO بە یەکێك لە گەورەترین هەڕەشەکانی سەر تەندروستی مرۆڤایەتی ناوی دەبات.

**دەرئەنجامی بەراوردکاری** :ڕاپۆرتەکە پیشانی دەدات کە بازاڕی دەرمان لە هەرێم بە شێوەیەکی ناتەندروست پشتی بە کەرتی تایبەت و گیرفانی هاوڵاتی بەستووە، ئەمە پێچەوانەی بنەمای دادپەروەری لە تەندروستییە و بارگرانییەکی زۆر لەسەر هاوڵاتیان دروست دەکات، هاوکات مەترسییەکانی بەکارهێنانی هەڵەی دەرمان زیاد دەکات.

**سێیەم: بازرگانیی دەرمان وەك سەرچاوەی داهات بۆ حیزب**

**ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە:**

- بازرگانی دەرمان لە خزمەتگوزارییەکی مرۆییەوە گۆڕاوە بۆ سەرچاوەی داهات بۆ حیزب.
- قۆرخکاری بازاڕ لەلایەن کۆمپانیاکانی سەر بە حیزبەوە.
- لاوازکردنی دامەزراوەکانی چاودێری لەژێر فشاری سیاسیدا.
- گەندەڵی لە مۆڵەتدان و تۆمارکردنی دەرماندا.
- خراپبوونی ناوبانگی عێراق و هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی (نموونەی لیبیا و ئێران).

**بنەما نێودەوڵەتییەکان WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو:**

1. **حوکمڕانیی باش لە بواری دەرمانسازیدا (Good Governance in the Pharmaceutical Sector)**: WHO جەخت لەسەر جیاکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتی سیاسی لە بڕیارە زانستی و پیشەییەکانی بواری دەرمان دەکاتەوە، دەبێت دامەزراوەی چاودێری سەربەخۆ بێت و بڕیارەکانی لەسەر بنەمای زانستی بێت، نەك بەرژەوەندی سیاسی و بازرگانی.
2. **شەڕی دژی گەندەڵی:** گەندەڵی لە کەرتی دەرماندا بە یەکێك لە مەترسیدارترین جۆرەکانی گەندەڵی دادەنرێت، چونکە ڕاستەوخۆ ژیانی خەڵك دەکاتە ئامانج، وڵاتان میکانیزمی شەفاف و یاسای توندیان هەیە بۆ ڕێگریکردن لە قۆرخکاری و بەرتیل وەرگرتن.
3. **متمانە:** بناغەی هەر سیستمێکی تەندروستیی سەرکەوتوو **متمانە**یە؛ متمانەی هاوڵاتی بە پزیشك، بە دەرمانخانە، بە دەرمان و بە تەواوی سیستمەکە، ئەو چیرۆکانەی لەبارەی لیبیا و ئێرانەوە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوون، نیشانەی دارمانی تەواوەتی ئەم متمانەیەن لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

**دەرئەنجامی بەراوردکاری:** ئەم بەشەی ڕاپۆرتەکە ڕەگی کێشەکە دەستنیشان دەکات، لە کاتێکدا ستانداردە جیهانییەکان داوای سیستمێکی شەفاف، زانستی و سەربەخۆ دەکەن، ڕاپۆرتەکە باس لە سیستمێك دەکات کە

بەرژەوەندی سیاسی و مادی زاڵە بەسەریدا، ئەمە نەك هەر پێشێلکارییەکی ئاشکرای بنەماکانی حوکمڕانیی باشە، بەڵکو هۆکاری سەرەکیی هەموو کێشەکانی ترە کە لە ڕاپۆرتەکەدا باسکراون (کوالێتی نزم، نرخی گران، شکستی کەرتی گشتی).

**پوختە و کۆبەندی**

ڕاپۆرتەکە بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و بە بەڵگەوە دۆخێك دەخاتەڕوو کە بە تەواوی پێچەوانەی بنەما سەرەکییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و پراکتیزەی وڵاتانی پێشکەوتووە.، خاڵە سەرەکییەکانی جیاوازی بریتین لە:

- **لە جیاتی دەزگای چاودێریی بەهێز و سەربەخۆ:** سیستمێکی لاواز و ژێرفشاری سیاسی هەیە.
- **لە جیاتی زنجیرەی دابینکردنی شەفاف و شوێنپێهەڵگر:** بازاڕێکی کراوە بۆ دەرمانی ساختە و گومانلێکراو هەیە.
- **لە جیاتی دابینکردنی دەرمان لەڕێگەی کەرتی گشتییەوە:** پشت بەستنێکی نزیك بە 100% بە کەرتی تایبەت و گیرفانی هاوڵاتی هەیە.
- **لە جیاتی حوکمڕانیی باش و بڕیاری زانستی:** قۆرخکاری و بەرژەوەندی حیزبی بووەتە بزوێنەری سەرەکیی بازاڕەکە.

**تەوەرەی دوەم / شیکاری زانستی و بەراوردکاریی ( کەرتی گشتی) تەندروستیی هەرێم**

**یەکەم/ شیکاری زانستی کەرتی گشتی تەندروستی هەرێم**

لێرەدا شیکارییەکی زانستی بۆ سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەکرێت، تا دەربکەوێت تا چەند لەگەڵ بنەما سەرەکیەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانیی WHO دا یەك دەگرێتەوە، هەروەها بەراوردی دەکەین بە سیستەمی تەندروستی وڵاتانی پێشکەوتوو، کە خاوەنی سیستەمی تەندروستی باشن.

**1- گرفتی داتا و ناتەبایی ئاماری**

یەکەم دەرکەوتەی ئامار وزانیاریەکانی سیستەمی تەندروستی هەرێمی کێشەیەکی بنەڕەتییە لە سیستەمی کارگێڕییدا نەبوونی داتایەکی یەکگرتوو و ورد:-

- **ناتەبایی لە ژمارەی نەخۆشخانەکان:** جیاوازیی گەورە لەنێوان ئاماری دەستەی ئامار (128) نەخۆشخانە، فەرمانگەی میدیا و زانیاری (85) نەخۆشخانەو ڕوپێوی ڕێکخراوی ئاران (85) نەخۆشخانە هەیە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان لە روی کارگێرییەوە لە قەیرانێکی گەورەدایە.
- **گرنگیی زانستی :** نەبوونی داتایەکی ورد و باوەڕپێکراو، هەر هەوڵێك بۆ دارشتنی پلانێکی ستراتیژیی درێژخایەن و دابەشکردنی دادپەروەرانەی بودجە و سەرچاوەکان، شکست پێدەهێنێت. ئەمە نیشانەی لاوازیی هەماهەنگی نێوان دامەزراوەکانی حکومەت و نەبوونی سیستەمێکی ناوەندیی تۆمارکردنی زانیارییەکانە.

2- **ژێرخانی تەندروستی و دابەشبوونی جوگرافی**

زانیاریەکانی ڕاپۆرتەکە وێنەیەکی تێکەڵ لە دابەشبوونی جوگرافی و کوالێتیی ژێرخانەکە دەخاتە ڕوو:

❖ **خاڵی ئەرێنی:** دابەشبوونی بنکە و مەڵبەندە تەندروستییەکان بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا (شار، قەزا، ناحیە، گوند) بە گونجاو دادەنرێت، ئەمە ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە لە ڕووی گەیشتنی خزمەتگوزاریی سەرەتاییەوە هەوڵێك دراوە، ئەبێ ئەوەشمان لە بیربێت بەشێ هەرە زۆری بینای مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان دروستکراوی سەردەمی رژێمی پێشوی عێراقن

❖ **خاڵە نەرێنییەکان**

- **ڕێژەی نەخۆشخانە بۆ دانیشتووان :** یەك نەخۆشخانە بۆ هەر (73,000) کەس، ڕێژەیەکی بەرزە و فشاری زۆر لەسەر نەخۆشخانەکان دروست دەکات.
- **ڕێژەی قەرەوێڵە (بێد) :** یەك بێدی مانەوەی درێژخایەن بۆ هەر 949 کەسە، ئەمە زۆر کەمترە لە ستانداردە جیهانییەکان (کە بە نزیکەیی 3-5 بێد بۆ هەر 1000 کەسە).
- **وەستانی گەشە:** لە ماوەی 12 ساڵدا (2012-2024) سەرەڕای گەشەی دانیشتووان بە ڕێژەی 24% تەنها 602 بێد زیاد کراوە. ئەمە پاشەکشەیەکی ڕاستەقینەیە لە بواری ژێرخاندا و نیشانەی ئەوەیە کە کەرتی تەندروستی هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکاندا گەشەی نەکردووە.

- **کەمیی کوشندە لە چاودێریی چڕ(ICU)**:- یەك بێدی چاودێریی چڕ بۆ هەر (28,000) کەسە لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، ئەمە خاڵێکی مەترسیدارە و بە واتای ئەوە دێت کە لە کاتی قەیران و حاڵەتی نەخوازراودا، سیستەمەکە توانای وەڵامدانەوەی نییە، لە کاتێکدا لە پارێزگای سلێمانی (1 بێد بۆ 23,000 کەسە) ئەمەش واتای ئەوەیە دۆخی سلێمانیش لە ناوچەکانی تر باشتر نیە، لە کاتێکدا بە پێی ستاندارده جیهانیەکان دەبێت یەك بۆ (10) هەزار کەس بێت.
- **کەرەستەی پزیشکی**:- 20%ی ئامێرە ستراتیژییەکانی کەرتی گشتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، لەکارکەوتوون و لە خزمەت دەرچوون، ئەمە بە واتای بەهەدەردانی سەرمایە و کەمکردنەوەی توانای دەستنیشانکردن و چارەسەر دێت.
- **دابەشکردنی نادادپەروەرانەی پرۆژەکان**:- لە ماوەی چوار ساڵی پێش ساڵی 2024 وەزارەتی تەندروستی (28) پرۆژەی لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، لەو ژمارەیە (27) پرۆژە بۆ پارێزگاکانیی هەولێر ودهۆك بوەو یەك پرۆژەش لە سنوری پارێزگای سلێمانی ئەنجامدراوە، ئەمە جیاکارییەکی ڕوون لە دابەشکردنی پرۆژەکاندا نیشان دەدات؛ 65%ی پرۆژەکانی وەزارەت بۆ هەولێر و دهۆك بووە و تەنها 35% بۆ سلێمانی ئەمە ئاماژەیە بۆ سیاسیکردنی کەرتی تەندروستی و بەکارهێنانی پرۆژەکان بۆ مەرامی سیاسی، نەك لەسەر بنەمای پێداویستی.
- **وەستانی ژمارەیەك زۆر پرۆژەی گرنگ**: بینای نوێی وەزارەتی تەندروستی ماتوەی هەشت ساڵە بە تەواو نەکراوی ماوەتەوە، پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی (100) تەختی لە گەرمیان – کەلار ساڵانێکە بە تەواو نەکراوی ماوەتەوە، پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی منداڵان لە شاری سلێمانی ساڵانێکە بە تەواو نەکراوی ماوەتەوە کە دەکەوێتە نزیك نەخۆشخانەی شۆڕشەوە.

3- **سەرچاوە مرۆییەکان**

زانیاریە وردەکانی ئەم راپۆرتە کەلێنێکی گەورە لەنێوان ژمارەی دەرچووان و ژمارەی کارمەندانی کەرتی گشتیدا ئاشکرا دەکات، **پزیشکان**: تەنها 38%ی پزیشکە تۆمارکراوەکان لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن، ئەمە بە نیشانەی کۆچی عەقڵ (Brain Drain) ی ناوخۆیی لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت یان بێکار، هەژمار دەکرێت، کارمەندانی تەندروستی بە هەمان شێوە، نزیکەی 43% یان (13,000 کەس) لە دەرەوەی کەرتی گشتین، کە بەپێی یاسای عێراقی پێویستە هەر پزیشکێك دوای تەواو کردنی خوێندن لە کەرتی گشتی دابمەزرێت و دوای ئەوەی کلینکی تایبەت بە خۆی هەبێت، بۆیە ئێستا دەبوو زیاتر 90٪ کۆی پزیشکان لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی گشتیدا کاریان بکردایە و لەناو سیستەمەکەدا بوونایە، هەروەها پزیشکانی دەرمانساز پێویستە بە پێی ژمارەی تەختی ناو نەخۆشخانەکان ژمارەیان دیاری بکرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بە هیچ جۆرێك ئەمە رەچاو نەکراوە.

**دەرئەنجام** :كەرتی گشتی تووشی كەمیی كارمەند بووە، لە كاتێكدا ژمارەیەكی زۆر كارمەندی شارەزا لە دەرەوەی سیستەمەكەن، ئەمەش فشار لەسەر كارمەندانی ئێستا زیاد دكردوەو و كوالێتیی خزمەتگوزاری دابەزاندوە.

هاوكات خراپی سیستەمەكە زیانی گەورەی گیەاندوە بە ئابوری وڵات و دەستكەوتی هاووڵاتیان كە دەبێت بەشی هەرە زۆری داهاتیان بۆ چارەسەركردن تەخان بكەن یان بەلای كەمەوە ناچار بن هەڵی بگرن بۆ كاتی پێویست كە پێویستیان بە چارەسەر بوو، ئەمەش وایكردوە هاووڵاتی هەرێمی كوردسنان لەگەڵ هەژاریدا بژی، لەبەرامبەریشدا دەرگای گەندەڵی گەورەی بۆ گروپێك لە دەستڕۆیشتوان و ئەوانەی دەستی بازرگانی یان كارگێڕییان هەیە لە سیستەمەكە كردۆتەوە.

**ڕەفتاری پیشەیی** :- ئەم راپۆرتە ئاماژە بە پابەندنەبوونی پزیشكانی ڕاوێژكار بە دەوامی فەرمیی خۆیان لە كەرتی گشتی و بەسەربردنی كاتی زیاتر لە كلینیكە تایبەتەكانیان دەكات، ئەمە كێشەیەكی ئاكاری و كارگێڕییە كە متمانەی خەڵك بە كەرتی گشتی تێكدەدات.

**4- سیستەمی نیمچە تایبەت (Semi-Private) بە بازرگانیكردنی خزمەتگوزارییەكان**

ئەمە گرنگترین و مەترسیدارترین تەوەرەی راپۆرتەكەیە، كە چۆنیەتیی گۆڕینی سیستەمی گشتی بۆ سیستەمێكی بازرگانی شیكاردەكات:

**فەلسەفەی سیستەمەكە** : لە بنەڕەتدا بۆ كەمكردنەوەی فشار لەسەر كەرتی تایبەت و دابینكردنی خزمەتگوزاری بە نرخێكی كەمتر داهێنراوە، بەڵام لە پراكتیكدا بووەتە ئامرازێك بۆ ئەم خاڵانە:-

**یەك:- پشتگوێخستنی خزمەتگوزاریی خۆڕایی**:- دروستكردنی نۆرەی درێژخایەن (3 مانگ تا 3 ساڵ) بۆ نەشتەرگەریی بێبەرامبەر، هاووڵاتی ناچار دەكات پەنا بۆ نیمچە تایبەت ببات، كە ئەمە ستراتیژێكی سیستماتیكە بۆ پاڵنانی خەڵك بەرەو خەرجكردنی پارە.

**دوو:- پێشێلكردنی یاسا و ڕێنماییەكان**:- ئەنجامدانی نەشتەرگەریی نیمچە تایبەت لە كاتی دەوامی فەرمیدا، پێچەوانەی خودی ڕێنماییەكانی وەزارەتە و بە واتای بەكارهێنانی سامانی گشتی (بینا، ئامێر، كارمەند) بۆ قازانجی تایبەتییە.

**سێ:- دروستکردنی ناکۆکیی بەرژەوەندی(Conflict of Interest)** :- ئەو پزیشك و کارمەندەی کە 60%ی داهاتی نیمچە تایبەتی بۆ دەگەڕێتەوە، هاندەرێکی دارایی بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییە خۆڕاییەکە پشتگوێ بخات.

**چوار:- بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی** :- حکومەت ئەو نەشتەرگەری و خزمەتگوزارییانەی کە هاووڵاتیان پارەیان بۆ داوە و ەك "دەستکەوتی خۆی" و خزمەتگوزاریی خۆڕایی نمایش دەکات. ئەمە شێواندنی ڕاستییەکانە.

**پێنج:- ئابووریی سیستەمەکە:-** ئەم ڕاپۆرتە بە ژمارە دەریخستووە کە ساڵانە دەیان ملیار دینار لەم سیستەمەدا لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت (بۆ نموونە، زیاتر لە 52 ملیار دینار تەنها لە سەنتەرەکانی دڵ).

## 5- کێشە ژینگەیی و کارگێڕییەکان

**گرفتی گەورەی ژینگەیی:-** فڕێدانی پاشماوەی پزیشکی لەلایەن 39%ی دامەزراوەکانەوە، مەترسییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ تەندروستیی گشتی و ژینگە. ئەمە نیشانەی کەمتەرخەمییەکی گەورەیە لە چاودێریکردن و جێبەجێکردنی ستانداردە تەندروستییەکان.

## کورتە و دەرئەنجامی گشتی

ئەم ڕاپۆرتە بە بەڵگەی ژمارەیی و داتای مەیدانییەوە وێنەیەکی تاریکی کەرتی تەندروستی گشتی لە هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو، کێشەکان تەنها کەمیی بودجە نین، بەڵکو کێشەی سیستماتیك و بەریوەربردنن کە بریتین لەم گرفتانە:-

**یەك:- قەیرانی داتا و شەفافیەت:-** نەبوونی زانیاریی ورد، ڕێگە دەگرێت لە هەر چاکسازی وپەرەپێدانێك.

**دوو:- ژێرخانێکی دواکەوتوو:** ژمارەی نەخۆشخانە، بێد و ئامێرەکان لەگەڵ پێداویستیی دانیشتووان‌دا ناگونجێت.

**سێ:- بە بازرگانیکردنی سیستەمی گشتی:-** سیستەمی نیمچە تایبەت بووەتە ئامرازی سەرەکی بۆ هەڵتەکاندنی بنەمای خزمەتگوزاریی خۆڕایی و ناچارکردنی خەڵك بە خەرجکردنی پارە.

**چوار:- دابەشکردنی نادادپەروەرانە:-** سەرچاوە و پرۆژەکان بە شێوەیەکی سیاسی دابەش دەکرێن، نەك لەسەر بنەمای پێویستی.

**پێنج:- لاوازیی چاودێری و لێپرسینەوە:-** پێشێلکارییەکان (وەك دەوامی پزیشکان و فرێدانی پاشماوە) بەبێ لێپرسینەوە تێدەپەڕن.

ئەم راپۆرتە ئاماژەی بەوە کردوە کە کەرتی تەندروستیی گشتی لە پرۆسەیەکی هەڕەسی پلان بۆ دارێژراو یان دەرئەنجامی کەمتەرخەمییەکی سیستماتیکدایە، کە تێیدا خزمەتگوزاریی گشتی وردە وردە جێگەی خۆی بۆ سیستەمێکی بازرگانی چۆڵ دەکات کە لەسەر گیرفانی هاووڵاتیان بەڕێوە دەچێت.

**دووەم / بەراوردکاریی ( کەرتی گشتی) تەندروستیی هەرێم لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان**

کەرتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان وەك لە راپۆرتەکەدا وێنا کراوە، لە چەندین ڕووی بنەرەتیەوە لەگەڵ بنەماکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) و وڵاتانی پێشکەوتوو ناکۆکە، لێرەدا بە خاڵ ئەو ناکۆکییانە ڕوون دەکەینەوە.

**1- فەلسەفەی خزمەتگوزاری (ماف بەرامبەر کاڵا)**

**دۆخی هەرێمی کوردستان :-** خزمەتگوزاریی تەندروستی لە کەرتی گشتیدا لە مافێکی بنەڕەتییەوە بە کردەوە گۆڕدراوە بۆ کاڵایەك کە دەبێت بکردرێت. سیستەمی نیمچە تایبەت (Semi-Private)ئەمەی کردووە بە واقیع، کە تێیدا هاووڵاتی ناچار دەکرێت لەناو نەخۆشخانەی حکومی پارە بدات بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو:**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO)** :- بنەمای سەرەکی بریتییە لە دابینکردنی تەندروستی گشتگیر (Universal Health Coverage - UHC) ، کە ئامانج لێی ئەوەیە هەموو کەسێك دەستی بە خزمەتگوزاریی تەندروستیی کوالێتی بەرز بگات بەبێ ئەوەی تووشی قەیرانی دارایی **ببێت** سیستەمی نیمچە تایبەت لە هەرێمدا پێچەوانەی ئەم بنەمایەیە.
- **وڵاتانی پێشکەوتوو (بۆ نموونە، کەنەدا، بەریتانیا، فەڕەنسا):** سیستەمەکانیان لەسەر بنەمای ئەوە دامەزراوە کە تەندروستی مافە پارەدان لە کاتی وەرگرتنی خزمەتگوزاری کەمترین ئاستی هەیە بودجەی تەندروستی لە بودجەی گشتی (وەك بەریتانیا) یان بیمەی تەندروستیی ناچاری

(وەك ئەڵمانیا) دابین دەکرێت، بیرۆکەی ئەوەی لە نەخۆشخانەیەکی حکومیدا پارە بدەیت بۆ نەشتەرگەرییەك کە دەبوو خۆڕایی بێت بوونی نییە.

2- **دادپەروەری لە دابەشکردنی سەرچاوەکاندا**

**دۆخی هەرێمی کوردستان :**راپۆرتەکە جیاکارییەکی زەق و نادادپەروەرانە لە دابەشکردنی پڕۆژەکاندا نیشان دەدات (65% بۆ هەولێر و دهۆك بەرامبەر 35% بۆ سلێمانی لە پڕۆژەکانی وەزارەت). هەروەها دەستێوەردانی حیزبی بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری (وەك بێدی چاودێریی چڕ) بووەتە دیاردە.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو:**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO):- یەکسانی** یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی واتە دابەشکردنی سەرچاوەکان دەبێت لەسەر بنەمای **پێداویستی** بێت، نەك جوگرافیا یان سیاسی. ئامانج کەمکردنەوەی جیاوازیی تەندروستییە لەنێوان ناوچە و چینە جیاوازەکاندا.
- **وڵاتانی پێشکەوتوو:-** بودجە و پڕۆژەکان بەپێی لێکدانەوەی ئاڵۆز دابەش دەکرێن کە فاکتەرەکانی وەك چڕی دانیشتووان، ڕێژەی بەساڵاچووان، ئاستی هەژاری و پێداویستییە تەندروستییەکان لەبەرچاو دەگرێت. دەستێوەردانی سیاسی لەم ئاستەدا بە گەندەڵییەکی گەورە و دادەنرێت.

3- **ژێرخان و توانای سیستەم (System Capacity)**

**دۆخی هەرێمی کوردستان :-** کەمیی کوشندە لە ژمارەی بێدی نەخۆشخانە (1بێد بۆ 1,110 کەس) و بێدی چاودێریی چڕ (1 بۆ 74,000 کەس) و پاشەکشەی ڕاستەقینە لە زیادکردنیاندا.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو:**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) :-** ستانداردی جیهانی بۆ ژمارەی بێد بە گشتی لەنێوان 3 بۆ 5 بێد بۆ هەر 1000 کەسێك، ژمارەکانی هەرێم زۆر لە خوار ئەم ستانداردەوەن، کەمیی بێدی چاودێریی چڕ نیشانەی ئەوەیە کە سیستەمەکە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هیچ قەیرانێکی تەندروستیی نییە.

- **وڵاتانی پێشکەوتوو:-** وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا نزیکەی 8 بێدی بۆ هەر 1000 کەس هەیە، ژاپۆن زیاتر لە 13 بێد. پلانی ستراتیژیی درێژخایەنیان هەیە بۆ نوێکردنەوە و زیادکردنی ژێرخانەکان بەپێی گۆڕانی دیمۆگرافی.

**4- سەرچاوە مرۆییەکان و ناکۆکیی بەرژەوەندی**

**دۆخی هەرێمی کوردستان :**پزیشکانی پسپۆڕ کاتێکی زۆر کەم لە کەرتی گشتی و کاتێکی زۆر زیاتر لە کلینیکی تایبەتی خۆیان بەسەر دەبەن، ئەمە ناکۆکیی بەرژەوەندی(Conflict of Interest) ی ڕوون دروست دەکات، کە تێیدا پزیشك هاندەدرێت کەرتی گشتی پشتگوێ بخات بۆ قازانجی تایبەتی، لە هەرێمی کوردستان بەشێك لە پزیشکان لە یەك کاتدا مامۆستای زانکۆن، پزیشکی نەخۆشخانە حکومیەکانن و کلینکی تایبەت بە خۆشیان هەیە، ئەمە لە روی توانای کەسییەوە شتێکی ئەستەمە، کە مرۆڤێك بە باشی بتوانێت ئەم سێ ئەرکە قورسە لە یەك رۆژدا جێبەجێ بکات.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو:**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) :-** جەخت لەسەر بوونی هێزی کاری تەندروستیی تەواو و هاندراو دەکاتەوە، هەروەها ڕێنمایی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاری دوولایەنە بۆ ئەوەی زیان بە کەرتی گشتی نەگەیەنێت.
- **وڵاتانی پێشکەوتوو:-** یاسای توند هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەم بابەتە، بۆ نموونە، لە سیستەمی NHSـی بەریتانیادا، پزیشکانی پسپۆڕ گرێبەستێکی دیاریکراو و داواکاری زۆریان لەسەرە لە کەرتی گشتیدا و کارە تایبەتەکەیان نابێت کاریگەری لەسەر ئەرکە گشتییەکەیان هەبێت. لێپرسینەوەی ورد هەیە لەسەر کاتەکانی کارکردن.

**5- شەفافیەت و داتا :- دۆخی هەرێمی کوردستان :-** ئاماری ناتەبا و دژبەیەك لەنێوان دامەزراوەکانی حکومەتدا، خودی وەزارەتی تەندروستی ئامار بڵاو ناکاتەوە، ئەمە نیشانەی گرفتی نەبوونی شەفافیەت و حوکمڕانییە، هاوکات سیستەمی دیجیتاڵی لە زۆربەی نەخۆشخانە حکومیەکاندا نیە، جگە لە چەند نەخۆشخانەیەکی کەم نەبێت، ئەوەش وای کردوە کۆکردنەوەی داتاکان و بەراوردکردنیان بۆ سود لێوەرگرتن زۆر قورس بێت و بەشێوازێکی زۆر کۆن و کلاسیکی بکرێت.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو:-**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) :- سیستەمی زانیاریی تەندروستی (Health Information System)** بە بەردی بناغەی هەر سیستەمێکی تەندروستیی سەرکەوتوو دادەنێت، بڕیارەکان دەبێت لەسەر بنەمای بەڵگە و داتای ورد بن.
- **وڵاتانی پێشکەوتوو :**دەزگای ئاماری نیشتمانی و وەزارەتی تەندروستیی متمانەپێکراویان هەیە کە بە شێوەیەکی خولی و شەفاف داتا بڵاودەکەنەوە هاووڵاتی و توێژەر دەتوانن دەستیان بە زانیارییەکان بگات بۆ لێپرسینەوە و توێژینەوە.

**6- سەلامەتی و ژینگە**

**دۆخی هەرێمی کوردستان :**39%ی دامەزراوەکان پاشماوەی پزیشکی بە شێوەیەکی نادروست فڕێ دەدەن، کە کارەساتێکی ژینگەیی و تەندروستییە.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO)** :- پرۆتۆکۆڵی توندی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی پاشماوەی پزیشکی ئەمە بە یەکێك لە بنەما هەرە سەرەتاییەکانی سەلامەتیی نەخۆش و کۆمەڵگە دادەنرێت.
- **وڵاتانی پێشکەوتوو:-** یاسای ژینگەیی توندیان هەیە و کۆمپانیای تایبەتمەند بەرپرسن لە کۆکردنەوە و لەناوبردنی پاشماوە پزیشکییەکان، سزای قورس بۆ هەر سەرپێچییەك دیاری کراوە.

بە کورتی ئەم راپۆرتە نیشانی دەدات کە سیستەمی تەندروستیی هەرێم نەك هەر لەڕووی ژمارە و ئامارەوە لە دواوەیە، بەڵکو لەڕووی **بنەماو** بەڕێوەبردنەوەش لەسەر ڕێچکەیەکی هەڵە دەڕوات، لە کاتێکدا جیهان بەرەو دابینکردنی تەندروستی گشتگیر و یەکسانی هەنگاو دەنێت، سیستەمی تەندروستیی هەرێم لە ڕێگەی نیمچە تایبەتەوە بە کردەوە بەرەو بەبازرگانیکردنی نەخۆشی و قووڵکردنەوەی نایەکسانی دەچێت. جیاوازییەکە تەنها لە ژمارەدا نییە، بەڵکو لە دیدگا و ئامانجە بنەڕەتییەکاندا خۆی دەبینێتەوە.

**تەوەرەی سێیەم / شیکاری زانستی و بەراوردکاری (کەرتی تایبەتی) تەندروستی لە هەرێمی کوردستان**

**یەکەم/ شیکاریی زانستی بۆ (کەرتی تایبەتی) تەندروستی لە هەرێمی کوردستان (بازاڕی تەندروستی)**

ئەم بەشەی ئەم راپۆرتە وێنەی بازاڕی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەکێشێت، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو کار دەکات، نەك پێداویستی و ماف، شیکارییەکە چەند ڕەهەندێکی مەترسیداری سیستەمەکە ئاشکرا دەکات.

**1- گەشەی کەرتی تایبەت لەبەرامبەر شکستی کەرتی گشتی**

راپۆرتەکە بە ڕوونی دیاردەیەك لە ئابووریی تەندروستیدا دەخاتە ڕوو کاتێك خزمەتگوزارییە گشتییە بنەڕەتییەکان شکست دەهێنن یان متمانەیان لەدەست دەدەن، بازاڕێکی تایبەتی گەورە و زۆرجار کۆنترۆڵ نەکراو دروست دەبێت.

- **هۆکاری سەرەکی:-** راپۆرتەکە بە ڕاشکاوی دەڵێت هۆکاری ڕووکردنە کلینیك و نەخۆشخانە تایبەتەکان نائومێدبوونە لە کەرتی گشتی. ئەمە تەنها بڕیارێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو زیانێکی گەورەی ئابوورییە کە ملیۆنان دۆلاری ساڵانە لە گیرفانی هاووڵاتیانەوە دەگوازێتەوە بۆ بازاڕی تایبەت بە تەندروستی.
- **پەیوەندیی پێچەوانە:-** گەشەی ژمارەی کلینیکەکان 123 کلینیکی نوێ لە 2 ساڵدا) و زیادبوونی قەرەباڵغییان (ڕێژەی سەردانکردن 20% زیادی کردووە) ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە لاوازبوونی کەرتی گشتییەوە. هەرچەندە کەرتی گشتی لاوازتر بێت، کەرتی تایبەت قازانجی زیاتر دەکات.

**بارگرانی دارایی ڕاستەوخۆ لەسەر هاووڵاتیان**

راپۆرتەکە بە ژمارەی ورد، قەبارەی ئەو بارگرانییە داراییە دەخاتە ڕوو کە ڕاستەوخۆ لەسەر شانی هاووڵاتیانە. ئەمە پێچەوانەی هەموو سیستەمە تەندروستییە پێشکەوتووەکانە کە هەوڵ دەدەن ئەم جۆرە خەرجییە کەم بکەنەوە.

- **کۆی خەرجییەکان (بە نزیکەیی)**
- **کلینیکە پزیشکییەکان :**ساڵانە نزیکەی **576 ملیار دینار.**

- **نەخۆشخانە تایبەتەکان :**ساڵانە نزیکەی **368 ملیار دینار.**
- **نۆرینگەکان :**ساڵانە نزیکەی **85 ملیار دینار.**
- **سەنتەرەکانی جوانکاری :**ساڵانە نزیکەی **169 ملیۆن دۆلار** (کە دەکاتە نزیکەی 250 ملیار دینار).

**کۆی گشتی :**ساڵانە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان نزیکەی **1 تریلیۆن و 279 ملیار دینار** (نزیکەی **یەك ملیار دۆلاری ئەمریکی)** لە گیرفانی خۆیان بۆ کەرتی تەندروستیی تایبەت خەرج دەکەن.

**دەرئەنجامی زانستی:-** ئەم ژمارە گەورەیە نیشانەی ئەوەیە کە بیمەی تەندروستیی نیشتمانی بوونی نییە و سیستەمەکە پشت بە پارەدانی ڕاستەوخۆ دەبەستێت، بەپێی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ئەمە خراپترین جۆری دابینکردنی داراییە چونکە دەبێتە هۆی **هەژاریی لە ناکاو** بۆ خێزانەکان.

2- **جیاوازیی کوشندە لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەت**

نموونەی بەشی چاودێریی چڕ (ICU) باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم جیاوازییە

- **کەرتی گشتی :**نزیکەی **224** بێدی چاودێریی چڕ.
- **کەرتی تایبەت :**نزیکەی **600** بێدی چاودێریی چڕ.

ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە سەرمایەگوزاری لە گرنگترین و ژیان ڕزگارکەرترین بەشی تەندروستیدا، بە تەواوی بەرەو کەرتی تایبەت ئاراستە کراوە، ئەمە واتای ئەوەیە کە لە هەرێمدا، مانەوە لە ژیاندا لە کاتی نەخۆشیی سەختدا، زیاتر پەیوەستە بە توانای داراییەوە نەك بە پێویستیی پزیشکی، نرخی مانەوەی یەك شەو لە چاودێریی چڕی تایبەتدا (کە دەگاتە ملیۆنان دینار) بۆ زۆرینەی خەڵك لە توانادا نییە، پزیشکانی هەرێمی کوردستان لە ناو خۆیاندا بەم جۆرە وەسفی مانەوە لە بەشت چاودێری چڕی کەرتی تایبەت دەکەن " خەڵك پارە دەدات بۆ ئەوەی بمرێت"

**شکست و پاشەکشەی ڕێکخستن و چاودێری**

ئەم راپۆرتە چەندین نموونەی ڕوونی شکستی دەوڵەت لە ئەرکی چاودێری و ڕێکخستندا دەخاتە ڕوو.

1. **خۆدزینەوە لە باج:-** بانگەشەی زیانکردن لەلایەن نەخۆشخانە قازانجدارەکانەوە بۆ خۆدزینەوە لە باج، نیشانەی لاوازیی دامەزراوەی باج و دەسەڵاتی یاسایە.

2. **پشتگوێخستنی ستانداردەکان:**

- **باڵەخانە:-** زۆربەی نەخۆشخانە تایبەتەکان لە باڵەخانەی بازرگانیدان و مەرجی تەندروستییان تێدا نییە.
- **ئاوەڕۆ و پاشماوە:-** تێکەڵبوونی ئاوەڕۆی پزیشکی لەگەڵ ئاوەڕۆی گشتی و فڕێدانی نادروستی پاشماوەکان، کارەساتێکی ژینگەیی و تەندروستیی گشتییە کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و دروستبوونی بەرگری دژە بەکتریا.(Antibiotic Resistance)

3- **کادر و کەرەستەی بێ کوالێتی**

- **ستافی ناشارەزا:-** کارکردنی کەسانی بێ بڕوانامە یان خاوەن بڕوانامەی ناپەیوەندیدار لە سەنتەرەکانی جوانکاریدا، مەترسیی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان.
- **کەرەستەی ساختە:-** ساغکردنەوەی ماددەی ساختەی وەك بۆتۆکس بە نرخی ئۆرجیناڵ، نموونەی فێڵی بازرگانی و گەندەڵییە کە زیانی تەندروستی و دارایی بەدوادا دێت.

4- **دەرئەنجامە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان**

- **دزەکردنی سەرمایە :-** بەڕێوەبردنی سەنتەرەکانی جوانکاری (کە ساڵانە نزیکەی 169 ملیۆن دۆلار داهاتیانە) لەلایەن ستافی بیانییەوە، دەبێتە هۆی بردنە دەرەوەی بڕێکی زۆری پارە لە وڵات، کە زیان بە ئابووریی ناوخۆیی دەگەیەنێت.
- **چاندنی کولتووری بەکاربردن:-** گەشەی سەرسوڕهێنەری بازاڕی جوانکاری (کە 96%ی بۆ مەبەستی ناپێویستە) نیشانەی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتییە بەرەو بەکاربردنی ناپێویست، کە لە سایەی نەبوونی چاودێریدا گەشەی کردووە.
- **پەیوەندیی گەندەڵی:-** ئەم ڕاپۆرتە بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە بەرپرسانی باڵای حیزبی و حکومی لە پشتی زۆرێك لەم پڕۆژانەوەن، ئەمە دیاردەی قۆرخکردن، نیشان دەدات، کە تێیدا بڕیار و یاساکان لە خزمەتی بەرژەوەندیی تایبەتیی دەستەیەکدان، نەك بەرژەوەندیی گشتی.

**دەرئەنجامی گشتی**

زانیارییەکانی ئەم بەشەی ڕاپۆرتەکە وێنەیەکی تۆقێنەر دەخاتە ڕوو، کەرتی تایبەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان تەنها بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان نییە، بەڵکو بووەتە سیستەمێکی ئابووریی گەورە و لەسەر لاوازیی کەرتی گشتی دەژی ئەم سیستەمە چەندین خاڵی نەرێنی لێکەوتۆتەوە لەوانە:-

1. بارگرانیی دارایی زۆر لەسەر هاووڵاتیان.
2. نەبوونی چاودێرییەکی کاریگەر.
3. مەترسیی گەورە بۆ سەر تەندروستیی گشتی و ژینگە.
4. قووڵکردنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی.

**دووەم/ بەراوردکاریی کەرتی تەندروستیی (کەرتی تایبەت) لە هەرێم لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان**

کەرتی تایبەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و وەك لە راپۆرتی ژمارە (5)دا وێنا کراوە، لە گەشەیەکی کۆنتڕۆڵنەکراودایە کە لە چەندین ڕووی بنچینەییەوە لەگەڵ بنەماکانی WHO و پراکتیکی وڵاتانی پێشکەوتوو ناکۆکە.

**ڕۆڵ و ئامانجی کەرتی تایبەت**

**دۆخی هەرێمی کوردستان:-** کەرتی تایبەت بووەتە جێگرەوەی سەرەکی بۆ کەرتی گشتی، نەك تەواوکەر، هاووڵاتیان بەهۆی نائومێدی لە کەرتی گشتییەوە پەنای بۆ دەبەن، ئەمە نیشانەی شکستی سیستەمی گشتییە.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو:**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO)** :- جەخت لەسەر هاوبەشیی گشتی-تایبەت دەکاتەوە، (Public-Private Partnership - PPP) بەڵام بە مەرجێك کەرتی تایبەت تەواوکەری کەرتی گشتی بێت و لەژێر ڕێکخستن و چاودێرییەکی توندی حکومەتدا کار بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانییەکان (وەك دابینکردنی تەندروستی گشتگیر).
- **وڵاتانی پێشکەوتوو (بۆ نموونە، فەڕەنسا، سویسرا)** :- کەرتی تایبەت بوونی هەیە، بەڵام زۆرجار لەناو سیستەمی بیمەی تەندروستیی نیشتمانیدا کار دەکات و اتە، هاووڵاتی لە ڕێگەی بیمەکەیەوە دەتوانێت خزمەتگوزاری لە کەرتی تایبەت وەربگرێت و حکومەت نرخەکان دیاری دەکات و چاودێریی کوالێتی دەکات، کەرتی تایبەت بۆ کەمکردنەوەی لیستی چاوەڕوانی و پێشکەشکردنی هەندێك خزمەتی تایبەتمەند بەکاردێت، نەك بۆ هەموو خزمەتە بنەڕەتییەکان.

2- **دابینکردنی دارایی و بارگرانی لەسەر هاووڵاتی**

**دۆخی هەرێمی کوردستان:-** سیستەمەکە بە تەواوی پشت بە پارەدانی ڕاستەوخۆ لە گیرفان دەبەستێت. هاووڵاتیان ساڵانە نزیکەی یەك ملیار دۆلار لە گیرفانی خۆیان خەرج دەکەن.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو:-**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) :-** پارەدانی ڕاستەوخۆ بە نا دادپەروەرترین و کەمکاریگەرترین شێوازی دابینکردنی دارایی دادەنێت WHO .ئامانجی ئەوەیە کە ئەم جۆرە خەرجییە لە 15-20% کۆی خەرجییەکانی تەندروستی تێپەڕ نەکات، لە هەرێمدا، ئەم ڕێژەیە زۆر لەوە بەرزترە.
- **وڵاتانی پێشکەوتوو:-** سیستەمەکانیان لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی مەترسی دامەزراوە، لە ڕێگەی بودجەی گشتی یان بیمەی تەندروستییەوە ئەمە وادەکات تێچووی چارەسەر لەسەر تاکەکەس نەمێنێت و لەسەر کۆمەڵگە دابەش ببێت، بەمەش هاووڵاتی لە هەژاریی لەناکاو دەپارێزرێت.

**ڕێکخستن، چاودێری و کوالێتی**

**دۆخی هەرێمی کوردستان:-** ڕاپۆرتی ژمارە (5) وێنەی بازاڕێکی ئازادی کۆنتۆڵنەکراوی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو کە:-

- ستاف ناشارەزا، کەرەستەی ساختە و بینای نەگونجاو.
- نرخەکان کۆنترۆڵ نەکراون و زۆرجار زۆر بەرزن.
- پشتگوێخستنی ستانداردەکانی ئاوەڕۆ و پاشماوەی پزیشکی.
- خۆدزینەوە لە باج و شاردنەوەی قازانجی ڕاستەقینە.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو:**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) :-** جەخت لەسەر بوونی دەزگایەکی ڕێکخەری بەهێز دەکاتەوە کە بەرپرس بێت لە مۆڵەتدان بە دامەزراوە و کارمەندان، دیاریکردنی ستانداردی کوالێتی، چاودێریکردنی نرخەکان و دڵنیابوونەوە لە سەلامەتیی نەخۆش.
- **وڵاتانی پێشکەوتوو:-** سیستەمێکی توندی مۆڵەتدان و پشکنینی خولییان هەیە بۆ نموونە، لە ئەمریکا، دەزگای (FDA) چاودێریی دەرمان و ئامێرە پزیشکییەکان دەکات. لە بەریتانیا، (CQC)چاودێریی کوالێتیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەکات، هەر دامەزراوەیەك

پابەند نەبێت، ڕووبەڕووی سزای قورس و داخستن دەبێتەوە، بیرۆکەی ئەوەی نەخۆشخانەیەك بینای بازرگانی بێت، یان ئاوەڕۆکەی تێکەڵی ئاوەڕۆی گشتی بێت، لە دەرەوەی خەیاڵە.

**3- بازاڕی جوانکاری و خزمەتگوزاریی ناپێویست**

**دۆخی هەرێمی کوردستان:-** بازاڕێکی گەورەی جوانکاری دروست بووە کە 96%ی خزمەتگوزارییەکانی ناپێویست و خۆویستن، ئەم بازاڕە ساڵانە نزیکەی **169 ملیۆن دۆلار** لە هەرێمی کوردستان دەباتە دەرەوە.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو:-**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێی وایە** لە کاتێکدا چارەسەری جوانکاری بەشێکە لە پزیشکی، بەڵام سیستەمە تەندروستییەکان دەبێت لە پێشینەدا گرنگی بە خزمەتگوزارییە پێویست و ژیان ڕزگارکەرەکان بدەن، گەشەی لەڕادەبەدەری بازاڕێکی ناپێویست، نیشانەی تێکچوونی هاوسەنگی و لەپێشینەکانی سیستەمەکەیە.
- **وڵاتانی پێشکەوتوو:-** بازاڕی جوانکاری بوونی هەیە، بەڵام بە توندی ڕێکخراوە تەنها پزیشکی پسپۆڕ و خاوەن مۆڵەت دەتوانێت ئەو کارانە بکات. هەروەها، ئەم بازاڕە بە تەواوی لە سیستەمی بیمەی تەندروستیی گشتی جیاکراوەتەوە و هاووڵاتی دەبێت 100%ی تێچووەکەی خۆی بدات. چاودێریی توند هەیە لەسەر جۆری ماددە بەکارهاتووەکان و ڕیکلامکردن بۆیان.

**پوختەی بەراوردکارییەکە، تایبەتمەندی ڕۆڵی کەرتی تایبەت، دابینکردنی دارایی، چاودێری و ڕێکخستن ،کوالێتی و سەلامەتی دادپەروەری.**

| بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو | دۆخی هەرێمی کوردستان |
|---|---|
| تەواوکەری کەرتی گشتی(Complementary) | جێگرەوەی سەرەکی کەرتی گشتی(Substitute) |
| زۆرینە لەسەر کۆکردنەوەی مەترسی (بیمە یان بودجەی گشتی) | زۆرینە لەسەر پارەدانی ڕاستەوخۆ لە گیرفان (OOP) |
| زۆر بەهێز، ڕێکخراو و لەسەر بنەمای یاسا و ستاندارد | زۆر لاواز، کۆنترۆڵنەکراو و پڕ لە سەرپێچی |
| بەرز و کۆنترۆڵکراو، سەلامەتیی نەخۆش لە | نزم و پڕ لە مەترسی (ستافی ناشارەزا، ماددەی |

| | |
|---|---|
| **پێشینەدایە** | **ساختە، ژینگەی نادروست)** |
| **هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتنی یەکسان بۆ هەمووان بەپێی پێویستی** | **دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری پشت بە توانای دارایی دەبەستێت** |

### 4- دەرئەنجامی کۆتایی

**کەرتی تایبەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان لەبری ئەوەی ببێتە چارەسەرێك بۆ کەموکورپییەکانی کەرتی گشتی، بووەتە ئاوێنەی شکستەکانی و کێشەکانی قووڵتر کردووەتەوە، سیستەمەکە لە نەبوونی رێکخستن و بازاڕی ئازادی بێمەرج دەناڵێنێت، کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو بنەمایانەیە کە تەندروستیی هاووڵاتیان دەپارێزێت و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی مسۆگەر دەکات.**

## تەوەرەی چوارەم/ شیکاریی زانستی و بەراوردکاریی بۆ مەترسیی بڵاوبوونەوەی ئایدز و نەخۆشییە گوازراوەکان

### یەکەم/ شیکاری زانستی بۆ مەترسییەکانی ئایدز و نەخۆشییە گوازراوەکان:

**ئەم بەشەی راپۆرتی ژمارە (5) تیشك دەخاتە سەر یەکێك لە هەستیارترین و مەترسیدارترین لایەنەکانی تەندروستیی گشتی(Public Health) ، ئەویش مەترسیی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکان(STIs) ، بەتایبەتی ڤایرۆسی HIV (ئایدز). شیکارییەکە لە چەند ڕوانگەیەکی زانستییەوە دەکرێت**

### 1- ڕوانگەی ئیپیدیمیۆلۆژی(Epidemiological Perspective)

**ئیپیدیمیۆلۆژی (زانستی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان) سێ توخمی سەرەکی بۆ بڵاوبوونەوەی هەر نەخۆشییەك دیاری دەکات :خانەخوێ(Host) ، هۆکار(Agent) و ژینگە .(Environment) زانیارییەکانی راپۆرتی ژمارە (4) نیشانی دەدەن کە هەرسێ توخمەکە بە شێوەیەکی مەترسیدار لە هەرێمی کوردستاندا ئامادەن**

- **ژینگەی گونجاو (Favorable Environment) :-**
- **شوێنە مەترسیدارەکان :-** بوونی 118 یانەی شەوانە و چەندین شوێنی دیکە کە کاری لەشفرۆشییان تێدا دەکرێت، ژینگەیەکی کرداری و چڕوپڕ بۆ تێکەڵاوبوونی سێکسیی بێ پارێزی دروست دەکات.

- **لاوازیی چاودێری:-** کەمیی چاودێریی تەندروستی و ئەمنی لەسەر ئەم شوێنانە و ای کردووە ببنە ناوچەی گەرم بۆ گواستنەوەی نەخۆشی.

- **خانەخوێی لەبار (Susceptible Hosts) :-**

- **کارکەرانی سێکسی (لەشفرۆشی):-** ژمارەیەکی زۆر لە کارکەرانی سێکسی لە نەتەوە و شوێنی جیاوازەوە (ئێرانی، تورکی، سوری، عێراقی، هتد) لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەتەوە، ئەم فرەنەتەوەییە مەترسیی هێنانی جۆرە جیاوازەکانی ڤایرۆس (Strains) بۆ ناوچەکە زیاد دەکات.
- **کڕیاران:-** بوونی کڕیاری ناوخۆیی و دەرەکی (عێراقی) تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی دروست دەکات، کە وا دەکات هەر تووشبوونێك بە خێرایی لەناو گرووپێکی گەورە و دواتریش بۆ ناو کۆمەڵگەی گشتی (خێزانەکانیان) بڵاو ببێتەوە.

- **هۆکاری چالاك (Active Agent) :-**

- ڤایرۆسی HIV و نەخۆشییەکانی تری وەك (Hepatitis B, Syphilis, Gonorrhea) لە ڕێگەی پەیوەندیی سێکسیی ناپارێزراوەوە بە ئاسانی دەگوازرێنەوە. نەبوونی پشکنینی بەردەوام و هۆشیاریی تەندروستی، ئەم هۆکارانە زۆر چالاکتر دەکات.

## 2- ڕوانگەی شکستی سیاسەتی تەندروستیی گشتی

سیاسەتی تەندروستیی گشتیی کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە چەند پایەیەکی هەیە کە لە ڕاپۆرتی ژمارە (5)دا دیارە شکستیان هێناوە:-

- **پشکنین و سکرینینگ (Screening & Testing) :-**

**دۆخی هەرێمی کوردستان:-** پشکنین تەنها لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەت و نوێکردنەوەیدا (6 مانگ یان ساڵ جارێك) دەکرێت.

- **ستانداردی زانستی:-** ئەم جۆرە پشکنینە بە هیچ جۆرێك کاریگەر نییە، ماوەی پەنجەرەیی (Window Period)بۆ دەرکەوتنی ڤایرۆسی HIV لە خوێندا دەکرێت چەند هەفتەیەك بخایەنێت، کەسێك دەکرێت یەك ڕۆژ دوای پشکنینە نێگەتیڤەکە تووش ببێت و بۆ ماوەی ساڵێك

ڤایرۆسەکە بڵاو بکاتەوە تا پشکنینی داهاتوو، ستاندارده جیهانییەکان داوای پشکنینی بەردەوام و دەستڕاگەیشتنی ئاسان دەکەن بۆ گرووپە مەترسیدارەکان (High-risk groups) .

- **کەمکردنەوەی زیان(Harm Reduction)** :-

**دۆخی هەرێمی کوردستان:-** هیچ ئاماژەیەك نییە بە بوونی پرۆگرامی کەمکردنەوەی زیان.

- **ستانداردی زانستی:-** لەو وڵاتانەی کە مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیە دەکەن، ستراتیژی کەمکردنەوەی زیان پەیڕەو دەکرێت، ئەمەش بریتییە لە هۆشیارکردنەوەو قەدەغەکردن و دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نهێنی و بێ جیاکاری و چارەسەرکردنی خێرا بۆ تووشبووان.

- **چاودێری و بەدواداچوون (Surveillance)** :-

**دۆخی هەرێمی کوردستان:-** کەمیی ڕۆڵی وەزارەتی تەندروستی لە چاودێریکردندا وای کردووە هیچ داتایەکی ورد و سیستەماتیك لەسەر ڕێژەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان لەم شوێنانەدا بوونی نەبێت.

- **ستانداردی زانستی:-** چاودێریی ئیپیدیمیۆلۆژیی بەردەوام بنەمای هەر هەوڵێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە گوازراوەکان، بەبێ زانینی قەبارەی کێشەکە، ناتوانرێت پلانی بۆ دابنرێت.

## 3- ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و حوکمڕانی (Socio-governance Perspective)

ڕاپۆرتی ژمارە (5) کێشەیەکی قووڵتریش ئاشکرا دەکات کە پەیوەندی بە حوکمڕانییەوە هەیە:

- **پەیوەندیی گەندەڵی** :- ئاماژەدان بە پشتیوانیی بەرپرسانی حیزبی و دەستڕۆیشتوو لەم شوێنانە لە بەرامبەر پشك، ڕوونترین نموونەی گەندەڵییە، ئەمە دوو دەرئەنجامی مەترسیداری هەیە:-
  - **شکاندنی یاسا:-** ئەم شوێنانە لە ژێر چەتری پارێزگاریدا دەتوانن یاسا و ڕێنماییەکان بشکێنن و لە چاودێریی تەندروستی و ئەمنی دەرباز بن.
  - **بەگرنگ زانینی قازانج نەك تەندروستی:-** ئامانجی سەرەکیی خاوەن و پشتیوانانی ئەم شوێنانە قازانجی داراییە، نەك پاراستنی تەندروستیی گشتی، بۆیە ترسێکی ئەوتۆیان نییە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارە تەندروستییەکان.

- **جوڵەی دانیشتوان:-** هاتنی ژمارەیەکی زۆری کارکەری سێکسی و کڕیار بە ناوی دیکەوە لە دەرەوەی هەرێم (وڵاتانی دەوروبەر و شارەکانی تری عێراق)، کێشەکە لە کێشەیەکی ناوخۆییەوە دەکات بە کێشەیەکی هەرێمیی، هەرێمی کوردستان روبەروی مەترسیەکی راستەقینە دەکاتەوە کە دوور نیە سیاسی بێت و لە پێناو وێرانکردنی دۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی هەرێم بە بەرنامە داڕێژراوی جێبەجێ بکرێت.

## 4-دەرئەنجامی گشتی

زانیارییەکانی ناو ئەم راپۆرتە بۆمبێکی تەوقیتکراوی تەندروستی نی،شان دەدات مەترسییەکە تەنها بڵاوبوونەوەی ئایدز نییە، بەڵکو کۆمەڵێك نەخۆشیی تری گوازراوەش دەگرێتەوە کە ئەگەر بەپەلە ڕێکاری زانستی و توند بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەیە نەگیرێتەبەر، ئەگەری ئەوە هەیە هەرێمی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕووبەڕووی قەیرانێکی تەندروستیی گشتیی گەورە ببێتەوە کە کۆنترۆڵکردنی زۆر قورس و پڕتێچوو دەبێت.

**دووەم/ بەراوردکاریی ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی STIs لە هەرێم لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان**

دۆخی هەرێمی کوردستان و ەك لە راپۆرتی ژمارە (5)دا وێنا کراوە، لە ناکۆکییەکی قووڵدایە لەگەڵ ئەو ستراتیژییە جیهانییانەی کە بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکانی وەك ئایدز و نەخۆشییە گوازراوەکانی تر داڕێژراون.

### 1. ستراتیژیی پشکنین و دەستنیشانکردن (Testing & Diagnosis Strategy)

**دۆخی هەرێمی کوردستان:-** پشکنین تەنها لە کاتی پێدانی مۆڵەتی نیشتەجێبوون و نوێکردنەوەیدا (6 مانگ یان ساڵی جارێك) دەکرێت ئەمە **ستراتیژییەکی ناتەواوە**

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) :-** ستراتیژییەکەی لەسەر بنەمای پشکنین و چارەسەر (Test and Treat)دامەزراوە، جەخت لەسەر پشکنینی خۆویستانە و نهێنی و پشکنینی بە دەستپێشخەریی دابینکەری خزمەتگوزاری دەکاتەوە، بەتایبەتی بۆ گرووپە مەترسیدارەکان وەك کارکەرانی سێکسی و ئەوانەی لە یانە شەوانەکاندا کار دەکەن.

- **وڵاتانی پێشکەوتوو**:- کلینیکی تایبەت بە تەندروستیی سێکسی (Sexual Health Clinics) بوونیان هەیە کە خزمەتگوزاریی پشکنینی خێرا، خۆڕایی و نهێنی پێشکەش دەکەن. ئامانج ئەوەیە کە هەر کەسێك گومانی هەبوو، بتوانێت بە ئاسانی و بەبێ ترس پشکنین بکات. پشکنینی 6 مانگ جارێك بۆ گرووپێکی وا مەترسیدار بە هیچ شێوەیەك بەس نییە.

**2 ستراتیژیی پێشگیری و کەمکردنەوەی زیان (Prevention & Harm Reduction Strategy)**

**دۆخی هەرێمی کوردستان**:- راپۆرتی ژمارە (5) هیچ ئاماژەیەکی بە بوونی ستراتیژییەکی پێشگیرانە نەکردووە. وا دیارە تەنها پشتی بە پشکنینی ناوبەناو بەستووە.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO)** :- ستراتیژیی پێشگیریی تێکەڵاو ( Combination Prevention) پەیڕەو دەکات، کە چەندین ڕێکار لەخۆدەگرێت لەوانە:-
- **پێشگیریی بایۆلۆجی**:- وەك پێشگیری(Treatment as Prevention - TasP) و پێشگیریی پێشبەرکەوتن.(Pre-Exposure Prophylaxis - PrEP)
- **پێشگیریی ڕەفتاری**:- هۆشیارکردنەوە و گۆڕینی ڕەفتارە مەترسیدارەکان.
- **پێشگیریی یاسایی**:- لابردنی بەربەستە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

**3-چوارچێوەی یاسایی و حوکمڕانی** :-

**دۆخی هەرێمی کوردستان** :یاسا و ڕێنماییەکان جێبەجێ ناکرێن بەهۆی پشتیوانیی بەرپرسانی حیزبی و دەستڕۆیشتوو، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە سیستەمەکە لەلایەن بەرژەوەندیی تایبەتەوە قۆرخ کراوە و تەندروستیی گشتی کراوەتە قوربانی.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO)** :- جەخت لەسەر بوونی ژینگەیەکی یاسایی پشتیوان دەکاتەوە کە مافی تووشبووان بپارێزێت، جیاکاری کەم بکاتەوە و ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە تەندروستییەکان.

- **وڵاتانی پێشکەوتوو:-** یاسای توند هەیە بۆ سزادانی ئەو شوێنانەی کە سەرپێچیی ڕێنماییە تەندروستییەکان دەکەن، خاوەنکارەکان بەرپرسیارێتیی یاساییان لەسەرە بۆ دابینکردنی ژینگەی کاری سەلامەت، بیرۆکەی ئەوەی بەرپرسێکی سیاسی ببێتە پشتیوانی شوێنێکی لەم جۆرە، دەبێتە ئابڕوچوونێکی گەورەی سیاسی و یاسایی.

## 4 هەماهەنگیی نێوان دامەزراوەکان

**دۆخی هەرێمی کوردستان:-** هەماهەنگییەکی لاواز لەنێوان وەزارەتەکانی ناوخۆ، تەندروستی و دەزگای ئاسایشدا هەیە. ڕۆڵی وەزارەتی تەندروستی کەمە و زیاتر گرنگی بە لایەنی ئەمنی دراوە.

**بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو:-**

- **ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO) :-** داوای وەڵامدانەوەی فرەکەرتی دەکات، کە تێیدا کەرتی تەندروستی، پەروەردە، داد، کاروباری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی مەدەنی پێکەوە کار دەکەن.
- **وڵاتانی پێشکەوتوو:-** لیژنەی نیشتمانیی باڵا یان دەستەی تایبەت هەیە کە هەماهەنگی لەنێوان هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا دەکات، تەندروستیی گشتی لە پێشینەی کارەکاندایە، نەک تەنها لایەنی ئەمنی.

**پوختەی بەراوردکارییەکە، تایبەتمەندی، ستراتیژیی سەرەکی پشکنین، پێشگیری، جێبەجێکردنی یاسا و هەماهەنگی**

| بنەماکانی WHO و وڵاتانی پێشکەوتوو | دۆخی هەرێمی کوردستان |
| --- | --- |
| پێشگیرانە و تەندروستی-تەوەر(Proactive & Health-focused) | کاردانەوەیی و ئەمنی-تەوەر(Reactive & Security-focused) |
| بەردەوام، خۆویستانە، نهێنی و بەردەست | ناوبەناو و ناچاری(Periodic & Mandatory) |
| فرەلایەن و بەهێز (کۆندۆم، هۆشیاری، (PrEP | بوونی نییە یان زۆر لاوازە |
| بەهێز و بێ جیاکاری | لاواز بەهۆی گەندەڵی و پارێزگاریکردنەوە |
| فرە-کەرتی و یەکگرتوو | ناتەواو و کەرتی تەندروستی پەراوێزخراوە |

**دەرئەنجامی کۆتایی:-** سیستەمی ئێستای هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە، نەک هەر لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکاندا ناگونجێت، بەڵکو پێچەوانەی ئەو بنەمایانەیە کە سەلمێندراوە کە کاریگەرن، مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکە وەک کێشەیەکی ئەمنی نەک تەندروستی و پشتبەستن بە پشکنینی

ساڵانە و پشت گوێخستنی هۆکارن بۆ شکستهێنان لە کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە گوازراوەکان و ڕێگەخۆشکردنە بۆ بڵاوبوونەوەیەکی بەرفراوان و بێدەنگ لەناو کۆمەڵگەدا.

**تەوەرەی پێنجەم/ لاوازبوونی پارێزگای سلێمانی لە روی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە**

بەرپرسانی تەندروستی لە پارێزگای سلێمانی ئەوە ناشارنەوە، کە دەستی سیاسی هەیە بۆ لاوازکردنی کەرتی تەندروستی لە پارێزگاکە، ئەمەش لە چوار چێوەی ئەو ململانێ حیزبیەی لە هەرێمی کوردستان هەیە و زۆربەی کەرتەکانی دەوڵەتی گرتۆتەوە، لێرەدا چەند خاڵێك وەك وردەکاری دەخەینە روو کە بە ئاسانی لاوازبوون و پاشکەشەی کەرتی گشتی تەندروستی لە پارێزگای سلێمانی دەسەلێنێت.

**یەکەم/ گرفتەکانی نەخۆشخانەی هیوا**

**1- سەنتەری ژیانەوە:-**

یەکێکە لەبەشەکانی نەخۆشخانەی هیوا و لە سەرەتای دابینکردنی خزمەتگوزرای بە نەخۆشانی شێرپەنجە لە پارێزگای سلێمانی و بەتایبەت لە ساڵی 2008 وە خزمەتگوزاری چارەسەر بەتیشك بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە لە پارێزگای سلێمانی پێشکەش دەکات، ئەم سەنتەرە لە ساڵی 2008 یەکەم ئامێری لە جۆری (MR Linac) بۆ دابیندەکرێت، دووەم ئامێری لە هەمان جۆر لە ساڵی 2012 بۆ دابین دەکرێت، کە لەو کاتەوە تا ئێستا خزمەتگوزاری چارەسەری تیشك بۆ نەخۆشخانی شێرپەنجە پێشکەش دەکات و لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان و عێراق و رۆژهەلاتی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران و تەواوی ئەو ئاوارانەی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێبوون و پێویستیان بەو چارەسەرە بووە کردوە، سەرەڕای ئەوەی (13) ساڵ بەسەر کرێینی دووەم ئامێر و (17) ساڵ بەسەر کڕینی یەکەم ئامێر بۆ ئەو سەنتەرە تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا تەنیا هەر ئەو دوو ئامێرە لەو سەنتەرەدا کار دەکەن‌و حکومەت ئامادە نەبوە ئامێری نوێی بۆ بکرێت، ئامێرەکان بەتەواوی ماندوو بوون و زوو زوو لەکار دەکەون، ئەمەش وا دەکات جار جار بۆ ماوەی چەندین مانگ چاوەڕێی چاککردنەوەی بکەن، کە بەرپرسانی تەندروستی سلێمانی دەڵێن وەزارەتی تەندروستی ئامادەنیە نۆژەنیشی بکاتەوە.

**2- جیاوازی کردن لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری چارەسەری شێرپەنجەدا:-**

بەپێی ئەو داتایانەی لەبەر دەستدان لەماوەی شەش ساڵی رابردوودا جیاوازی زۆر کراوە لەنێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا لە روی دابینکردن و پەرەپێدانی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە، پارێزگای سلێمانی کە لە ساڵی 2008 وە دواتر بۆ 2012 و تا ساڵی 2019 یەکەم پارێزگای سەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان بوە لە روی خزمەتگوزاری چارەسەری تایبەت بە نەخۆشی شێرپەنجە، کە

**جگە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی ئاست بەرزی ستاندارد، هاوکات ستافێکی کارامەی لە پزیشك و کارمەندی تەندروستی پێکەوە ناوە، بەڵام لە ساڵی 2019 بەدواوە پاشەکشەکی زۆر دەکات و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی دادەبەزێت بۆ ئاستی ساڵی 2008، ئێستاش کە لەساڵی 2025 داین هەر لەهەمان ئاستدایە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەماوەی ئەو (17) ساڵەدا حکومەت ئامادە نەبوە ئامێری نوێ بەتایبەت بۆ سەنتەری ژیانەوە دابین بکات کە بە شادەماری نەخۆشخانەی هیوا هەژمار دەکرێت و هەر بە ئامێرە کۆنەکانی ساڵانی رابردوو کار دەکەن، لەبەرامبەردا لەبەرامبەردا لەپارێزگاکانی دهۆك و هەولێرو دوو سەنتەری مۆدێرنی چارەسەری شێرپەنجە بە تیشك کراونەتەوە، کە حکومەت بودجەی بۆ دابینکردوون، هاوکات گەورەترین نەخۆشخانە لەسەرە ئاستی عێراق بۆ چارەسەری شێرپەنجە لە هەولێر دروستکراوە، ئەمەش بەرپرسانی تەندروستی سلێمانی نیگەران کردوە کە وای دەبینن، حکومەت بە سلێمانی و هەڵەبجە دەڵێت، بودجەی لەبەردەستدا نیە ئامێری نوێ بۆ سەنتەری ژیانەوە دابین بکات یان بەلای کەمەوە ئامێرەکانی ئێستای نۆژەنبکاتەوە، بەڵام لەبەرامبەردا دوو سەنتەری مۆدێرن لە هەولێر و دهۆك بە تەواوی ستافەوە دەکاتەوەو گەورەترین نەخۆشخانەی شێرپەنجەش لە هەولێر دروست دەکات.**

### 3- راکێشانی پارەی نەخۆشخانەی هیوا

**بە بڕیاری حکومەت 10٪ پارەی باجی مادده زیان بەخشەکانی وەك جگەرە و خواردنەوە کحولیەکان و ئەو مادده پلاستیکیانەی کە بەهۆکاری تووش بوون بە نەخۆشی شێرپەنجە دا ئەنرێن و هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، بۆ نەخۆشخانەی هیوا تەرخان کرا، هاوکات چەندین هەڵمەتی خێرخوازی و کەمپینی بەخشین لەساڵانی رابردوودا رێکخران و پارە بۆ نەخۆشخانەکە کۆ کرایەوە، کە کۆی گشتی گەیشتە پێنج ملیۆن دۆلار، هەولێکی زۆر درا ئەو پارەیە بۆ خزمەتی نەخۆشخانەکە خەرج بکرێت و بەلای کەمەوە ئامێری نوێ بۆ سەنتەری ژیانەوە وەك یەکێك لەسەنتەرە گرنگەکانی نەخۆشخانەکە دابین بکرێت، بەڵام نەتوانرا حکومەت رازی بکرێت تا کار گەیشتە ئەوەی پارەکە لە بانکی باخان لە سلێمانی بۆ بواری دیکە رابکێشرێت و تا ئێستاش نەتوانراوە ئەو بڕە پارەیە بۆ نەخۆشخانەکە بگەڕێندرێتەوە.**

### 4- لاوازکردنی نەخۆشخانەی هیوا

**نەخۆشخانەی هیوا بەیەکەم نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەری نەخۆشیەکانی خوێن (شێرپەنجە) لە سەرانسەری عێراق هەژمار دەکرێت کە لەدەرەوەی بەغدای پایتەخت دامەزرابێت، نەخۆشخانەکە لە دوای فراوانکردنی لە سەنتەرێکەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی سەربەخۆ، لە نێو باڵەخانەیەك لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەدی شاری سلێمانی دانراوە، ئەو باڵەخانەیە لە بنەڕەتدا بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی دروستکراوە، بەڵام لەکاتی تەواوبوونی باڵەخانەکەدا لەبەر ئەوەی لە ناوەراستی شارەوە دوور**

بوو، فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیەکە لەو کاتەدا ئامادەنەبوون لەوێ دەوام بکەن، بۆیە دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکە نەگوازرایەوە ناو ئەو باڵەخانەیە، دواتر درا بە نەخۆشخانەی هیوا و لەسەرەتای کاردنیەوە نەخۆشخانەکە  لەو باڵەخانەیەدا تا ئێستا، لە روی زانسیتەوە نە باڵەخانەکە، نە ئەو ناوچەیەی باڵەخانەکەی لێیە بۆ نەخۆشخانە گونجاو نیە، بەتایبەت نەخۆشخانەیەکی وەك هیوا، تایبەت مەندی ناوچەکە ناوچەی نیشتەجێبوونە، باڵەخانەکەش لە بنەڕەتدا بۆ فەرمانگەیەکی کارگێڕی دروستکراوە، هەر بۆیە کەمترین بنەمای زانستی لە روی پزیشیکەوە تێدا رەچاو کراوە کە بۆ نەخۆشخانە بشێت، بەڵام سەرەڕای ئەوە نەخۆشخانەکە بە ئێستاشەوە خزمەتگوزاریەکی گەورە و بێ وێنە پێشکەش بە نەخۆشەکانی دەکات، ستافێکی ماندوو نەناس لە پزیشك و کارمەندی تەندروستی و کارمەندی کارگێڕی شەو و رۆژیان خستۆتە سەر یەك و خزمەتگوزاری پێشکەش بە نەخۆشەکان دەکەن.

لە ساڵی 2011وە  (12) دۆنم زەوی لەناو پارکی هەواری شار لە شاری سلێمانی بۆ نەخۆشخانە تەرخان کراوە کە بیانەیەکی مۆدێرنی لەسەر دروست بکرێت، بەڵام تائێستا زەویەکە هەروا ماوەتەوەو بەهۆی تەرخاننەکردنی بودجەی پێویستەوە نەتوانراوە دروست بکرێت، ئەو ناوچەیەی زەویەکی تیایدا تەرخان کراوە نزیکە لە ستاندارده نێودەوڵەتیەکان بۆ نەخۆشخانەیەکی وەك هێوا، بەو پێیەی ناوچەیەیکی پڕ لە سەوزایی و کەشێکی گونجاوی هەیە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر باری دەرونی نەخۆشەکان دەبێت و کاریگەرە بۆ ئەوەی هیوا لە دەست نەدەن، بەڵام دروستکردنی بینایەك لەو ناوچەیەدا هەروا ئاسان نیە، چونکە بەدەر لە گرفتی بودجە مەترسی دیکەش لەسەر  زەویەکە هەیە، تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە زانویێتی  چەند وەبەرهێنێك چاویان بریوەتە زەویەکە کە بۆ پرۆژەی نیشتەجێبوون وەری بگرن و لەبەرامبەردا لە شوێنێکی تر زەوی بۆ نەخۆشخانەکە تەرخان بکرێت و لەبەرامبەردا لەسەر ئەرکی خۆیان بینای نەخۆشخانەکە دروست بکەن، ئەو سەرمایەدارانە تەرخاننەکردنی بودجەیان بە دەرفەت زانیوە بۆ ئەوەی هەوڵبدەن بریار بەدەستان رازی بکەن کە بریارێکی لەو شێوەیە بدەن، بەڵام تائێستا یەکلا نەبۆتەوە کە بریارێکی لەو جۆرە ئەدرێت یان نا، کە ئەگەر بدرێت ئەو بە قازانجی تایبەتی سەرمایەدارەکان دەشکێتەوە، هاوکات زیانێکی زۆریش دەگات بە بەرژەوەندی گشتی، چونکە ئەو زەویەی بۆ نەخۆشخانەکە تەرخان کراوە، زەویەکی نایابەو و زۆر گونجاوە بۆ نەخۆشخانەکە، کە سروشتێکی جوانی هەیە، هەربۆیە سەرنجی سەرمایەدارانی راکێشاوە، لەبەرامبەردا هەر زەویەکی دیکە بۆ نەخۆشخانەکە تەرخان بکرێت وەك زەویەکەی ئێستا نیە و گۆڕانکاریەکە دەچێتە خزمەتی سەرمایەدارانەوە، کە بە ئیَستاشەوە هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ بەدەستهێنانی زەویەکەو رێگای جۆراوجۆر دەگرنە بەر، لەوانە پەنا بردن بۆ دەستوەردانی حیزبی لەلایەن بەرپرسانی دەسترۆیشتووی حیزبەوە.

**دووەم/ دامەزراردندن لەکەرتی گشتی تەندروستی ودەستومردانی حیزبی تیایدا:-**

**لە ماوەی 10 ساڵدا واتا لەسەرەتای ساڵی 2014 تا کۆتایی ساڵی 2024 لە هەرێمی کوردستان بەشێوەی ئاشکراو گشتگیر (3,614) کەسی بۆ کەرتی گشتی دامەزراندوە، ساڵی 2014 لە کاتی جەنگی داعشدا (830) کەسی بۆ پارێزگای گهۆك لە کەرتی تەندروستی دامەزراند، لە سەرەتای ساڵی 2018 تا کۆتایی ساڵی 2024 حکومەتی هەرێمی کوردستان (2,184) کەسی لە کەرتی تەندروستی دامەزراندوە، دامەزراندنی ئەم ژمارەیە لە دەستوەردان و ململانێی توندی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەدەر نەبوە، لێرەدا وردەکاری ململانێ و دەستوەردانی حیزبی لەو پرۆسەیە دەخەیەنە روو:-**

**یەکەم: ساڵی 2014 لە دامەزراندنی (830) کەس بۆ پارێزگای دهۆك و بۆ کەرتی تەندروستی ئینتمای حیزبی رۆڵی گرنگی بینی لە دیاری کردنی کەسەکان و ئەوانەی تەزکیەی حیزبیان نەبوو، مامەڵەی دامەزراندنەکانیان گرفتی بۆ دروست دەکرا، تایبەتکردنی ئەو ژمارەیەی هەلی دامەزراندن بۆ پارێزگای دهۆك بۆخۆی پرسیارێکی حیزبی بوو کە حکومەت دەری کرد، چونکە ژمارەی تەواوی دەرچوە دانەمەزراوەکانی بەشەکانی تەندروستی لە پارێزگای دهۆك زۆر لەو ژمارەیە کەمتربوو کە بۆی دیاری کرابوو، کە پێویست بوو ژمارە زیادەکان بدرێن بە پارێزگاکانی تر، بەڵام حکومەت لەو کاتەداس ور بوو لەسەر ئەوەی ئەو ژمارەیە تەنیا بۆ دهۆك بێت و بۆ ئەو مەبەستەش دوای ئەوەی تەواوی دەرچوەکانی دهۆك مامەڵەی دامەزراندنیان بۆ کرا، لەشارەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەرچوی دیکە لەسەر میلاکی بەرێوەبەرایەتی تەندروستی دهۆك دامەزرێندران ئەمەش بۆ ئەوەی تەواوی ژمارەیەکە بۆ پارێزگای دهۆك بێت.**

**دووەم: لە دامەزراندنی (500) کەس لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان وەك پێویست کار بەو ناوانە نەکرا کە لەرێگای لینکی وەزراەیت پەروەردەوە پێشکەش کران، لە پارێزگای دهۆك لینکەکە کارا نەکرا، لە پارێزگای سلێمانی سەرەڕای کاراکردنی لینکەکە بەڵام زیاتر لە (30) ناو لەرێگای بارەگا حیزبیەکانەوە سەپێندرا، بەرێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی لیژنەی تایبەتی پێکهێنا کە بەدواداچوونی ورد بۆ بکات بۆ ئەوەی تەنیا ئەو ناوانە دابمەزرێن کە لەرێگای لینکەکەوە پێشکەشیان کردوە بەڵام لە کۆتاییدا ئەو ناوانەی لە بارەگای حیزبیەکانەوە نێردرابوون توانرا بسەپێندرێن، لە پارێزگای هەولێر لینکەکە کارا کرا، بەڵام کاری پێنەکرا و ناوەکان لە بارەگای حیزبیەوە نێردران، لە ئیدارەی سۆران کێشەی گەورە لەسەر دامەزراندنی (100) لەو پێنجسەد کەسە لەنێوان ئیدارەی شارەکەو بارەگای حیزب دروست بوو، کە هەر یەکەو (100) ناوی بەجیا رەوانەی وەزارەتی تەندروستی کردبوو، هەر لایەك و دەیویست (100) ناوەکەی خۆی دابمەزرێ، بەڵام لە کۆتاییدا بە نێوەندگیری وەزارەتی تەندروستی لەسەر پەنجا بە پەنجا بە رێککەوتن.**

سێیەم: لەپارێزگای هەڵەبجە ململانێ و گرفتی گەورە بەهۆی دەستوەردانی حیزبییەوە لە دامەزراندنی کەرتی تەندروستی دروستبوو، بەنهێنی فەرمانی دامەزراندن بۆ پێنج کەس لەسەر میلاکی بەرێوەبەرایەتی تەندروستی هەڵەبجە دەرچوو، کە لەبارەگای حیزبەوەو بە دەستوەردانی حیزب ناوەکانیان بەرز کرابۆیەوە، ئەم کارە نارەزایەتی زۆری لێکەوتەوە، تەندروستی هەڵەبجە ئامادەنەبوو دەستبەکاربوون بۆ ئەو پێنج کەسە بکات، بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکەو لەپێناو رازی کردنی تەندوستی هەڵەبجە بۆ دەرکردنی فەرمانی دەستبەکرابوونی ئەو پێنج کەسە و راگرتنی هاوسەنگی حیزبی بریاری دامەزراندن بۆ (30) کەس بۆ تەندروستی ناحیەی بیارە دەرکرا، کە نۆ کەس لەو (30) کەسەش لە رێگای حیزبەوە ناویان نێدرابوو، ئەمەش جارێکی تر نارەزایەتی گەورەی دەرچوان و چالاکوانان و رێکخراوەکانی هەڵەبجەی لێکەوتەوە، بەوهۆیەو ئەم هەوڵەش شکستی هێنا، دواجار بۆ هێورکردنەویە دۆخەکە بریاردرا (100) کەسە لە دەرچوانی تەندروستی بۆ کەرتی تەندروستی پارێزگاکە دابمەزۆرێندرێت، کە لەنێواندا ئەو پێنج کەسە و کەسانی دیکە هەبوون کە لەلایەن حیزبەوە دەستنیشان کرابوون بۆ دامەزراندن، سەرەڕای نارەزایەتی زۆری دەرچوانی بەشە تەندروستیەکان و رێکخراوەکانی پارێزگای هەڵەبجە، دواتر توانرا بابەتەکە بە دامەزراندین ئەو (100) کەسە کۆتایی پێ بهێندرێت.

**سێیەم/ رێگریی کردن لە پاڵپشتیەکانی حکومەتی عێراق لە رویی هێزی مرۆییەوە:-**

بۆ پڕکردنەوەی کەمی میلاکی بەرێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ و دوو نەخۆشخانە لە سنوری قەزاکە کە یەکێکیان لە سەر بودجەی حکومەتی عێراق و ئەوی تر لەلایەن خێرخوازێکەوە دروستکراوە، تەندروستی چەمچەماڵ لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کەرکوك گەیشتە رێککەوتنێك، کە زیاتر لە (400) دەرچووی دامەزراوی بەشە تەندروستیەکان کە لەسەر میلاکی تەندروستی کەرکوك دامەزراون و لە بنەڕەتدا خەڵکی سنوری پارێزگای کەرکوکن و دانیشتووی قەزای چەمچەماڵن، بە تەنسیب لەو دوو نەخۆشخانەیە و دامەزراوە تەندروستیەکانی دیکەی چەمچەماڵ دەوام بکەن و موچەیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ دابین بکرێت، ئەم هەوڵە چەند هەنگاوێکی برِی و نزیکبوو لەوەی بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام لەناکاو وەزارەتی تەندروستی بە نوسراوێك رێگەی لێدەگرێت و ئاماژە بەوە دەکات پێویستە بۆ تەنسیب کردنی هەر کارمەندێك لە وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە رەزامەنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان وەربگیرێت، ئەمەش پرۆسەکەی قورس و ئاڵۆز دەکرد، چونکە دەبوو تەندروستی کەرکوك نوسراو ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی عێراق بکات و وەزارەتی تەندروستی عێراقیش داوا لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بکات کە رازی بێت ئەو کارمەندانە تەنسیب بکرێن، کە لەراستیدا تەندروستی کەرکوك پیشتر لەلایەن وەزیری تەندروستی عێراقەوە ئەو دەسەڵاتەی پێدرابوو کە بریارەکە بدات و پێویست بەوە نەکات نوسراو بۆ وەزارەتی

تەندروستی عێراق بکات، چونکە ئەو کات پێویستی بەوە دەبوو وەزارەتی تەندروستی عێراق نوسراو بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بکات و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش داوا لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بکات رازی بێت بەوەی عێراق نزیکەی (400) کارمەندی بۆ تەندروستی چەمچەماڵ دابین بکات، کەئەمە جگە لەوەی ئەستەمە هاوکات وروژاندنی پەرلەمانتارانی عێراق و ئەو لایەنانەی لێدەکەوتەوە کە دژایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و پرۆسەکەی لەبار دەبرد و پێش دەستپێکردنی ئەنجامەکەی دیاربوو، بۆیە تەندروستی کەرکوك لای خۆیەوە کارەکانی راگرت و کارەکە سەری نەگرت، بەرپرسانی تەندروستی پارێزگای سلێمانی نیگەرانی قوڵ نیشان دەدەن بەرامبەر ئەو نوسراوەی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان کە رێگەی گرت لە تەنسیبکردنی ئەو کارمەندانە و پێییان وایە ململانێی حیزبی لە پشت بریارەکەوەیەو لەپێناو ئەوەیە کەرتی تەندروستی لە سنوری پارێزگای سلێمانی کە قەزای چەمچەماڵیش بەشێکە لە پارێزگاکە بە لاوازی بمێنێتەوە.

**چوارەم/ پاشەکشەی منداڵبوونی سروشتی لە پارێزگای سلێمانی:-**

دوای بەراوردکردن و لێکدانەوەی ژمارەی حاڵەتەکانی منداڵبوون لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەوە دەردەکەوێت، لە ماوەی (10) ساڵدا واتا لە ساڵی 2008 تا ساڵی 2018 رێژەی مندالبوون بە سروشتی و بە نەشتەرگەری لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دا بەم جۆرە بوە:-

لە پارێزگای هەولێر لە کۆی هەموو سێ حاڵەتێکی لە دایبکوون یەك حاڵەت بە سروشتی و دوو حاڵەت بە نەشتەرگەری

لە پارێزگای دهۆك لە لە کۆی هەموو سێ حاڵەتێکی لەدایکبوون یەك حاڵەت بە سروشتی و دوو حاڵەت بە نەشتەرگەری

لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی ئەو (10) ساڵەدا لە کۆی هەر سێ حاڵەتێکی لەدایکبوون یەك حاڵەت بە نەشتەرگەری و دووحاڵەت بە سروشتی، ئەمەش ئەوە جەردەخات پارێزگای سلێمانی لە روی چاودێری و پێشکشەکردنی خزمەتگوزاری بە ژنانی دووگیان لە ماوەی ئەو (10) ساڵەدا لە پێش پارێزگاکانی ترەوە بوە، چونکە بەرزی ئاستی منداڵبوونی سروشتی بەرامبەر بە منداڵبوون بە نەشتەرگەری وەك هێمای باشی خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەر جوگرافیایەکی دیاری کراو هەژمار دەکرێت، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوەو سلێمانی لەم و رووەوە پاشەکشەی کردوە، لە ساڵی 2019 بەدواوە ئاستی لەدایکبوونی سروشتی لە پارێزگای سلێمانی هاوشێوەی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکی لێهاتوەو لە کۆی هەر سێ حاڵەتێکی مندالبوون لە سلێمانیش دوو حاڵەتی بەنەشتەرگەری و یەك حاڵەت بە سروشتیە، هاوکات پارێزگاکانی هەولێرو و دهۆکیش هەر لە هەمان ئاستدان و هەنگاوی پێشکەوتنیان لەو رووەوە نەناوە.

**باسی چوارەم/ دیداریی گفتوگۆیی:**

**دیداری یەکەم/ پرسی ئاراستە کردنی نەخۆش لە کەرتی گشتی تەندروستیەوە بۆ کەرتی تایبەت**

دیدارێکی گفتوگۆیی بە ئامادەبوونی (34) لە لایەنە پەیوەندیدارەکان و (28) ڕۆژنامەنووس وەك نوێنەری (20) دەزگای میدیایی بەڕێوەچوو. دیداری گفتوگۆییەکە لەلایەن ڕێکخراوی ئارانەوە و بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) لە ڕێکەوتی30-11-2024 لە هۆڵی هۆتێل تایتانیك لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو.

**لایەنە پەیوەندیدارەکان :-**

**بەرپرسە پەیوەندیدارەکان :-**

- د. هێمن عاسی، بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی شۆڕشی فێرکاری.
- د. سۆران عومەر حەمە، بەڕێوەبەری بەشی بەدواداچوون و پشکنینی کەرتی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.
- بەرێز ئومێد هیدایەت، بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی شاری فێرکاری.
- بەرێز سابیر عەبدوڵا، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لە سلێمانی.

**قسەکەرانی دیکە کە وەك قسەکەری سەرەکی شانبەشانی بەرپرسە پەیوەندیدارەکان بەشدارییان کرد :-**

- د. عەبدولفەتاح محەمەد ڕەحیم، سەرۆکی توێژینەوەکانی پاراستنی تەندروستی لە زانکۆی سلێمانی و مامۆستا لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی.
- د. یاد حەمید، پزیشکی دەرمانساز و چالاکوانێکی دیاری بواری تەندروستی.

**چالاکوانانی بواری تەندروستی و بوارەکانی دیکە :-**

- ژمارە: (28) چالاکوان

**تەوەرەکانی گفتوگۆ :-**

بەپێی پلانی پێشوەختە کە لەلایەن ڕێکخراوی ئارانەوە دانرابوو، دیاردەی ناچارکردنی نەخۆش بۆ چوونە کەرتی تایبەت لەبری کەرتی گشتی گفتوگۆی لەسەر کرا. لە سەرەتای دیدارەکەدا، ڕێکخراوی ئاران زانیاری دەربارەی بابەتی دیدارەکە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەییەکەی خۆی خستەڕوو، پاشان بەرپرسە پەیوەندیدارەکان کە نوێنەرایەتی تەندروستی سلێمانیان دەکرد، ڕوونکردنەوەی وردیان دەربارەی ئەو کێشانە پێشکەش کرد کە لە خستنەڕووەکەی ڕێکخراودا ئاماژەیان پێکرابوو.

**بۆچوونی قسەکەران :-**

**د. عەبدولفەتاح محەمەد ڕەحیم:**

- جەختی لەسەر گرنگی دیداری گفتوگۆیی کردەوە بۆ پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی و دەستنیشانکردنی کێشەکانی و دۆزینەوەی چارەسەر.
- چەندین تێبینی دەربارەی بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان خستەڕوو و جەختی کردەوە کە دیدارەکە شوێنی گونجاوە بۆ خستنەڕووی ئەم تێبینیانە.
- ئاماژەی بە مەترسی دیاردەی ناچارکردنی نەخۆش بۆ چوونە کەرتی تایبەت کرد.
- ستایشی ڕۆڵی ڕێکخراوی ئارانی کرد وەك تاکە لایەن کە کار لەسەر ئەم بابەتە گرنگە دەکات و جەختی لەسەر بەردەوامی خۆی کرد لە پشتیوانیکردنی ڕێکخراوەکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

**د. یاد حەمید :-**

- پێزانینی خۆی بۆ هەوڵەکانی ڕێکخراوی ئاران دەربڕی و دانی بە جدییەتی کێشەی ختراوەڕوودا نا.
- ئاماژەی بەوەدا کە ئاراستەکردنی زۆرەملێی نەخۆشان بۆ کەرتی تایبەت کێشەیەکە پێویستە چارەسەر بکرێت.
- پێشنیازی کرد کە پێویستە بەرژەوەندییەکانی بەرپرسانی کەرتی تەندروستی لە بەرژەوەندییەکانی کەرتی تایبەت جیا بکرێتەوە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاساوە.

**شایەتی قوربانیانی دیاردەکە :-**

سێ هاوولاتی که ئامادەی دیدارەکه بوون، شایەتی خۆیان دا دەربارەی ناچارکردنیان به شێوازی جۆراوجۆر بۆ ڕووکردنه کەرتی تایبەت لەلایەن هەندێك پزیشك و بەرپرسی کەرتی تەندروستییەوە که بەرژەوەندی تایبەتیان تێیدا هەیه.

**بەشداریی ئامادەبووان :-**

هەموو ئامادەبووان به بۆچوونەکانیان بەشدارییان له دیدارەکەدا کرد و گفتوگۆیەکی گەرم و جدی دەربارەی بابەتی دیدارەکه دروست بوو.

**خاڵه بەهێزەکان :-**

1. **ڕێکخستنی باش و گشتگیر:-**

وا دەردەکەوێت که دیدارێکی گفتوگۆیی تەواوکارمان ڕێکخستووه که کۆمەڵێکی بەرفراوانی لایەنه پەیوەندیدارەکانی لەخۆگرتبوو، ئەمەش ڕەنگدانەوەی توانای ڕێکخراوەکەیه له هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی چالاکییه گرنگەکان به شێوەیەکی باش.

2. **هەمەجۆریی بەشداربووان :-**

دیدارەکه نوێنەرانی کەرته جیاوازەکانی وەك تەندروستی، مافی مرۆڤ و میدیای لەخۆگرتبوو، جگه له شایەتحاڵ و چالاکوانان، ئەمەش بووه هۆی دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆکه و داپۆشینی ڕەهەنده جیاوازەکانی بابەتەکه.

3. **گفتوگۆکردنی بابەته هەنووکەییەکان به دیاریکراوی :-**

دیدارەکه بابەته هەستیار و گرنگەکانی وەك ناچارکردنی نەخۆش بۆ ڕووکردنه کەرتی تایبەتی خسته بەرباس، که بابەتێکه کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگه هەیه، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی ڕێکخراوی ئارانه به چارەسەرکردنی پرسه کۆمەڵایەتییه گرنگەکان.

4. **ڕووماڵی میدیایی بەرفراوان :-**

دیدارەکە بە ئامادەبوونی بەرفراوانی میدیاکان جیاکرایەوە سەرەڕای هاوکاتبوونی لەگەڵ ڕووداوە گەورەکانی دیکە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بابەتی خستراوەڕوو جێگەی بایەخی میدیا و جەماوەرە و کاریگەری دیدارەکە و بایەخدانی کۆمەڵگە پێی بەهێزتر دەکات.

5. **باوەڕپێکراوی و واقیعیبوونی شایەتییە پێشکەشکراوەکان :-**

خستنەڕووی شایەتی قوربانیانی خراپ بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی باوەڕپێکراوییەکی بەرزی بە گفتوگۆکە بەخشی و دیدارەکەی نزیکتر کردەوە لە واقیعی ئازارەکانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان، ئەمەش هێزی خستنەڕووەکە زیاد دەکات و ڕەنگدانەوەی بایەخدانی ڕێکخراوەکەیە بە پرسەکانی تاکەکان.

6. **پشتگیریی قسەکەرانی پسپۆڕ :-**

بەشداریی کەسایەتییە پسپۆڕ و خاوەن ئەزموونەکان وەك د. عەبدولفەتاح و د. یاد ڕەهەندێکی زانستی و ڕەخنەییان بە دیدارەکە بەخشی، ئەمەش یارمەتیدەر بوو لە شیکردنەوەی کێشە خستراوەڕووەکان و دەرخستنی گرنگی دیدارەکە لە پێشکەشکردنی چارەسەری بەرجەستە.

7. **کاردانەوەی ئامادەبووان و بەشدارییەکانیان :-**

ئامادەبووان کاردانەوەیان هەبوو و بە بۆچوونەکانیان بەشدارییان کرد، ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنی ڕێکخراوەکەیە لە دروستکردنی ژینگەیەك کە هانی گفتوگۆی جدی و ڕاشکاوانە بدات دەربارەی بابەتە خستراوەڕووەکان.

**نیشانەکانی سەرکەوتن :-**

1. **ئامادەبوونی بەرفراوان و هەمەجۆر :-**

بەشداری (34) لە لایەنە پەیوەندیدارەکان و (28) ڕۆژنامەنووس لە (20) دەزگای میدیایی نیشانەی بایەخی بەرفراوانی دیدارەکەیە لەلایەن لایەنە جیاوازەکانەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی سەرکەوتنی ڕێکخراوەکەیە لە ڕاکێشانی سەرنجی لایەنە پەیوەندیدار و بایەخدارەکان بە بابەتەکە.

2. **ڕووماڵی میدیایی بەرفراوان :-**

ئامادەبوونی (20) دەزگای میدیایی ڕەنگدانەوەی بایەخی میدیاکانە بە بابەتەکە و گرنگییەکەی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی دیدارەکە لە گەیشتن بە جەماوەرێکی فراوانتر.

3. **بەشداریی پسپۆڕان و پێشکەشکردنی بۆچوونی گرنگ لەلایەن ئەوانەوە :-**

بەشداریی پسپۆڕانی وەك د. عەبدولفەتاح و د. یاد وەك تەوەری سەرەکی و پێشکەشکردنی بۆچوونی وردیان دەربارەی کێشەکان و چارەسەرە پێشنیازکراوەکان، پشتگیرییەکی ئەکادیمی و پیشەیی بۆ دیدارەکە پێکدەهێنێت و باوەڕپێکراوییەکەی بەهێزتر دەکات.

4. **کاردانەوەی ئامادەبووان و چالاکییان لە ماوەی دیدارەکەدا :-**

بەشداریکردنی هەموو ئامادەبووان بە بۆچوونەکانیان و دروستکردنی گفتوگۆیەکی زیندوو و جدی دەربارەی بابەتەکە ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی دیدارەکە لە هاندانی گفتوگۆی کراوە و کاریگەر.

5. **شایەتیی قوربانیانی دیاردەکە:-**

بەشداریی قوربانیان وەك شایەتحاڵ باوەڕپێکراوی و واقیعییەتی بە دیدارەکە بەخشی، ئەمەش وایکرد جەماوەر زیاتر پەیوەست بێت بە بابەتەکەوە و یارمەتیدەرە لە بەدەستهێنانی کاریگەرییەکی گەورەتر لە ڕێگەی تیشك خستنە سەر ئازارە ڕاستەقینەکان.

6. **بایەخدان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان :-**

بڵاوکردنەوەی بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانی زۆرێك لە بەشداربووان بۆ چالاکییەکە لەسەر هەژمارە تایبەتییەکانیان ڕەنگدانەوەی کاریگەری دیدارەکەیە لەسەر ئامادەبووان و یارمەتیدەرە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی بابەتەکە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە.

7. **پابەندبوونی بەشداربووان بە کارکردن لەسەر چارەسەرەکان :-**

ڕاگەیاندنی ئامادەیی د. عەبدولفەتاح بۆ کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکە تا دۆزینەوەی چارەسەری کۆتایی، ئاماژەیە بۆ پشتیوانی پسپۆڕان و خاوەن ئەزموونەکان بۆ کارکردن لەسەر کێشەکە، ئەمەش هەلی بەدەستهێنانی کاریگەرییەکی ڕاستەقینە لەسەر کەرتی تەندروستی زیاد دەکات.

8. **بایەخی میدیایی سەرەڕای هاوکاتبوون لەگەڵ ڕووداوە گەورەکان :-**

سەرەڕای بەڕێوەچوونی ڕووداوی گرنگ وەك ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و چەندین چالاکی گەورە لە هەمان ڕۆژدا، دیدارەکە سەرنجی میدیاکانی ڕاکێشا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی سەرکەوتنیەتی لە دەرخستنی گرنگییەکەی بە بەراورد لەگەڵ ڕووداوەکانی دیکە.

9. **ڕاسپاردەکان:-**

دەرچوون بە ڕاسپاردەی دیاریکراو لەلایەن قسەکەرانەوە و ەك جیاکردنەوەی بەرژەوەندییەکان لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەت، نیشانەی ئەوەیە کە دیدارەکە یارمەتیدەر بووە لە دانانی بناغەیەکی ڕوون بۆ چارەسەری کرداری کە شایەنی جێبەجێکردن بن.

**دەرئەنجامەکانی دیدارەکە :-**

1. **بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری بە مافەکانی نەخۆش :-**

هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، بەتایبەتی نەخۆشان و کارمەندانی کەرتی تەندروستی، دەربارەی مافەکانیان و ڕێکارە یاساییە بەردەستەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی حاڵەتەکانی ڕەوانەکردنی زۆرەملێ لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت.

2. **دەستپێکردنی دەستپێشخەرییەك بۆ چاکسازی لە سیاسەتەکانی تەندروستی :-**

پەرەپێدانی ڕاسپاردە بۆ هەموارکردنی سیاسەتەکانی تەندروستی، بە شێوەیەك کە پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکان و ڕێکارە یاساییەکان لەخۆبگرێت بۆ سەپاندنی کۆتوبەند لەسەر حاڵەتەکانی ڕەوانەکردنی نایاسایی و پتەوکردنی پاراستنی یاسایی بۆ مافەکانی نەخۆش.

3. **پێکهێنانی لیژنەیەکی هەماهەنگی کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەخۆبگرێت:-**

دامەزراندنی لیژنەیەك كە نوێنەرانی حكومەتی خۆجێی، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەندیكاكانی تەندروستی لەخۆبگرێت، بە ئامانجی یەكخستنی هەوڵەكان و چارەسەركردنی پرسەكە لە ڕوانگەیەكی گشتگیرەوە.

4. **پتەوكردنی چاودێری پەرلەمانی لەسەر كەرتی تەندروستی:-**

كاراكردنی ڕۆڵی ئەندامانی پەرلەمان بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ئاستی كاركردنی تەندروستی لە دامەزراوە حكومی و تایبەتەكاندا و پێشكەشكردنی ڕاپۆرتی خولیی كە پابەندبوون بە سیاسەتە چاكسازییەكان مسۆگەر بكات.

5. **باشتركردنی كوالێتی خزمەتگوزارییە تەندروستییەكان لە كەرتی گشتیدا:-**

دانانی پلان بۆ باشتركردنی كارایی خزمەتگوزارییە تەندروستییە گشتییەكان، بە شێوەیەك كە یارمەتیدەر بێت لە كەمكردنەوەی فشار لەسەر كەرتی تایبەت و ڕەوانەكردنی زۆرەملێ سنووردار بكات و بەمەش خزمەتگوزاری كوالێتی بەرز پێشكەش بە نەخۆشان بكرێت.

6. **پشتگیریكردنی بەشداریی كاریگەری نەخۆشان و چالاكوانان لە دارشتنی سیاسەتەكانی تەندروستیدا :-**

هاندانی نەخۆشان و چالاكوانان بۆ بەشداریكردن لە دیدارەكانی گفتوگۆ و دارشتنی بڕیارەكان، ئەمەش شەفافیەت و لێپرسینەوە بەهێزتر دەكات و بڕیارەكان زیاتر پەیوەست دەكات بە پێداویستییەكانی كۆمەڵگەوە.

**ڕاسپاردەكان :-**

1. **كاراكردنی میكانیزمێك بۆ سكاڵا و بەدواداچوونی یاسایی:-**

دروستكردنی میكانیزمێكی فەرمی بۆ وەرگرتنی سكاڵای نەخۆشان دەربارەی حاڵەتەكانی ڕەوانەكردنی زۆرەملێ و ئاسانكردنی ڕێكارە یاساییەكان بۆ زیانلێكەوتووان.

2. **ئەنجامدانی هەموارکردنەوەی یاسایی کە ڕەوانەکردنی زۆرەملێی نەخۆش سنووردار بکات:-**
پێشنیازکردنی هەموارکردنەوە لەسەر یاساکانی خۆجێی بۆ سنووردارکردنی دیاردەی ڕەوانەکردنی زۆرەملێ و سەپاندنی سزا بەسەر ئەو دامەزراوانەی کە ئەم یاسایانە پێشێل دەکەن. (جێگیرکردنی لە پڕۆژەیاسای وەزارەتی تەندروستی کە بڕیارە لە مانگەکانی داهاتوودا لە پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر بکرێت)

3. **پتەوکردنی چاودێری و بەدواداچوون لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تەندروستییەوە :-**
کاراکردنی ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نوێیەکان و مسۆگەرکردنی پابەندبوونی دامەزراوە تەندروستییەکان بە ڕێکارە یاساییەکان.

4. **پێشکەشکردنی بەرنامەی هۆشیارکردنەوە بۆ جەماوەر دەربارەی مافەکانی نەخۆش :-**
جێبەجێکردنی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە کە ئامانجیان جەماوەر بێت بۆ زیادکردنی هۆشیاری دەربارەی گرنگی داواکردنی مافەکان و پابەندبوون بە ڕێڕەوی یاسایی لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هەر ڕەوانەکردنێکی زۆرەملێ.

5. **ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ساڵانە دەربارەی کوالێتی خزمەتگوزارییە تەندروستییە گشتی و تایبەتەکان:-**
دەرکردنی ڕاپۆرتێکی ساڵانە کە ئاستی کارکردنی دامەزراوە تەندروستییەکان بخاتەڕوو، ئەمەش دیدگایەکی ڕوون بۆ باشترکردنی ئاستی کارکردن دابین دەکات و شەفافیەتی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان بەهێزتر دەکات.

6. **هاندانی هاریکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی:-**

هاریکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ڕێکخستنی وۆرکشۆپ و بازنەی گفتوگۆ کە تیشك بخەنە سەر ئەم کێشەیە و یارمەتیدەر بن لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان دەربارەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانیان بۆ مسۆگەرکردنی پابەندبوون بە پێوەرە تەندروستی و ئەخلاقییەکان.

**ڕووماڵی میدیایی:**

سەرەڕای هاوکاتبوونی دیدارەکە لەگەڵ ڕووداوی گرنگ وەك ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان و دیداری ساڵانەی مێری لە هەولێر، کە ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی باڵا ئامادەی

بوون، بەڵام دیدارەکە بایەخی میدیاکانی بەدەستهێنا. (20) دەزگای میدیایی ئامادەبوون بۆ ڕووماڵکردنی دیدارەکە.

**دەزگا میدیاییەکان کە ئامادەی دیدارەکە بوون:**

1. کەناڵی کوردسات نیوز
2. ڕۆژنامەی هاووڵاتی
3. کەناڵی نها نیوز (دیدارەکەی ڕاستەوخۆ گواستەوە)
4. دەزگای شار پرێس
5. کەناڵی NRT دیدارەکەی ڕاستەوخۆ گواستەوە)
6. کەناڵی زووم
7. کەناڵ 8
8. کەناڵی جەماوەر
9. دەزگای هەریم نیوز
10. دەزگای خەندان
11. دەزگای ویستگە نیوز
12. کەناڵی سپێدە
13. دەزگای ڕۆژ
14. دەزگای خەڵك میدیا
15. دەزگای سبەی
16. کەناڵی پەیام
17. دەزگایSNN
18. دەزگای ئەبورا
19. کەناڵی ئاڤا میدیا
20. کەناڵیKNN

**ئەو کەناڵانەی زیاتر لە اپۆرتێکیان دەربارەی دیدارەکە ئامادە کردووە:**

- کەناڵ 8
- دەزگای خەندان

- دەزگای سبەی
- کەناڵی کوردسات نیوز

**دیداری دووەم/ پرسی گرفتەکانی دەرمان لەنەخۆشخانە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان**

به بەشداریی (35) کەس لە لایەنە پەیوەندیدارەکان، ڕێکخراوی ئاران دیدارێکی گفتوگۆیی بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بەڕێوەبرد. لە دیدارەکەدا گفتوگۆ کرا لەسەر کێشەی دەرمان لە نەخۆشخانە حکومییەکان و هەرێمی کوردستان بەگشتی.

**ڕێکەوتی دیدار :**شەممە 2025-12-07

**ماوەی دیدار :**چوار کاتژمێر ( 2:30-10:30)

**لایەنە پەیوەندیدارەکان :-**

**قسەکەرە سەرەکییەکان :-**

- د. ئومێد عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان
- د. مازن فریا فەرەج، بەرپرسی کۆگاکانی دەرمان لە پارێزگای سلێمانی
- د. حەیدەر عەدنان کەریم، بەرپرسی سیستمی دابەشکردنی دەرمان لە کۆگاکانی دەرمان لە پارێزگای سلێمانی
- د. هیوا عەباس، نوێنەری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان
- د. یاد حەمید، پزیشکی دەرمانساز – چالاکوانی تەندروستی
- د. توانا محەمەد نەجم، پزیشکی دەرمانساز – چالاکوانی تەندروستی
- توێژەر ئاسۆ ئەمین، شارەزای کارگێڕی تەندروستی.

**نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی:(WHO)**

- دکتۆر نەجمەدین حەسەن، بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە سلێمانی.

**شایەتحاڵەکان (قوربانیانی دەستێوەردان لە کەرتی تەندروستیدا):**

**تەوەرەکانی گفتوگۆ :-**

**خستنەڕووی داتاکانی ڕێکخراوی ئاران :-** لە سەرەتای دیدارەکەدا، ڕێکخراوی ئاران داتاکانی خۆی دەربارەی کێشەکانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە نەخۆشخانە حکومییەکان خستەڕوو. داتاکانی ڕێکخراوی ئاران ئاماری وردی دەرمانی لەخۆگرتبوو و ەك: قەبارەی هاوردەکردنی دەرمان، دەستێوەردانی حیزبی لە کاروباری هاوردەکردنی دەرمان و قۆرخکاری لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانەوە، ڕێگەدان بە کەرتی تایبەت بە مامەڵەی بێسنوور بە بازرگانی دەرمانەوە بە پێچەوانەی یاسا، بوونی کێبڕکێی نائاسایی بۆ بەدەستهێنانی هەندێك مۆڵەتی حکومی بۆ هاوردەکردنی دەرمان بە پێچەوانەی یاسا، دابیننەکردنی دەرمان لە نەخۆشخانە حکومییەکان، ڕێژەی ئەو هاووڵاتیانەی ناچار دەبن ڕوو لە کەرتی تایبەت بکەن بۆ کڕینی دەرمان بەهۆی دابیننەکردنی دەرمان لە نەخۆشخانەکانی کەرتی حکومی، ڕێژەی ئەو دەرمانەی لەلایەن هاووڵاتیانەوە لە کەرتی تایبەت دەکڕدرێت و مەترسییەکانی گۆڕین و ئاڵوگۆڕکردنی هەندێك جۆری دەرمانی چارەسەری بۆ ماددە هۆشبەرەکان. دوای ئەم خستنەڕووەوە، لەلایەن ئامادەبووانەوە گفتوگۆی لەسەر کرا.

**بابەتە پێشکەشکراوەکان لەلایەن قسەکەرە سەرەکییەکانەوە :-**

- **د. ئومێد عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان – پزیشکی پسپۆڕ – بەڕێوەبەری پێشووی نەخۆشخانەی شاری فێرکاری :- ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە چاکسازییەکانی کەرتی تەندروستیدا – هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی ئاران:-**
  دکتۆر ئومێد عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، باسی لە ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان کرد لە چاکسازییەکانی کەرتی تەندروستیدا و بەشداریکردنی وەك لایەنی چاودێر لە بەڕێوەبردنی کەرتەکەدا.
- **د. مازن فریا فەرەج، بەرپرسی کۆگاکانی دەرمان :- توانای حکومەت بۆ دابینکردنی دەرمان و سیاسەتەکانی دابینکردن :-**
- دکتۆر مازن فریا فەرەج، بە وردی باسی لە توانای حکومەت کرد لە دابینکردنی دەرمان لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا.
- **د. حەیدەر عەدنان کەریم، بەرپرسی سیستمی دابەشکردنی دەرمان لە کۆگاکانی دەرمان :-**
  باسی لەو سیستەمە کرد کە حکومەت پەیڕەوی دەکات بۆ دابەشکردنی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان بەسەر پارێزگا و نەخۆشخانە حکومییەکاندا، بە وردی.

- **د. هیوا عەباس، نوێنەری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان:** باسی لە ڕۆڵی سەندیکا کرد لە چاودێریکردنی نرخی دەرمان و هاوکارییان لەگەڵ لایەنە جێبەجێکارەکان بەمەبەستی سزادانی سەرپێچیکاران و ئەوانەی بڕیارەکانی حکومەت پێشێل دەکەن.
- **د. یاد حەمید، پزیشکی دەرمانساز – چالاکوان و ڕەخنەگری تەندروستی :-** ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی حکومەت گرت لە بابەتی دەرمان و دابەشکردن و هاوردەکردنیدا و پێدانی بە کەرتی تایبەت و بوونی دەستێوەردانی حیزبی تێیدا، بەتایبەتی قۆرخکاریی کۆمپانیا حیزبییەکان.
- **د. توانا محەمەد نەجم، پزیشکی دەرمانساز، چالاکوان و ڕەخنەگری تەندروستی :-** باسی لە شکستخواردنی حکومەت کرد لە سیاسەتی دابینکردنی دەرمانی پێویست بۆ کەرتی گشتی و دەرچوونی چەندین بڕیار لە بەرژەوەندی کەرتی تایبەت بەهۆی بوونی بەرژەوەندی بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ کەرتی تایبەتدا.

- **توێژەر ئاسۆ ئەمین :-**

باسی لە مەترسی گۆڕین و ئاڵوگۆڕکردنی ژمارەیەك دەرمانی چارەسەری بۆ ماددە هۆشبەرەکان و بڵاوبوونەوەیان لە هەرێمی کوردستان کرد. لەسەر بنەمای زانیارییەکانی ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەییەکەی ڕێکخراوی ئاران توێژینەوەیەکی ئامادە کردبوو و لە دیدارەکەدا پێشکەشی کرد و بە وردی تیشکی خستە سەر ئەم مەترسییە.

**بەشداریی بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی:-**

- بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە سلێمانی، دکتۆر نەجمەدین حەسەن، بە تێبینییەکی گرنگ لە دیدارەکەدا بەشداری کرد دەربارەی ڕۆڵی ڕێکخراوەکە لە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی وەزارەتی تەندروستی بۆ چاکسازی تەندروستی لە کەرتەکەدا و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەتایبەتی باسی لە لێکتێگەیشتن کرد لەنێوان نووسینگەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە هەولێر و سلێمانی لەگەڵ ڕێکخراوی ئاران بۆ کارکردنی پێکەوەیی بەمەبەستی چاکسازی لە کەرتی تەندروستیدا و دانانی ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی باش بۆ کەرتەکە.

**بەشداریی شایەتحاڵەکان :-**

سێ شایەتحاڵەکە بە تێبینی و شایەتییەکانیان بەشدارییان کرد و باسیان لە ئازارەکانیان کرد وەك قوربانیانی دەستێوەردان لە کەرتی تەندروستیدا و شکستخواردنی سیاسەتی حکومەت لە بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستیدا.

**دەربارەی ئامادەبووان :-**

دوای شەش قسەکەرە سەرەکییەکە، (28) کەس لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەم شێوەیەی خوارەوە بەشدارییان کرد :-

- چالاکوانانی کەرتی تەندروستی: 9
- هاووڵاتیان: 7
- چالاکوانانی مەدەنی: 9
- شارەزایانی کارگێڕی کەرتی تەندروستی: 3

**دەرئەنجامەکانی دیدارەکە :-**

چەندین ڕاسپاردەی گرنگ لە دیدارەکەوە دەرچوون بەم شێوەیەی خوارەوە :-

- **ڕاسپاردە تایبەت بە پەرلەمانی کوردستان :-** دوو ڕاسپاردەی گرنگ دەرچوون تاکو ڕێکخراوی ئاران کاریان لەسەر بکات بە هاوکاری لەگەڵ پەرلەمانتار د. ئومێد عەلی و ئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی ئاران.

1. کارکردن بۆ دەرکردنی یاسای دەستەی نیشتمانی بۆ دەرمان (هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا دامەزراوەی نیشتمانی بۆ دەرمانی نییە).
2. کارکردن بۆ دەرکردنی یاسای پڕۆتۆکۆڵی زانستی بۆ دەرمان.

- **ڕاسپاردە بۆ حکومەت :-**

1. زیادکردنی تەرخانکراوی حکومی بۆ دەرمان.
2. پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی دەرمان لەنێوان حکومەت و کەرتی تایبەتدا، کەمکردنەوە و سنووردارکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە مامەڵەکردن بە دەرمانەوە.
3. زیادکردنی سەردان و چاودێریکردنی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و دەرمانخانە ئەهلییەکان.

4. یەکخستنی نرخی دەرمان.

**هەنگاوەکانی داهاتوو :-**

**ڕێکخراوی ئاران بە جددییەکی زۆرەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کار لەسەر ڕاسپاردەکانی دیدارەکە دەکات :-**

**کارکردن لەگەڵ پەرلەمان :-**

**بەپێی پلان ڕێکخراوی ئاران لەگەڵ پەرلەمان، بەتایبەتی لیژنەی تەندروستی، کاردەکات بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی دیدارەکە. پەرلەمانتار د. ئومێد عەلی ئامادەیی تەواوی خۆی دەربڕی بۆ کارکردن و هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوی ئاران بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانەی ئاراستەی پەرلەمان کراون.**

**کارکردن لەگەڵ حکومەت :-**

**بەمەبەستی هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی دیدارەکە و کارکردن لەسەریان، ڕێکخراوی ئاران زنجیرەیەك کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی کەرتی تەندروستی، بە وەزیری تەندروستیشەوە، ئەنجام دەدات و لە نزیکترین کاتدا چەند سەردانێك بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی ئەنجام دەدات (سەردان و کۆبوونەوەکان بۆ و لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی لە مانگی کانوونی یەکەمی 2024 و کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری تەندروستی لە مانگی کانوونی دووەمی 2025 دەبێت).**

**ڕووماڵی میدیایی :-**

**نۆ کەناڵی میدیایی ئامادەی دیدارەکە بوون، لەنێویاندا سێ کەناڵی میدیایی گەورە (کەناڵیNRT ، کەناڵی ڕووداو و کەناڵی هەشت8 Channel ) .دیدارەکە لەلایەن هەر سێ کەناڵەکەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ گواسترایەوە.**

**بەرنامەی تایبەت دەربارەی دیدارەکە :-** **کەناڵی هەشت (Channel 8) بەرنامەیەکی تایبەتی بە دیدارەکە تۆمار کردووپەخشکرا.**

**ئەو کەناڵانەی ئامادەی دیدارەکە بوون :-**

- کەناڵی ڕووداو
- کەناڵیBMC
- کەناڵیNRT
- کەناڵی کوردسات نیوز
- کەناڵی هەشت(Channel 8)
- کەناڵی زووم نیوز
- دەزگای 964ی میدیایی
- دەزگای هەریم نیوز
- کەناڵی پەیامی ئاسمانی

**ڕاسپاردەکانی راپۆرت:-**

**لەسەر بنەمای ئەو داتا و زانیاری و شیکارییە بنکۆڵکارییانەی لەم ڕاپۆرتەدا خراونەتەڕوو وە لە پێناو پاراستنی تەندروستی گشتی و چاککردنی سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوی ئاران ئەم ڕاسپاردانە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات:**

**یەکەم:- ڕاسپاردەکان لە بواری دەرمان و کوالێتییەکەی**

1. **بۆ پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران:-**

- کارکردن بۆ دەرکردنی یاسای دەستەی نیشتمانی بۆ دەرمان، کە دەستەیەکی سەربەخۆ و پیشەیی بێت بۆ ڕێکخستنی تەواوی پرۆسەی هاوردەکردن، تۆمارکردن، دانانی نرخ و چاودێری کردنی کوالێتی دەرمان لە هەرێمی کوردستان، دوور لە دەستێوەردانی حیزبی.
- پێداچوونەوە بە یاساکانی پەیوەست بە هاوردەکردنی دەرمان و سزادانی توندی ئەو بازرگان و کۆمپانیایانەی دەرمانی ساختە و کوالێتی نزم هاوردە دەکەن.

2. **بۆ وەزارەتی تەندروستی و دەزگای کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان(KMCA) :-**

- تونـدکردنی ڕێکارەکانی پشکنین لە خاڵە سنوورییەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ دڵنیابوون لە وڵاتی بەرهەمهێنەری ڕاستەقینەی دەرمان.
- دروستکردنی لیستی ڕەش بۆ ئەو کۆمپانیا و وڵاتانەی کە سەرچاوەی دەرمانی ساختەن و ڕێگری کردن لە هاوردەکردن لێیانەوە.
- دەستپێکردنی هەڵمەتێکی هۆشیاری نیشتمانی بۆ هاووڵاتیان دەربارەی مەترسییەکانی دەرمانی بێ کوالێتی و شێوازی ناسینەوەیان.

3. **بۆ داواکاری گشتی و دەستەی دەستپاکی:-**

- کردنەوەی لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر ئەو کۆمپانیا و کەسایەتییە حیزبیانەی کە بازاڕی دەرمانیان قۆرخ کردووە و بوونەتە هۆی هێنانی دەرمانی کوالێتی نزم بۆ هەرێمی کوردستان.

**دووەم: ڕاسپاردەکان لە بواری ڕێکخستنەوەی کەرتی گشتی**

1. **بۆ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پلاندانان:-**

- پێداچوونەوە بە شێوازی دابەشکردنی پرۆژە و بودجەی تەندروستی و دڵنیابوون لە دابەشکردنێکی دادپەروەرانە لەسەر بنەمای پێداویستی و ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکان، نەك لەسەر بنەمای سیاسی و حیزبی.
- زیادکردنی بودجەی تایبەت بە دابینکردنی دەرمانی پێویست لە نەخۆشخانە گشتییەکان بۆ ئەوەی ڕێژەی دابینکردنی دەرمان لە 4٪ـەوە بۆ لانیکەم 50٪ بەرز بکرێتەوە و بارگرانی لەسەر شانی هاووڵاتیان کەم بکرێتەوە.

- تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ چاککردنەوەی ئەو ئامێرە پزیشکیانەی لەکارکەوتوون، کە ڕێژەیان دەگاتە 20٪ ی کۆی ئامێرەکان.

2. **بۆ ئەنجومەنی وەزیران:-**

- کردنەوەی دەرگای دامەزراندن لە کەرتی تەندروستی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە گەورەیەی لە میلاکی پزیشك و کارمەندانی تەندروستیدا هەیە.

**سێیەم: ڕاسپاردەکان لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و دەستێوەردانی حیزبی**

1. **بۆ پەرلەمانی کوردستان:-**

- هەموارکردنەوەی یاسای وەزارەتی تەندروستی و یاساکانی دیکەی پەیوەندیدار بەشێوەیەك کە دەستێوەردانی حیزبی لە کەرتی تەندروستی و بەتایبەت لە گرێبەستە گشتییەکان و پرۆسەی دامەزراندندا بە تاوان هەژمار بکات.

2. **بۆ وەزارەتی تەندروستی:-**

- هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ژمارە (8)ی ساڵی 2024 تایبەت بە پێدانی تاقیگە گشتییەکان بە کەرتی تایبەت، بەهۆی ناڕوونی و پێشێلکردنی یاسا بەرکارەکان و بنەما دەستوورییەکان، هەر گرێبەستێکی لەم شێوەیە دەبێت لە ڕێگەی بانگەوازی کراوە و کێبڕکێی شەفافەوە بێت

3. **بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت:-**

- پشتیوانیکردن لە سەربەخۆیی دامەزراوەکانی چاودێری وەك دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی بۆ لێپرسینەوە لەو بەرپرسانەی کە پۆستەکانیان بۆ بەرژەوەندیی تایبەت و حیزبی لە کەرتی تەندروستیدا بەکاردەهێنن.

**چوارەم: ڕاسپاردەکان لە بواری ڕێکخستنی کەرتی تایبەت و سیمی-پرایڤێت**

1. **بۆ وەزارەتی تەندروستی:-**

- ڕاگرتنی سیستەمی سیمی-پرایڤێت (نیمچە تایبەت) لە شێوەی ئێستایدا، کە بووەتە هۆی پشتگوێخستنی خزمەتگوزارییە خۆڕاییەکان لەبری ئەوە، کارکردن بۆ جێبەجێکردنی سیستەمێکی بیمەی تەندروستیی نیشتمانی کە دادپەروەری بۆ هەمووان دابین بکات.
- تا جێبەجێکردنی بیمەی تەندروستی، پێویستە چاودێرییەکی توند بکرێت کە خزمەتگوزاریی نیمچە تایبەت تەنها دوای کاتژمێر 2ی پاشنیوەڕۆ و دوای تەواوکردنی پشکی خزمەتی خۆڕایی ئەنجام بدرێت.
- پابەندکردنی نەخۆشخانە تایبەتەکان بە ستانداردە جیهانییەکان لەڕووی دیزاینی بینا، سیستەمی ئاوەڕۆ و لەناوبردنی پاشماوە پزیشکییەکان، مۆڵەت نەدرێت بەو نەخۆشخانانەی کە ئەم مەرجانە جێبەجێ ناکەن.

**2. بۆ لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و وەزارەتی ناوخۆ:-**

- چاودێری وردی ئەو دەرمانخانە و نۆرینگانەی کە گومانیان لێدەکرێت هەندێك جۆر دەرمانی چارەسەری وەك ماددەی هۆشبەر بەکاربهێنن و بیانفرۆشن.

**پێنجەم:- ڕاسپاردەکان لە بواری سەنتەرەکانی جوانکاری و مەترسییەکان**

**1. بۆ وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی:-**

- بەردەوامبوون و توندکردنی ئەو ڕێکارانەی کە دوای ڕاپۆرتی پێشووی ڕێکخراوی ئاران گیرانەبەر، بەتایبەت دڵنیابوون لەوەی کە تەنها پزیشکی پسپۆڕی جوانکاری و پێست کە مۆڵەتیان هەیە، کار لەو سەنتەرانەدا بکەن.
- ڕێگری کردن لە کارکردنی هەر ستافێکی بیانی کە بڕوانامەکەی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و تەندروستییەوە پەسەند نەکرابێت.
- پشکنینی بەردەوامی ئەو ماددانەی (وەك فیلەر و بۆتۆکس) لە سەنتەرەکاندا بەکاردەهێنرێن بۆ دڵنیابوون لە کوالێتی و ڕەسەنایەتیان.

**شەشەم:- ڕاسپاردەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە تایبەتەکان**

**1. بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و ئەنجومەنی وەزیران:-**

- کارکردن بە پێشنیازی ڕێکخراوی ئاران سەبارەت بە دەزگای تەندروستیی پێشمەرگە؛ لەبری هەڵوەشاندنەوەی، دەزگایەکی هاوشێوە لە سنووری یەکەی 80 دابمەزرێنرێت و هەردووکیان بخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە وەك دەزگایەکی نیشتمانیی دوور لە کاری حیزبی.
- لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی نەخۆشخانە هاوکارییەکانی ئەڵمانیا و لێپرسینەوە لە کەمتەرخەمەکان بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی نێودەوڵەتی.

2. **بۆ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی تەندروستی:-**

- دانانی پلانێکی هاوبەش و توند بۆ چاودێریکردنی یانە شەوانەکان و شوێنە گوماناوییەکان بۆ ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئایدز و نەخۆشییە گوازراوەکانی تر. پشکنینەکان بکرێن بە شێوەیەکی خولیی کورتماوە (مانگانە)، نەك شەش مانگ جارێك یان ساڵانە.

ستافی ئامادەکار

**بەڕێوەبەری پرۆژە**

هەژار وهاب عوسمان

**بەرپرسی پەیوەندیوهەماهەنگی**

ئاسۆ محمد مستەفا

**بەرپرسی دارایی**

نیزام نازم عبدل

**تیمی ئامادەکار**

بەختیار رحیم محمد ، سەرۆکی تیم

ئەژین کامەران ئەبوبەکر، ئەندامی تیم

یوسف عاصی علی، ئەندامی تیم

بۆردی تەندروستی:-

د. توانا محمد تاڵەبانی، سەرۆکی بۆرد – بەرپرسی بەراورکردنی سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان بە ستاندارده نێودەوڵەتیەکان و بنەماکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی.

رێواس عەبدوڵا، شارەزای تەندروستی، ئەندامی بۆرد.

**دیزاینی راپۆرت**

شوان رحیم

www.aranngo.org aran-deve@aranngo.org